نووسینی:
د. محمد ئەبو فەرحە

تۆ دەتوانیت سەرکەوتوو بیت

7 نهێنی بۆ بەدەست هێنانی سەرکەوتن

وەرگێڕانی:
زامدار قادری

تۆ
دەتوانیت سەرکەوتوو بیت

ناوی کتێب: 7 نهێنی بۆ سەرکەوتن

ناوی نووسەر: د.موحەممەد ئەبو فەرحە

دیزاینی بەرگ و ناوەڕۆك : ایبراهیم سالح

نۆبەتی چاپ:یەکەم

چاپخانە: تاران

تیراژ: 1000 دانە

لە بەڕێوەبەرایەتی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارە سپاردنی 212 ی ساڵی 2019 ی پێدراوە

FÊRBÛN

فێربوون

مافی ئەم بەرهەمە پارێزراوە بۆ وەرگێر,
هیچ لایەن و کەسێک بێ ئاگاداری ئەو مافی دووبارە لە چاپدانەوەی نییە,
لە هەمان کات گۆڕینی بە شێوەی ئەلیکترۆنی و دەنگ و پی دی ئێف,
بە پێچەوانەوە تووشی سزای یاسایی دەبێت.

فێربوون بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە

له بڵاوكراوەكانی ناوەندی فێربوون

ژماره (76)

ناونیشان : هەولێر - بازاڕی كتێب فرۆشان - بەرامبەر دەرگای قەڵا

07504048285 - 066223135

KTEBXANAY FREBWN

مافی ئەم كتێبە پارێزراوە ، بەبێ ڕەزامەندی ناوەندی فێربوون
هیچ لایەنێک ڕێگە پێدراو نیە بۆ لەبەرگرتنەوەی ئەم كتێبە بە شێوازی
ئەلیكترۆنی ، كاغەزی ، وێنەیی ، دەنگی ، یان هەر شێوازێكی تری لەبەرگرتنەوە

بسم الله الرحمن الرحيم

ئەم وەرگێڕانە پێشکەشە بە:

*ڕۆحی پاکی جەنابی (شێخ عەزیز باشتەپەیی)

*مامۆستای یەکەمی ژیانم (م.سید عومەر قەرانچۆغانی)

*برای بەمانا برا (ئەیاد نادر)

دكتور موحەممەد ئەبو فەرحە

خاوەن ئەزموونێکی پەرەپێدراوە لە بوارەکانی پارە و کارەوە. قوتابییێکی نموونەیی و چالاك بوو لە قۆناغە جیاوازەکانی خوێندن لە ئەزهەری شەریف، بە کاری بازرگانی و بەژداری کردنی لە کۆمەڵە کارێك پەرەی بەو نموونەییەی خۆی دا، کە بۆ هەموو جیهان درێژ بۆتەوە. هەروەها پسپۆریی لەم بوارە وەرگرت، بە نووسینی نامەی ماستەر لە مامەڵە نێودەوڵەتییە بازرگانی و یاساییەکان و، پسپۆڕیی لە ئاکادیمیای عەرەبی بۆ زانست و تەکنەلۆجیا و گواستنەوەی دەریایی وەرگرت. پاشان دکتۆرا لە فەلسەفەی ئابووری و

سامانە مرۆییەکان و رۆڵی لە پەرەپێدانی مرۆیی لە زانکۆی وێست برۆك لە کەنەدا.ئێستا سەرۆکی جێبەجێکار و راوێژکاری چەند کۆمپانیایەکی عەرەبی و نێودەوڵەتییە، هەروەها ئەندامی ئەنجوومەنی بەڕێوبردنی کۆمەڵێك کۆمپانیایە کە بواری جیاواز لەخۆ دەگرن لە بنیاتنان و بازرگانی و خزمەتی راهێنان و راوێژکاری و پسپۆڕی. هەروەها ئەندامە لە زۆر کۆمەڵە و ناوەندی سەرمایەدارانی نێودەوڵەتی. **راهێنەر و شارەزایە لە پەرەپێدانی مرۆیی و،** پڕۆگرامی راهێنانی تایبەتی هەیە وەك: (ستراتیجیای بیرکردنەوەی بەهرەداری – شیفرەی سەرەکی – سەرکردایەتی کارا – مامەڵەکردنی کارا – راسپاردنی کار – هێزی بیرکردنەوەی مێشکی زێڕین – چەند نهێنیەك ئافرەتان نایزانن – فێربکە – نهێنی ملیۆنێر – بیرکردنەوەی سەرکەوتوو – خەونەکەت بەدەست بێنە... وهی تریش) ئەویش لە کەمینە پسپۆڕیەکانن لە (مێشکە زیرەکەکان – سەرکردایەتی کارا – پلاندانانی ستراتیجی).

هەروەها کۆمەلێك بڕوانامەی دبلۆمی بەدەست هێناوە لە بوارەکانی دەروونناسی و بازرگانی و فرۆشتن و کارە ستراتیجیەکان و پەرەپێدانی مرۆیی و سامانە مرۆییەکان.

هەروەها خاوەنی کۆمەڵێك پڕۆگرامی تەلەفزیۆنییە وەك:

(هەواڵت چیە، بەرەکەتی نیوە شەو، منداڵەکانت وەبەربهێنە، گفتوگۆی دڵەکان، دڵی خەڵکی، باوکانی کۆتایی چەرخ، کوڕی کوڕت، لەگەڵیان بە) لەکەناڵەکانی: الناس، الصحه والجمال، البرکه، الحافز، الخلیجیه، میوانێکی بەردەوامی زۆر پرۆگرامە وەك: بەیانیت خۆش بێت لە کەناڵی (السانیه)ی میسڕی، ڕۆژێکی خۆش لە (النایل لایف)، ومیوانی کۆمەڵێك لە پرۆگرامی کەناڵە تەلەفزیۆنیەکانە: الحیاه، المحور، دریم، الوربیت، ئیم بی سی، الفزائیە، والاولی والسانیه ی میسڕی، وئێستا پرۆگرامی (بە ئازادی) لە کەناڵی (الرحمه) ی ئاسمانی پێشکەش دەکات هەموو ڕۆژێکی پێنج شەممە کاتژمێر ١١ ی شەو.

هەروەها چەند نوسراوێکی هەیە، لەوان: خۆت ئاشبکەوە، حەوت نهێنی بۆ سەرکەوتن، بەڕاستی بژی، منداڵەکانت وەبەربهێنە، خانەوادەم وژیان، نامانەوێت تێبگەین، کوڕمە بەڵام ... وهی تریش.

هەروەها وانەبێژە لە پرۆگرامەکانی ماستەر ودکتۆرا لە کۆمەڵێك زانکۆی میسڕی و عەرەبی و، سیمیناری ڕۆشنبیری و بەژداری کۆمەلایەتی هەیە کە بە هەزاران ئامادەی دەبن لە شارە میسڕیەکان و پایتەختە عەرەبی وئاسیاییەکان.

هەروەها لەسەر دەستی کۆمەڵێك لە گەورە زانایان و

بیرمەنـدان ونووسـەرانی هاوچـەرخ راهێنـراوە، نموونـەی: (ئیبراهیم فەقیێ، تۆنی بۆزان، بـراین تریسـی، جـۆن گرێنـدەر، ستیڤن کـۆفی، کـارمن بوسـتێك، دەیـڤ ئۆرلـەیش، فرێـدرێك هێرن، جۆناسان ریدسترال، رام شاران، فیلیـپ کـۆتلر، لینـدا گریتون، بۆب نێلسۆن، ئاندرۆ گرانت، جاك فیتـز ئینـز، جـۆن رایکر، گاری دیسلەر، وجۆن دفلنـدەر وکۆسـتاس مارکیـدیس ورۆجەر مارتن ومایکـل بـۆرتر بـاوکی رۆحـی بـۆ سـتراتیجیای سەردەم).

پێشەکی

خوێنەری بەڕێز، ئەم پەرتووکەی کە ئێستا لەبەر دەستت دایە مامەڵە لەگەڵ بابەتێکی زۆر گرنگ دەکات، بابەتێکە تایبەت نییە بە بە تەنیا مرۆڤێك و،تاکێکی دیاریکراو و، تەنیا کۆمەڵێك، بەڵکو تایبەتە بە هەموو تاکەکانی کۆمەڵگا، چونکە لە راستیدا هونەری ژیان چارەسەر دەکات، بەڵێ هونەری سەرکەوتن چارەسەر ونمایش دەکات، هونەری بەدەستهێنانی ئاواتەکان، هونەری بەدەستهێنانی خود لەرێگای دۆزینەوەی توانا کەسییەکان و پەرەپێدان و باش بەکارهێنانیان، بە نموونەیترین وەبەرهێنان، وەبەریانبهێنین.

ئەمە ئەم پەرتووکەیە کە رێگا بۆ هەموو تاکێکی کۆمەڵگا دەکێشێت تا هیوا وئاواتەکانی بەڵکو خەون و ویستەکانی بکاتە راستەقینە، بەڵام ڕاستییەکی هەستپێکراو.

ئەمە ئەم پەرتووکەیە کە بە رێگا و شێوازەکەی خۆی، نهێنی نەفسی مرۆڤی و تواناکانی هەر تاکێك دەردەهێنێت و، بۆ خاوەنەکەی دەریدەخات تا بۆ ڕێگای سەرکەوتن بە باشی سوودی لێ وەربگرێت.

سەرکەوتن تەنها بە چەند تاکێك نەبەستراوەتەوە بە بێ

تاکەکانی تری کۆمەڵگای مرۆڤایەتی و، دەستی بەسەر کارێك نەگرتووە بە پشتگوێ خستنی سەرجەم کارەکانی دیکە و، ڕێگایەك نییە بە چەند نەزانراوێك، یان خەونێکی ئاگایار کە دوورە لە بەدەستهێنان، یان زۆر دوور بێت لە بەدەستهێنان.

سەرکەوتن چەند رێگایەکی هەیە لەسەر چەند رێسا و واتایەك بنیات دەنرێت کە لەسەر چەند بنچینە و بنەمایەك دەوەستێت، کە ئەنجامی تاقیکردنەوەی مرۆڤی سەرکەوتوون و، بەرهەمی گەڕان و لێکۆڵینەوەی مرۆڤی خاوەن دیقەتن.

سەرکەوتن بنیاتنراوە لەسەر چەند ڕێسایەك و، باوەڕێکی راستگۆیانە دەوەستێت، هەروەها متمانەی راستەقینەی خودی و، ئەو بڕیارەی کە نائومێدی وکۆڵدان نازانێت و، چارەسەرکردنی لایەنەکانی کەم وکورتی و، زاڵبوون بەسەر ئاستەنگەکان و تێپەڕبوون بەسەریاندا، نەك بە هەڵخەڵەتاندنی نەفس و هەڵاتن لە رووبەڕووبوونەوەی یان پشتگوێ خستنی، بەڵام بە رێگایەکی روون لەسەر بناغەی ئەزموون و تاقیکردنەوە و شێوازەکانی چارەسەرکردنی کارەکان دەوەستێت.

ئەم پەرتووکەیە کە نهێنیەکانی سەرکەوتن پێشکەش دەکات.

ئەم ئەم رێگا راستەیە لەسەر رێگای پەرەپێدانی مرۆیی.

خواش لە پشت مەبەستە.

د. تەلعەت أبو فرحە

راگری پێشووی کۆلێژی زمان ووەرگێڕان

زانکۆی ئەزهەر

"سامان بریتی نییە لە سامانی پارە..
بەڵکو سامان بریتیە لە سامانی پیاوەتی"
شیخ زاید کوڕی سولتان ئال نهیان

سامان

ئایا هیچ کەسێك هەیە سامانی خۆش نەوێت؟

ئایا هیچ کەسێك هەیە کە نەیەوێت سامانی هەبێت؟

ئایا ملیونێك سامانە؟

ئایا هیچ کەسێك هەیە کە سامان ڕەت بکاتەوە لەبەر ئەوەی کە کێشەی بۆ دروست کردووە، یاخود خراپەی هەبووە بۆی؟

ئایا مرۆڤەکان کوشتار دەکەن بۆ بەدەستهێنانی سامان؟

ئایا هیچ کەسێك هەیە کەوا نزیکترین کەسانی خۆی بکوژێت بۆ پاراستنی سامان؟

ئایا بەدەستهێنانی سامان ئاسانە؟

ئایا دەتوانرێت سامان بەدەستبهێنرێت؟

ئایا گەر سامانت بەدەست هێنا ئەوە بەختەوەریت بەدەست هێناوە؟

ئایا هیچ کەسێك هەیە کەوا سامانی بەدەستهێنابێت؟

ئایا سامان کێشە دروست دەکات؟

ئایا سامان خراپەی بۆ خاوەنەکەی هەیە؟

جا لەبەر ئەوە هیچ کەسێك هەیە کەوا سامان ڕەتبکاتەوە؟

چی لە بارەی ئەو پرسیایانەی دەربارەی سامانن؟

کۆمەڵە پرسیارێکی زۆرن کە لە بیر و هزری هەمووانە؟

بەلأم وەڵامی دیاریکراو نییە لەبارەیەوە؟ چونکە هەموو تاکێك پرسیارەکە دەخاتە ئاراوە و بە شێوازی خۆی

وەڵامدەداتەوە.

کەسێك دەیەوێت لە تاقیکردنەوەدا دەرچێت.

یەکێکی تر دەیەوێت ئەو بڕوانامەیە بەدەست بێنێت کە بۆی دەخوێنێت.

سێیەمیش دەیەوێت بروانامەی باڵا بەدەستبێنێت.

کچێك خەون بە هاوسەرگیری دەبینێت.

کوڕێك هاوسەرگیری دەوێت.

یەکێکی تر ئۆتۆمبێلێکی دەوێت.

پیرێك ئاواتخوازی تەندروستییەکی ساغە.

یەکێکی تر منداڵ و وەچەی دەوێت.

یاریزانێك ناوبانگی دەوێت.

ڕاهێنەرێك پاڵەوانیەتی دەوێت.

دایکێك خۆشبەختی منداڵەکانی دەوێت.

ئەوانە چەند ئاوات و خەونێکن خەڵکی هەوڵدەدەن بۆ بەدەستهێنانیان.

ئایا ئەوە سامانەکانیانە؟!

ئایا ئەمانە گرانبەهاترە لە سامانی پارە لای ئەوان؟

گەر وایە... سامان تەنها لە پارەدا نییە!

بە دڵنیایەوە هەر شتێك مرۆڤ هەوڵبدات بۆ بەدەستهێنانی ئەوە سامانە.

هەر شتێك کە مرۆڤ بەختەوەر بکات سامانە.

سەرکەوتن سامانە.

فێرکردن سامانە.

بڕوانامە سامانە.

هاوسەر سامانە.

منداڵ سامانە.

گەنجانەکان سامانن.

دایك و باوکەکان سامانن.

تەندروستی سامانە.

پاڵەوانیەتی سامانە.

نهێنی یەکەم

تەوەکول کردن لە سەر خودا

زانست سامانە.

پارە سامانە.

سامان تەنها بریتی نییە لەوەی مرۆڤ خاوەنی ملیۆنان بێت، بەڵکو ئامانجێکی هەبێت کە هەوڵبدات بۆ بەدەستهێنانی و، بیگاتێ. بۆ ئەوەی خودی خۆی بەدەست بێنێت و، بەختەوەر بێت بەوەیکە هەیەتی.

ئەمە سامانی ڕاستەقینەیە.

حەوت نهێنییەکە

ئازیزی دڵان (سەلامی خودای لەسەر بێت) دەفەرمووێت: (گەر ئێوە بە پشتیوانییەکی ڕاستەقینە پشت بەخودا ببەستن ئەوا وەك باڵندەکان ڕۆزی دەدرێن، بەیانیان بە سك بەتاڵی دەڕۆن و، ئێوارە بە تێری دەگەڕێنەوە)

(الترمزی:٢٣٤٤)

لە سەرەتایی هەر کارێک دەبینیت کەوا ئەو کەسانەی لە دەوروبەرتن دەڵێن: پشت بەخودا ببەستە.

کاتێک سواری ئۆتۆمبێلێک دەبیت، دەڵێی: پشتم بەخودا بەستووە.

کاتێک سواری فڕۆکەیێک دەبیت دەڵێی: پشتم بە خودا بەستووە.

کاتێک سواری پاسێک و، لە کاتی چوون بۆ هەر جێگایەک دەڵێی: پشتم بەخودا بەستووە.

لەوانەیە هەندێکتان هەر زوو بپرسن: ئایا ئەمە کتێبێکی ئایینیە؟!

پێیان دەڵێم: کتێبێکی ئاییني نییە، بەڵکو کتێبێکە لە هونەری ژیان. بەڵام دەبێت هەموو شتێك لە دەوروبەری خۆمان بزانین لە ژیانمان، پشت بەستن بە خودا شتێکی گرنگە کە لە ژیانی ڕۆژانەماندا بەکاری دێنین. دەبێت ئەو شتانە تێبگەین و بزانین کە دەیکەین.

من بەبێ هوودە نەهاتوومە دنیاوە، بەڵکو بە لای منەوە بۆ ئامانجێکی ڕوون هاتوومەتە دنیاوە وئەویش بریتیە لەوەی .. پەروەردگار دەفەرمووێت﴿ وما خلقت الجن والآنس إلا ليعبدون﴾(الزاريات:٥٦)

واتە: لەڕاستیدا من ئادەمیزاد و جنۆکەم تەنها بۆ پەرستنی

خۆم دروستکردووە.

هەروەکو پەروەردگار دەفەرموویت:﴿ وإذ قال ربك للملائكة إني جاعل في الأرض خليفة ﴾(البقرە:٣٠)

واتە: کاتێك خوای پەروەردگار بە فریشتەکانی گوت: من بڕیارم داوە زەوی ئاوەدان بکەمەوە و، کەسانێکی تێدا نیشتەجێ بکەم.

هەروەها پەروەردگار دەفەرموویت﴿ هو أنشأكم من الأرض واستعمركم فيها﴾(هود:٦١)

واتە: پەروەردگار بلاَوەی پێکردوون لەسەر زەویدا و، داوای لێکردوونکە هەولّبدەن بۆ ئاوەدانکردنەوەی.

جا پەروەردگار ئێمەی دروست کردووە بۆ پەرستش، هەروەك لە ئایاتەکەی سورەتی(الذاریات)دا ئامـاژەی پێکردووە، هەروەها دروستی کردوین بۆ ئەوەی ببینە جێنشین لەسەر زەوی دا هەروەك لە ئایاتەکەی سورەتی(البقرە)دا فەرمووی، هەروەها دروستی کردوین بۆ ئاوەدانکردنەوەی زەوی هەروەك لە ئایاتەکەی سورەتی(هود)دا فەرمووی. جا لێرەوە بۆمان دەردەکەویت کە ئاوەدانکردنەوەی زەوی بە کارکردن و هەولّدان جێنشینی مرۆڤ لە زەویدا دەهێنێتە دی. بەڕەچاوکردنی ڕەوشتە خوداییەکان و ڕێنماییەکانی لەو جێنشینییە، ئەو پەرستشە دێتە دی کە پەروەردگار لە

پێناوی ئەودا دروستی کردووین.

کەواتە ئامانجەکە بریتیە لە پەرستنی خودا ئەوەش ئەو بیر و باوەڕەیە کە ژیان و، بیر و، پلانەکانی خۆمی لەسەر بنیات دەنێم، سەرت نەسوڕمێت کە من ئەو قسانە دەکەم لە کاتێکتدا باسی نهێنیەکانی ملیۆنێر دەکەم، چونکە ملیۆنێر – هەروەك دەیبینم– پیاوێکی سەرکەوتووە، چونکە توانی هۆکاری هەموو شتێك بزانێت کە دەیکات.

ئەوەش یەکەمین هەنگاوەکانن بۆ سەرکەوتن کە هۆکاری هەموو شتێك بزانی کە دەیکەیت.

جا سەرکەوتوو دەزانێت کە پەروەردگار خولقێنەری هەموو گەردوونەکانە، هەر ئەویش هۆکارە بۆ بوونیان، ئەویش پێدەری ژیانە، ئەویش بەخشەری ژیانە، ئەویش تاقیکەرەوەیە بە شتکستخواردن، سەرکەوتوو لە هیچ کاتێکدا لەبیری ناچێتەوە کەوا خوا بۆ هۆکارێك دروستی کردووە، هەربۆیە.. باشی جێنشینی خودا لە زەویەکەیدا تاکە ڕێگایە بۆ سەرکەوتن.

پەرستنی خوا تاکە ڕێگایە بۆ بەدەستهێنانی سەروەت.

پەرستنی خوا تاکە ڕێگایە بۆ بەختەوەری.

پەرستش پەیوەستە بە باوەڕهێنان بە خودا و، باوەڕهێنان بە خودا پەیوەستە بە پشت بەستن بە ئەو، جا باوەڕدار

پشت بە خودا دەبەستێت لە هەر کارێکی کە بیکات لە ژیانیدا و، لە هەر بڕیارێکدا کە دەیدات و، لە هەموو بیرکردنەوەیەکی کە بیری لێدەکاتەوە.

پشت بەستن بە خودا بریتیە لە

متمانە کردن بە خودا و، باوەڕهێنان پێی و، باوەڕهێنان بەوەی کە خودا دروسکەری هۆکارەکانە. بەبێ باوەڕهێنان و پشت بەستنی تەواو لەسەر خودا ژیان بێ هودە دەبێت.

پەرستش پەیوەستە بە باوەڕهێنانەوە و، باوەڕهێنانیش پەیوەستە بە پشت بەستن بە خودا.

هەر لەسەر ئەوە، تەوەکول لەسەر خودا دوو بەشە.

بەشی یەکەم..

باوەڕهێنانی تەواو بە دروستکەری هۆکارەکان

ئاگاداربە.. ﴿الظانين بالله ظن السوء عليهم دائرة السوء﴾(الفتح-٦)

واتە: ئەوانەی گومانی خراپیان بە خودا برد، بێگومان ئەوانە خراپەیان بەسەردێت.

لەبەر ئەوە پێویستە سەیرێکی ئەو کەسانە بکەیت کە خاوەنی بە ملیۆنان بوون... لەبەرچی وازیان لە ژیانیان

هێنا؟!

لەبەرچی هەستیان بە خۆشبەختی نەکرد لەگەڵ ئەوەی بە ملیۆنانیان بەدەستهێنا، کە خۆیان و زۆرێك لە خەلکی ئاواتە خوازی بوون؟!

لەبەرچی کچەکەی ئۆناسیس خۆی کوشت ...کە یەکێك لە بەناوبانگترین دەوڵەمەندانی جیهان بوو؟!

لەبەرچی دالیدا خۆی کوشت؟!

لەبەرچی مارلین مونرو خۆی کوشت؟!

لەبەر چی زۆرێك لە دەوڵەمەند وناوداران خۆیان دەکوژن؟!

لەبەر ئەوەی سەرەڕای ئەوەی گەیشتنە سامانێکی گەورە – گەر وادابنێین کەوا پارە سامانە هەروەك ئەوە چارەسەری زۆرێك لە کێشەی خەڵکییە –، بەڵام ئەوان ئامانجەکانی ژیانیان بەدەست نەهێنا!!

بۆچی؟!

بۆچی دوای بەرزبوونەوە بۆ بەرزترین ئاستەکان (دەوڵەمەندان – فەرمانڕەوایان – پاشایان – ناوداران) کۆتاییەکەی خۆکوشتن دەبێت... بۆچی؟

چونکە باوەڕهێنان بە پەروەردگار لای ئەوان نییە!!

هەموویان وەڵامی ئەو پرسیارەیان داوەتەوە لەسەر پارچە کاغەزێك کە هیچ بەهاییێکی نییە و، هەرگیز هیچ شتێك نین...

وەڵامی هەموو ئەوە پرسیارانەیان داوەتەوە بە چەند وشەیێکی کەم شتی زۆری باس کرد لەوەی ئێستا قسەی لەبارەوە دەکەم...

ئەوان هیچ مانایەکیان بۆ ژیان نەدۆزیەوە پاش گەیشتن بە بەرزترین ئاستەکان تێیدا، ئەوەش وایان لێدەکات لە گرفتدابن؟!

پشتیوانی بە پەروەردگار و باوڕهێنان بەوەی کەوا ئەو هەیە بەردەوامیمان پێدەدات

تەوەکول لەسەر خوا هەستێکی بەهێزە، بەڵام پێویستی بە پشتڕاستکردنەوە هەیە، پشتڕاستکردنەوەش پەیوەستە بە گرتنەبەری هوکارەکان هەیە.

جا لێرەوە دێینە بەشی دووەم لە دوو بەشەکەی تەوەکول لەسەر خوا..

بەشی دووەم... گرتنەبەری هەموو هۆکارەکان

زۆرجاری وا هەیە کۆمەڵێك دەبینیت چاکەیان پێوە دیارە و، لە باوەڕدارە چاکەکارەکانیان دادەنێیت، پاشان دەبینیت شکستخواردوون لە ژیانیاندا!!

ئایا بەڕاستی ئەوانە لە بڕوادارانن؟!

ئایا بەڕاستی ئەوانە لە پشت بەستوانن بە پەروەردگار؟!

ئایا باوەڕهێنانە تەواوەکەیان بە دروستکەری هۆکارەکان

ڕێنیشاندەریانە بۆ گرتنەبەری هەموو هۆکارەکان؟!!

پێویستە هۆکارەکان بگرییەبەر بۆ بەردەوامبوونت لە ژیاندا.

گرتنەبەری هەموو هۆکارەکان تەوەکولێکی تەواوە بە پەروەردگار.

ئەویش پشتبەستنە بە پەروەردگار و، باوەڕهێنان بەوەی کە ئەو دروستکەری هۆکارەکانە.

جا بەپێی ئەوە یەکەم بنەما لە بنەماکانی سەرکەوتن و، یەکەم نهێنی لە نهێنییەکانی ملیونێر، باوەڕهێنانێکی تەواوە بە پەروەردگار و، گرتنەبەری تەواوی هۆکارەکانە.

گرتنەبەری هۆکارەکان پەیوەستە بەوەی مامەڵە لەگەڵ هەندێك شت بکەیت کەوا کاریگەری لەسەر دەروونت دەبێت و، دەبێتە هۆکارێکی کاریگەر و گرنگ، جا ئەوە لە پێشکەوتنت بێت لە ژیان یان لە سەرکەوتنت، لەو شتانە:

تەمبەڵی.

گرتنەبەری هۆکارەکان وات لێدەکات مافی هەموو کارێك بدەیت، جا پەنا مەبە بەر حەوانەوە بێ جێبەجێکردن و،چاومەبڕە جێبەجێکردنێك بێ ماندووبوون.

بێ ئومێدبوون.

گرتنەبەری هەموو هۆکارەکان وات لێ دەکات بە توانا بیت لەسەر رووبەڕووبوونەوەی هەموو ئاستەنگییەکان لە ژیانتدا، جا هەست پێ ناکەیت کەوا بێ دەسەڵاتی لە مامەڵەکردن لەگەڵ کارەکانی ژیانت و پشت بە کەسانی جگە لە خۆت دەبەستیت.

ترسان وترسنۆکی.

ئەوانیش لە هەستە هەرە بڵاوەکانن لای زۆرێک لە خەڵکی، لەوانیش:

ترسان لە شکستخواردن یان سەرنەکەوتن و، ترسان لە بەهەدەردانی پارە یان رۆح، ترسان لە کاردانەوەی بەرانبەر، یان خاوەن کار، یان ترسان لە ڕەخنەگرتنی هاوڕێیان، یان ڕکابەران.... بەم شێوەیە.

بۆیە مرۆڤ لە دەوروبەری خۆی دوور دەکەوێتەوە و بەتەنیا دەمێنێتەوە، بێ ئەوەی کەس پاڵپشتی بکات.

گرتنەبەری هۆکارەکان دژی ترسان وترسنۆکییە.

لەبەر ئەم هۆکارانەی کە بە گشتی باسم کرد لەوانەیە زۆرێک لە خەڵکی لە گرتنەبەری هۆکارەکان دووربکەونەوە وەک هۆکارێکی راست وسروشتی بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان، یان

سەرکەوتن لە ژیان، هەروەك هەموو ئاینەکان فەرمانیان پێکردووین. جا ئەوانە هەڵدێن لە کارکردن و هەوڵدان بەیەك ڕەنگ لە ڕەنگەکانی ژیان بڕیار لەسەر ژیانیان دەدەن و، ڕەنگێکی تۆخ هەڵدەبژێرن، جا لە ژیاندا ڕەنگەکانی تری جوانی نابینن.

﴿من عمل صالحا من ذكر أو أنثى وهو مؤمن فلنحيينه حيوة طيبة ولنجزينهم بأحسن ما كانوا يعملون﴾(النحل–٩٧)

واتە: ئەوەی کار و کردەوەی چاکی کردبێت لە ژن و پیاوان، لە ژیانێکی کامەراندا دەیانژیەنین، لە قیامەتیش پاداشتی نەبڕاوەی پێ دەبەخشین.

ئایاتەکان نەیانگووت هەر کەسێك باوەڕبهێنێت و، نەیانگووت هەر کەسێك پشت بە پەروەردگار ببەستێت بەڵام هیچ کارنەکات، بەڵکو گووتی: ﴿من عمل صاحا من ذكر أو أنثى﴾.

جا کردەوە لەگەڵ باوەڕهێنان بە خوا بریتین لە چەکی هەر سەرکەتوویەك، بەڵگەش ئەو ئەنجامەیە کە پێی دەگات: ﴿فلنحيينه حيوة طيبة﴾.

ئاگاداربە.. پەروەردگارا دنیا بخەیتە نێو دەستمان.. ونەیخەیتە نێو دڵمان

دوعای کاریگەر

لەبــەر ئــەوە پێویســت بــوو ســەیرێکی ملیــۆنێران بکــەین.
لەبەرچی وازیان لە ژیانیان هێنا؟!
لەبەرچــی هەســتیان بــە خۆشــبەختی نــەکرد لەگــەڵ ئــەوەی بەملیۆنانیان بەدەستهێنا، کە ئاواتە خوازی بوون و زۆرێك لـە خەڵکی ئاواتە خوازین؟!
وەرە با بیرێك لـە شـێوەی (مەدینـەی مونـەوەرە) بکەینـەوە کاتێ سوڵتانی دڵان (سەلامی خودای لەسەر بێت) تیایدا بوو، دەبێ حاڵی خەڵکی چۆن دەبێت لە دەستپاکی و ئاسایش؟!
بە دڵنیایەوە دەڵێیت خەڵکی زۆر دەسـتپاك بـوون و، مەدینـە زۆر ئارام و ئاسایشی تێدابوو.
ئایا بیر لەوە دەکەیتەوە کەوا کەسێك شتێك بدزێت؟!
بەدڵنیایەوە نەخێر.
ئایا بیر لەوە دەکەیتـەوە کەسـێك شـتێك ببـات کـە تایبـەتی خۆی نەبێت؟!
دیسان دەڵێیتەوە: بەدڵنیایەوە، نەخێر.
لەگـەڵ هـەموو ئەمانـە دەبینیـت ئازیزمـان (سـەلامی خـودای لەسەر بێت) هەموو مرۆڤایەتی فێر دەکات کە خۆی لـە تاکـە کەسێك دەبینێتەوە، پێی دەفـەرمووێت: بیبەسـتەوە، ئینجا

تەوەکولت بە خودا بێت.

بیبەستەوە، ئینجا تەوەکولت بە خودا بێت.

لە ئەنەسەوە – خوای لێ ڕازی بێت – دەڵێت: پیاوێك گوتی: ئەی ئازیزی دڵان بیبەستمەوە و تەوەکولم بە خودا بێت ، یان بەریبدەم وتەوەکول بکەم؟ نازداری دڵان پێی فەرموو:"بیبەستەوە، ئینجا تەوەکولت بە خودا بێت" ئیمامی (ترمزی) ریوایەتی کردووە.

پیاویەکە پرسیار لەبارەی وشترەکەی دەکات کاتێك دێتە ناو مەدینەی مونەوەرە، ئایا بەڕەلای بکات بێ ئەوەی بیبەستێتەوە، ئینجا تەوەکول لەسەر خودا بکات لە پاراستنی، خوای پەروەردگار بۆی دەپارێزێت، یان بیبەستێتەوە. پاشان تەوەکول لەسەر خوا بکات لە پاراستنی. وەڵامی خۆشەویست (سەلامی خوای لەسەر بێت) ئەوە بوو: بیەستەوە، ئینجا تەوەکولت بە خودا بێت.

واتە بیبەستەوە و هۆکارەکان بگرەبەر، تۆش تەوەکولت لەسەر خوایە، هەر لەویش داواکاری سەرکەوتن بکە لە کارەکەتدا.

پەروەردگار نان و ئاوم دەدا

دەگێڕنەوە کەوا پیاوێك چووە مزگەوتی شیرینی دڵان (سەلامی خوای لەسەر بێت)، بینی لاوێك نوێژی درێژ دەکردەوە، شێوەی باوەڕ وتەقوای ئەو لاوە سەرنجی ئەو پیاوەی ڕاکێشا، کە لاوەکە لە نوێژەکەی تەواو بوو، پیاوەکو پێی گوت: تۆ کوڕی کێیت؟

لاوەکە گوتی: من هەتیوی بێ دایك وباوکم.

پیاوەکە گوتی: ئایا من دەکەی بە باوکی خۆت؟

لاوەکە گوتی: گەر برسی بووم نانم دەدەیتێ؟

پیاوەکە گوتی: بەڵێ.

لاوەکە گوتی: گەر بێ پوشاك بووم پۆشتەم دەکەیت؟

پیاوەکە گوتی: بەڵێ.

لاوەکە گوتی: گەر نەخۆش بووم چارەسەرم دەکەیت؟

پیاوەکە گوتی: ئەوە کار من نییە.

لاوەکە گوتی: گەر مردم زیندووم دەکەیتەوە؟

پیاوەکە گوتی: ئەوە کاری هیچ بەدیهێنراوێك نییە!

لاوەکە گوتی: جا بەجێم بهێڵە بۆ ئەوەی بەدیهێناوم، چونکە ئەو ڕێی ڕاستم نیشان دەدات و، نان و ئاوم دەدات. گەر نەخۆشیش بووم چارەسەرم دەکات. هەر لەویش ئومێدەوارم

که له تاوانەکانم خۆش بێت لەڕۆژی دوایی دا.

پیاوەکـه وتـی: بـاوەڕم بـەخوا هێنـا، هەرکەسـێك تـەوەکول لەسەر خوا بکات بەسیەتی.

لۆژیك لەوەدایە ڕێز له یاسای گرتنەبەری هۆکارەکان بگریـت، چـونکه پـەروەردگار تەمبـەڵ و پشـت بەسـتووەکان – بـەبێ هەوڵدان – سەرناخات گەرچی بڕواداریش بن.

بەڵکو تۆڵه لەکەمتەرخەمان و زیادەڕۆیان دەکاتەوە هـەروەك چۆن تۆڵه له ستەمکاران و سەرپێچیکاران دەکاتەوە.

گەر تەمبەڵیت نواند بەرانبەر ئەو ئەرکەی که لەسـەرته و، لـه تواناشتدا هەبوو، دوایی چۆن داوای یارمـەتی لـه پـەروەردگار دەکەیت کاتێك بەخۆت یارمەتی خۆت نادەیت؟!

مـرۆڤ چـۆن چـاوڕێی ئـەوە دەکـات کـەوا پـەروەردگار هـەموو شـتێکی پـێ بـدات لـه کاتێکـدا بـەخۆی هیچـی پـێش خـۆی نەخستبێت و، هیچی بۆ بارەگای پەروەردگار نەناردبێت؟!

ئەوەش لۆژیکێکی سەیر وجوانه له چیرۆکی (العزراو)

لقه دارەکه بهەژێنه.

مانای گرتنەبەری هۆکارەکان پشت بەستن نییه پێی، بەڵکو باشترین رێگا ئەوەیه که مرۆڤ هەموو هۆکارەکان بگرێتەبەر وەك ئەوە وابێت کەوا هەموو شتێك بێت له سەرکەوتندا، پاشا تەوەکول لەسەر خودا بکات، وەك ئەوەی که هیچ هۆکارێکی بۆ خۆی نەگرتبێتەبەر و، نه هیچ پلانێکی دارشتبێت و، نه هیچ کونێکی داخستبێت.

هەر بەم شێوەیه لەوانه بپرسم:

پیاو یان ئافرەت لەرووی جەستەوه بەهێزترن؟

وەك بڵێن گویم لێته، دەڵێیت:

بەدڵنیایەوه پیاو بەوەی کەوا خودا جیایکردۆتەوه به بەهێزی ماسولکەیی.

لێره دەپرسم:

کامیان بەهێزتره ئافرەتی ئاسایی، یان ئەو ئافرەتەی لەکاتی منداڵبوونیەتی؟

وەك بڵێن گویم لێته، دەڵێیت:

بەدڵنیایەوه ئافرەتی ئاسایی، چونکه ئەوەی تریان تووشی منداڵبوون بووه و، له لاوازترین حاڵەتەکانیەتی.

لێرەشدا بەهێزترین پرسیار دەکەم:

بۆ پەروەردگار فەرمانی بە خاتوو مەریەم کرد، کەوا لقی دارەکە بهەژێنێت، لەکاتێکدا ئافرەتێکی لاوازە و، تازە تووشی ئازاری منداڵبوون بووە؟

﴿وهزى لإليك بجذع النخلة تساقط عليك رطبا جنيا﴾

(مريم—٢٥)

واتە: ئەو لقە دارە بهەژێنە، فەریکە خورمای تەڕ و تازە پێگەیشتووت بەسەردا دەوەرێنێت.

مادام پەروەردگار لە توانای دایە مەریەم بە بێ چاودێری هیچ کەسێك تێر بکات، لەبەرچی بەهۆی کۆرپەکەیەوە فرمانی پێ کرد کەوا دار خورماکە بهەژێنێت. لەبەرچی خورماکە هەر بە خۆی بەسەری دا نەوەری؟

مادام پەروەردگار پێی گووت: لقی دار خورماکە بهەژێنە، ئەوە وا دەگەیەنێت کەوا دار خورماکە گەورە و بەرزە، بە شێوەیەك کە نەتوانێت خورماکە بۆ خۆی لێبکاتەوە، واتە دەستی نایگاتێ بە بەڵگەی ئەوەی دەڵێت (بیهەژێنە).

وەرە با بیر لەوە بکەینەوە کەوا بیست پیاومان هێنا بۆ ئەوەی لقە دارێك بهەژێنن، ئایا بەڕاستی دەتوانن لقی دارخورماکە بهژێنن بە شێوەیەك کە هەژاندنەکەیان وا لە خورماکە بکات بوەرێت؟!

ناتوانی بیر لەوە بکەیتەوە، چونکە بیست پیاو جوڵاندن یان

هەژاندنی لقی دارخوامیەکیان لە تواناداا نییە، چ جای ئافرەتێك کە لەلاوازترین حاڵەتەکانی دابێت؟

دەزانی لەبەرچی؟

چونکە ئەوە گرتەبەری هۆکارەکانە، لەبەر ئەوەی پەیمانێکی لەسەر خۆی بڕیوە کەوا کارەکانی گەردوون بەهۆکارەکانی بگرێنەبەر.

﴿إنا لا نضيع أجر من أحسن عملا﴾ (الكهف–٣٠)

واتە: بەدڵنیایەوە ئێمە پاداشتی ئەو کەسانە زایە ناکەین، کەوا کردەوەی چاك ئەنجام دەدەن.

پاکوبێگەردی بۆ خودا!

خۆت بناسە

ئایا هیچ ناکۆکیەك دەبینیت لە نێوان باوەڕهێنان بە خودا و گرتنەبەری هۆکارەکان؟

بەڵێ نەخێر نازانم

ئایا باوەڕبەوە دەکەیت کەوا سەرکەوتوو بیت لە کارێك بێ ئەوەی هۆکارەکان بگریە بەر

بەڵێ نەخێر لەوانەیە

هەنێك کەس کەم کار دەکات و زۆر بەدەستدەهێنێت.. بەچی

ئەمە شی دەکەیتەوە؟

....

....

....

....

هەندێ کات ترسنۆك سی و شەش چارەسەر بدۆزێتەوە بۆ کێشەکانی، بەڵام هیچیانی بەدڵ نییە تەنیا دانەیەك نەبێت، ئەویش هەڵاتنە.

پەندێکی چینیی

نهێنی دووەم

متمانەی تەواو

مەبەست چییە لە وشەی متمانە؟!

بەداخەوە زۆرێك لە خەڵکی دڵەڕاوکێ و ئارام نەبوونێکیان هەیە لە ژیانیاندا. دەبینی ةکەسێك تەوەکولی لەسەر خودا کردووە بە مانا ڕاستەکەی و هەموو هۆکارەکان دەگرێتەبەر، بەڵام متمانەی جێگیر نییە، یان بێ متمانەیە بە هەموو شتێك و، هەر شتێك.

لێرەدا باسی متمانەی تەواو دەکەم.

مانای متمانەی تەواو.

متمانە چەند مانایەکی زۆر و هەمەجۆری هەیە، هەمانە:

– متمانە بە پەروەردگار.

– هەمانە متمانە بە خود.

– هەمانە متمانە بە کەسانیتر.

یەکەم: متمانە بە پەروەردگار.

چۆن دەبێت کەسێك هۆکارەکان بگرێتەبەر و، بانگەشەی ئەوە بکات کە باوەڕی بە خودا هەیە، لە کاتێکدا متمانەی بە خودا نەبێت؟!!

مەبەستم چییە لە متمانە بە خوا؟

مەبەستم پێی ئەوەیە کە متمانەت بە بەدیهێنەرت هەبێت. متمانەت بەوە هەیبێت پەروەردگار بێ هودە بەدی نەهێناویت.

لەوە دنیایە بەتەنیا بەجێتناهێڵێت بێ ئەوەی یامەتیت بدات. متمانەت هەبێت کەوا هەوڵدانەکەت دەبەستێتەوە بەسەرکەوتن، چونکە ئەو خاوەنی ڕێکارە گەردوونیەکان و بنەما ئەقڵیەکانە، بۆ ئەوەی لەپێشدا هۆکارەکان بگریتەبەر. هەر لەبەر ئەمە چاودێری کارەکانت دەکات و،پاداشتەکەتیان دەداتەوە. متمانەت هەبێت کەوا خودا بێ ئومێدت ناکات گەر هەموو ئەو شتانەت کردبێت کەوا لەسەرتە. متمانەت هەبێت کەوا بە بەزەییە بەرانبەر بەندەکانی، خۆشی دەوێن هەمیشە خۆشیان بۆ دەستەبەر دەکات. باوەڕت بە قەزاوقەدەری خودا هەبێت، بە باشی وخراپی، شرینی وتاڵی، پێی ڕازی دەبیت و پێی دڵخۆش دەبیت.

ئاگاداربە.. (خودا لەگەڵمانە جا کێ لەگەڵمانە؟!) نامەکەی بولس بۆ خەڵکی رومیە. اصحاحی هەشتەم.. *ئایاتی ٣١ت.*

متمانە بوون بەخودا ڕۆژئاوایەکان تێیگەیشتن ودرکیان بەو بەها بەنرخەیان کردووە. گەر سەیرێکی دراوی هەموو دنیا بکەین (دۆلاری ئەمریکی)، ئەوە دەخوێنینەوە کە لەسەری نووسراوە بە قووڵبوونەوە ودرکپێکردن (متمانەمان بە خودا هەیە) یان چۆن دەڵێن (متمانە بە خودا دەکەین)، درکیان بە نهێنیەکە کرد ئەویش بریتیە لەوەی کە سەرکەوتن لە متمانە کردنە بە خودا و، پشت بەستن بە خودا و، تەوەکولی ڕاست

بەرهەم دێت.

دووەم: متمانە کردن بە خود.

مۆڵەتم بدەیێ پرسیارت لێ بکەم:

متمانەت بە خۆت هەیە؟!

ئایا ئەم پرسیارەت پێ قورسە؟

هەندێك خێرایان وەڵامیان داوە کاتێك پرسیارم لێکردن لە یەکێك لە وانەکانمدا، گوتیان: پرسیارەکە زۆر قورسە، هەندێکی تر گوتیان: نەخێر، بەلام زۆرینە بە: نازانین، یان هەندێ جار نازانین، وەڵامیان داوە.

لێرەش گەورەترین بەرەنگاربوونەوەیە بۆ مرۆڤ... متمانەکردن بە خود.

متمانەکردن بە خود بریتیە لە هەستکردنی کەسەکە بەنرخی خۆی لەنێوان ئەوانەی دەورووبەریدا، جا ئەم متمانەیە هەموو جووڵەیەك لە جووڵەکانی دەگرێتەوە و، مرۆڤ بەشێوەیەکی ئاسایی هەڵسووکەوت دەکات بێ شڵەژان یان ترس چونکە هەڵسووکەوتەکانی هەمووی هی خۆیەتی، ئەو دەستیان بەسەردادەگرێت نەك کەسێکی تر. لە ناخی خۆی هەڵدەقوڵێت کاری بە دەورووبەری دا نییە و بە پێچەوانەی ئەو لەرزینی متمانە یان نەبوونی متمانە وای لێدەکات

هەڵسوکەوت بکات وەك ئەوەی کەوا چاودێری دەکرێت لەوانەی دەورووبەری، جا جووڵانەوەکانی و هەڵسووکەوتەکانی بەڵکو بۆچوونەکانی لە هەندێك کاتدا پێچەوانەی سروشتی خۆی دەبێت و، شڵەژان دەبێتە هاوپەیمانی یەکەمینی لە هەموو کۆبوونەوە یان بڕیاردانێك، گەرچی کەسیش چاودێری نەکات. هەر خۆی ئەم هەستە بۆخۆی بەدەستدێنێت، پاشان بڕوای پێدەکات و،پێیوە دەژیت تاوەکو بەئاگا دێت!

لەوە دڵگران مەبە کە خەڵکی لێت تێنەگەیشتن، بەڵکو لە جیاتی ئەوە دڵگران بە کاتیٚ تۆ لەوان نەگەیشتیت!
کونفوشیوس

شاراوە نییە لات کەوا گوێبیستی سکالاّی زۆر خەڵك دەبین، کەوا سکالاّ لە نەبوونی متمانە بە خود دەکەن و، ئەم وتەیە دووبارە دەکەنەوە تاوەکو بەشی خۆیان لەدەست دەدەن!

لەبەر ئەمە لەچەند خاڵێکدا ئەم سکالاّیانە پێش چاودەخەم.

لە سەرتادا چەند هۆکارێکی نەبوونی متمانە بە خودت پێ دەناسێنم.

چونکە پێش چارەسەر دەبێت دەست لەسەر جێگای ئازارەکە دابنێیت، پاشان دەست بە چارەسەری گونجاو دەکەیت.

لەبەرچی متمانەت بە خۆت نییە؟!

هۆکارەکانی زۆرێك لە خەڵکی جیاوازە لە نەبوونی متمانە بە خۆیان، لەوانەیە درك بە هۆکاری نەبوونی متمانە بە خۆت نەکەیت، بەو شێوەیە کێشەکە بەردەوام دەبێت و،نازانی چۆن چارەسەری بکەیت.

تاوەکو بتوانی متمانە بۆ خۆت بگەڕێنیتەوە، دەبێت هۆکاری نەبوونی بزانیت!

ئایا متمانەت بەخۆت لەدەست دەدەیت، چونکە

* لە کار و هەڵوێسەکانت دەترسیت، بەشێوەیەك وا بزانی کەوا ئەوانەی دەورووبەرت سەرنج دەدەنە لاوازیت و، چاودێری هەموو جووڵەیەکی ئاسایی و نائاساییت دەکەن کە

دەیکەیت؟

* یان لەبەر ئەوەی دەترسێی لەوەی هەڵسوکەوتێکت لێ دەربچێت کەوا پێچەوانەی هەڵسوکەتی ئاسایی بێت تاوەکو خەڵکی بە لۆمەکردن و چاوێکی نزم سەیرت بکەن.

* یان لەبەر ئەوەی هەست دەکەیت کەوا مرۆڤێکی لاوازیت و ناتوانیت هیچ پێشکەش بکەیت لە پێش خەڵکی، یان هەست دەکەیت هیچ شتێك نییە کەوا خودی خۆت جیاواز بکات.

گەر زۆربەی کات بەدەست ئەم بیرکردنەوە ڕوخێنەرانە دەناڵێنیت و خۆت بە کەسێکی سووك وکەم دەزانیت و، زیادەڕۆیی دەکەیت لەم بیرکردنەوەیە. مەترسییەکە لەوەدایە کە ئەم بیرکردنەوەیە دەستدەگرێت بەسەر بیر و هزرت و بەداخەوە دەبێتە راستی.

*خاڵێکیتری زۆر مەترسیدار هەیە، ئەویش هەموو وزەییێکی بەهرەداری لەناودەبات، ئەویش بەسووك زانینی خۆتە. پێویستە هەر ئێستا لە بەسووك سەیرکردنی خۆت بوەستیت. دووبارە کردنەوەی چەند وتەیەك کە کەسایەتیت لە ناو دەبات وەك "من گەمژەم" یان "من شکستخواردووم" یان "من لاوازم" یاخود "من کەرم" ئەم گوتانە مەترسیدارن لەسەر خود و تێکیدەشکێنێت بە شێوەیەك کە هەستی پێناکەیت. لەبەر ئەوە لەسەرتە بزانیت کە ئەم وتانە هیچ

نیینە جگە لە پاچی ڕوخاندن و، لەو ساتەوە لەسەرتەکە راوەستیت لە بەکاهێنانیان، چونکە خودت دەڕوخێنێت و لە ناوەوە تێکیدەشکێنێت وتواناکانت شەل دەکات گەر دەستی بەسەر بیرکردنەوەتدا گرت.

چەند هۆکارێکی زۆر هەن کەوا لەو ڕێیانەوە دەتوانی سەرچاوەی ئەم گرفتە دەستنیشان بکەیت، وەك دەستپێشخەریەك بۆ لە ناوبردنیان:

* ئایا هەست بەم کەموکورتیە دەکەیت بە هۆی شکستخوادنت لە خوێندن، یان لە کاردا، یان ڕووبەڕووبوونەوەی چەند ڕەخنەیەکی توند بۆ نوونە لەلایەن دایك و باوکت، یان لە بەڕێوبەرەکەت بە شێوەیەکی ئازاربەخش و بریندارکەر؟!

* ئایا ئەمە بەهۆی ڕووبەڕووبوونەوەی ڕووداوێکی کۆن وەك شەرمەزاربوون، یان لۆمەکردن لەبەرانبەر کەسانیتر، یان بەراوردکردنت لەگەڵ هاوتەمەنەکانت، یان بەکەمدانانی توانا و بەهرەکانت؟!

* ئایا ئەمە بە هۆی ڕوانینی نەرێنی هاوڕێ وکەس وکارتەوەیە لەبەرانبەرت یان پشتنەبەستن بە تۆ لە کارە گرینگەکان؟!

یان نەڕەخساندنی دەرفەتە بۆ سەلماندنی خودیت؟! یان بە

هۆی پەیوەندییەکی سەرنەکەوتووی کەسایەتیەوە؟!

.... ئەمانە بەکورتی چەند هۆکارێکی نەبوونی متمانەیە بە خود و، بێگومان پێویستی بە پێداچوونەوە و، دیاری کردنی ئەوەی کە تایبەتە بە تۆیە.

ئێستا ئامۆژگاریت دەکەم بە ڕاشکاویت لەگەڵ خودت، چونکە هیچ شتێك وەك ڕاشکاوی ئارامی نییە بۆ خودت و، پشتگوێنەخستنی گرفت بە هەڵخەڵەتاندنی خود بەوەی کە هیچ گرفتێکی نییە. چونکە خۆدزینەوە هیچ گرفتێك

چارەسەر ناکەت، بەڵکو ئاگرەکە گەرمتر دەکات... نەفست خودی خۆتە... تۆ بەوهۆیەوە دەژیت و، لێپێچینەوەت لەگەڵ دەکرێت لەسەری، جا پشتگوێی مەخە و هەڵی مەخەڵەتێنە.

کچەکەی بە زیندوویی ناشت..
متمانەشی بە خودا لەدەست نەدا

باوکەکە بەیانی لەگەڵ کچەکە بچووکەکەی دەرچوو، کە کچەکە لە لووتکەی ئاسوودەیی و دڵخۆشی دابوو، چەندە ئاواتەخوازی ئەوە بوو کە لەگەڵ باوکیدا دەربچێت.

لە کۆتاییدا خەونەکەی هاتە دی، باوکەکە ڕێی پێدا کە بۆ سەیرانێك لەگەڵی دەبچێت، ئەو شوێنەی زۆر بەلاوە گرنگ نەبوو کە بۆی دەچوون، گرنگ ئەوەیە کە ڕێی پێبدات کە لەگەڵی دەربچێت.

کچە بچووکەکە دەڕوات و، دەستە گەورەکەی باوکی دەگرێت، هەست بە زبری دەستی دەکات، ئینجا هەست بە ئارامی و متمانە دەکات و، لە هیچ شتێك ناترسێت. چونکە باوکی کەسێکی بە شکۆیە و خاوە پلە وپایەیەکی بەرزە لەنێو گەلەکەیدا، کەس ناتوانێت ئازاری بدات، یان هەر شتێکی تری لێبکات کاتێك لەگەڵ باوکیدا دەڕوات، زۆر متمانەی پێ هەیە کەوا دەیپارێزێت..

باوکەکە سەیرێکی کچەکەی دەکات کە لەتەنیشتیدا دەڕوات و بە دڵخۆشییەوە دەڕوات لەبەر ئەوەی دەرچووە، کچەکە دەیدوێنێت بەڵام وەڵامی ناداتەوە، ئەویش چاوەڕێی وەڵامی

لێناکــات، چــونکە دەزانێــت کــەوا ئــەوە هەڵســووکەوتی ئاساییەتی، چونکە باوکەکە زۆر بێدەنگــە، بەتایبــەتی لەگــەڵ ئەودا، لە بێدەنگیەکەیدا هەست بە هیچ سامێك ناکات کە لێی بترسێت، بەڵکو هەستی ئارامی پێدەبەخشێت.

ڕێگاکە درێــژ دەبێتــەوە، کچــە بچــکۆڵەکەش مانــدوو دەبێــت، باوکی هەڵیدەگرێت و هەست بە هەناسە گەرمەکانی دەکات و یاری لەگەڵ قژی دەکات، شنە بایەکیش هەڵــدەکات تــاوەکوو بۆنی کچەکەی بۆ لووتی بگوازێتەوە ســەرەڕای ئــەو، گــوێی لە دەنگی هەناسەکانی دەبێت، دڵی کچەکە بــە پێوەنووســان لەگەڵ دڵــی بــاوکی لێــدەدات، لێدانــە خێراکــانی دڵــی کچــەکە کەمێك جیاوازە لەگەڵ لێدانە هێواشەکانی دڵی باوکەکە، بەڵام هەردووکیان هاوڕان لە لێدانەکانیان، دڵی باوکەکە ودڵــی کچــە بچووکەکە..

لە سنووری گوندە ئاوەدانەکە دەردەچــن و، خانووەکــان پــێ بەپێ دیار نامێنن، تا لە چاوی کچــە بچــکۆلانەکەی کــە لــەنێو شانەکانی باوکی نووستوە وون دەبێت، ئایا دەبێت لە هەموو جیهاندا جێگایەك هەبێت لە باوەشی باوکی ئــارامتر بێــت؟!!

ئایا دەبێت لە هەموو جیهاندا جێگایەك ئارامتر هەبێت لەســەر شانی باوکی بۆ خەوتن؟!!

لەناکاو.. باوکەکە ڕادەوەستێت لە ڕۆیشتن، کچــەکەی لەســەر

دەستەکانی دەهێنێتە خوارەوە و، دەڵێت: گەیشتین. کچەکە تێنەگەیشت گەیشتنە کوێ، بەڵام باوکەکە بەدڵنیاییەوە دەزانێت گەیشتنە کوێ. ئەوە باوکمە کە هەموو شتێك دەزانێت، بەم شێوەیە کچەکە خۆی دەدواند. باوکەکەش دەستی پێکرد گاڵتەی لەگەڵ کچەکەی دەکرد – وای بیردەکردەوە – دەستی کرد بە هەڵکەندنی چاڵێك بە دەستەکانی خۆی، کچەکەش لەگەڵی هەڵی دەکەند.

چەندە جوانە باوکەکەی یاری لەگەڵ بکات، چەندە جوانە لە خەڵکی دوورخاتەوە و هاوبەشی لەگەڵ بکات لە یاریکردندا!

باوکەکە بەردەوام بوو لە هەڵکەندندا، کچەکەش بەردەوام بوو لە یارمەتیدانی باوکی و یاری کردن لەگەڵی. چاڵەکە فراوان بوو تا لە توانای کچەکەدا هەبوو کە تێیدا دابنیشێت، بۆ چرکە ساتێکیش دوودڵ نەبوو لە دابەزین بۆ چاڵەکە و چێژ وەرگرتن لە سەیرکردنی باوکی کە بەردەوامە لە هەڵکەندن. تۆز و خۆڵەکە بەرز دەبێتەوە ئەویش پەلە دەکات لە خاوێنکردنەوەی خۆڵ لە چەنەگە و ریشی باوکی، ئەویش بە بێدەنگیەوە هەڵدەکەنێت، کچەکەش تۆزەکە لەسەر دەموچاوی باوکی لادەبات.

چەند چرکەساتێکن بەخێرایی بەسەر کچە بچوکەکەدا دەڕوات لە خۆشی ویاری کردن، (....) بۆ باوکەکە زۆر درێژە لەوەی

جگە لەیەك وشەی نەوتووە لەو کاتەوەی لەگەڵی دەرچووە.
بچکۆڵەکە ماندوو دەبێت و لە چاڵەکەدا بەبێدەنگی دادەنیشێت، باوکی گاڵتەی لەگەڵ دەکات و خۆڵ بەسەر قاچەکانیدا دەدات، بە پێکەنینەوە زەردەخەنە دەکات، ئەوە یەکەم جاریەتی کە بەم شێوەیە گاڵتەم لەگەڵ دەکات. یەکەم جارە ئەم ڕۆحەی لێ دەبینم.. — بەم شێوەیە بیردەکاتەوە —
خۆڵەکە لەسەر قاچە کچەکە زیاد دەکات، باوکیشی بەردەوامە لە فڕێدانی خۆڵ بەسەریدا.
خۆڵەکە قورس بوو، باوکەکەش ناوەستێت لە فڕێدانی خۆڵ بەسەریدا، تا کاتەکە زیاتر دەڕۆیشت خێراتر دەبوو لە دانانی خۆڵەکە لەسەر جەستەیدا، خۆڵەکە وای لێهات هەموو جەستە بچووکەکەی داپۆشی..
سەروسیماکانی گۆڕا، زەردەخەنە ناسکەکە وون بوو و، سەری سوڕما، پاشان ترس، پاشان بێ ئارامی، پاشان تۆقین..هەمووی سیمای بەخێرایی بروسکە لەسەر رووی دەکێشرێن و، باوکیشی ناوەستێت لە فڕێدانی خۆڵ بۆ سەر جەستە بچووکەکەی، پێکەنینەکەی گۆڕا بە هاوار، زۆر بەخێرایی گۆڕا بە هاوار، هاواری فریاکەوتنی دەکرد بە گوتنی: باوکە.. چی دەکەیت؟ دەرمبهێنە.. ئازار دەکێشم..

باوکی وەڵامی نەدایەوە، بەڵکو بەردەوام بوو لە فڕێ دانی خۆڵ بەسەریدا، هەوڵدەدات لە چاڵەکە بێتە دەرەرەوە بەڵام ناتوانێت، هیچ بەدەست ناهێت جگە لە هاوار بەڵکو گوێبیستی بێت، خۆڵەکە زیاد دەکات و، هاواری بچکۆڵەکە زیاد دەکات..خۆڵەکە زیاد دەکات و بچکۆڵەکە هێور دەبێتەوە..

خۆڵەکە هەمووی داپۆشی.. تاوەکوو بچکۆڵەکە مرد..

منداڵەکە مرد کە لە هەشت ساڵ تێنەپەڕیبوو، باوکی کوشتی، بە زیندوویی ناشتی..

باوکەکە بەتەنیا گەڕاوە بۆ گوندەکەی، تا ژیانی بەسەر بەرێت پاش ئەوەی کچە بچکۆلانەکەی ناشت..

سالان دەڕۆن و، ئاینێکی نوێ لەم گوندە بەدیار دەکەوێت، ئیسلام بەدیاردەکەوێت و، ئەم پیاوە موسوڵمان دەبێت. دڵی گۆڕا، کچە بچکۆڵەکەی بیرهاتەوە چۆن ئەو خۆڵەی بەسەردا دەدا، ئەویش خۆڵەکەی لەسەر چەنەگەی باوکی خاوێندەکردەوە، هەر کاتێك ئەم رووداوەی بەبیر دەهاتەوە دەستی بە گریان ولەرزین دەکرد، بەڵام متمانەی بە خۆی لەدەست نەدا..

دەزانی ئەوە کێیە؟

گوێم لێتە دەڵێیت:

ئەوە عومەری کوڕی خەتابە
بـەڵکو پێشـەوامان عومـەری کـوڕی خەتابـە. (زۆربـەی زۆری زانایان لەسەر ئەوە کۆکن ئەو کەسە عومـەری کـوڕی خـەتاب نییە و، کەسێکی دیکەیە. بە چەندین بەڵگەی دروستیش ئەوە سەلمێنراوە –وەرگێڕ–)
متمانەی بە خودا لەدەست نەدا، متمانەشی بە خۆی لەدەست نەدا و، خۆی دوورەپـەرێز نـەکرد و، خـۆی لـەناوی نـەبرد بـە لێپرسینەوە و سەرزەنشت کردن.
پەڕێکی نوێی بۆ خۆی هەڵدایـەوە و، پـەیمانی بـەخۆی دا کـە دەبێت تۆڵەی ئەوە بکاتەوە کە کردوویەتی.
متمانەی خودایی هەبوو، ئەمەش متمانەی خودی پێدا.
شکستخواردنەکەی بە سـەرکەوتن گـۆڕی، هـەروەك چـۆن لـە گریمانـەکانی پرۆگرامسـازی زمانـەوانی دەماریـدا هـیچ شـتێك نییە بە ناوی شکستخواردن، بەڵکوو ئەزموون و تاقیکردنـەوە هەیـە. سـپی ناناسـرێت تـەنها بـە ڕەش نـەبێت و، باشـە ناناسرێت تەنها بە خراپە نەبێت، جوانیش ناناسرێت تەنها بە ناشـرینی نـەبێت، ئـەزموون بـوونی نابێـت تـەنیا بـە تاقیکردنەوەی شکستخواردن نەبێت.
﴿فأولئك يبدل الله سيئاتهم حسنات﴾(الفرقان–٧٠)
واتە: ئەوانەی کە پەشـیمان دەبنـەوە و کـاری چـاکە دەکـەن

خودای گەورە گوناهەکانیان دەگۆڕێت بە چاکە.

سێیەم: متمانە کردن بە کەسانی تر:

متمانەیی خودایی متمانەی خودی بەرهـەم دەهێنێت، ئینجا متمانەکردن بە کەسانیتر بەرهەم دێت.

هەرکەسێك متمانەی بە خودا نەبێت، متمانە بە خۆی ناکات و ئەگـەر متمانـەی بـە خـۆی لەدەسـتدا، متمانـە بـە کەسـانیتر ناکات.

تـۆ بوونـەوەرێکی کۆمەڵایـەتیت.. کەسـانی تـر کـوان لـە بیرکردنەوەکانت؟!!

پەیوەندیەکانت تاقیبکەوە:

لەم خشتەیەدا کۆمەڵە ناوێك هـەن نیشـانەیەك بەرانبـەر هـەر ناوێـك دابـنێ کـە پەیوەنـدیت لەگـەڵ کردبێـت لـە هەفتـەی رابردوودا و، بۆ هەر نیشـانەیەك کـە دایـدەنێیت نمرەیـەك بـۆ خۆت دابنێ، جا ئەگەر (لە٠ تا ٥) بەدەسـتهێنا ئـەوە تـۆ بـە هـیچ شـێوەیەك کۆمەڵایـەتی نیـت و، پێویسـتە زۆر گرنگـی بەپەرەپێـدانی پەیوەندیـە کۆمەڵایەتییـەکانت بـدەیت لەگـەڵ کەس و کار وناسراوەکانت دا.

ئەگەر (لە ٥ تا ١٠) بەدەستهێنا ئەوا تۆ لە ڕێگایت بۆ ئـەوەی ببیت بە کەسێکی کۆمەڵایەتی، جا ئاگاداربە تا سەرقاڵیەکانت

راتنەکێشــن و دەورووبــەری خــۆت لــەبیر بکــەیت. ئەگــەر (لە١٠تا١٥) بەدەستهێنا ئەوا تۆ مرۆڤێکی کۆمەڵایەتیت، بۆیە وریابە لەسەر پەرەپێدانی ئەم هەستەت لەلای خۆت. ئەگەر (لا١٥تا٢٠) بەدەستهێنا ئەوا تۆ مرۆڤێکی کۆمەڵایەتیت بە ئاستی یەکەم، خەڵکی خۆشبەخت دەکەیت و پێت خۆشبەخت دەبن.. جا پیرۆزت بێت..

باوکت

دایکت

برات

خوشکت

داپیر و باپیرت

مامت

خاڵت

پورت

دراوسێکەت

ئامۆزات

کوڕە خاڵت

کوڕە پوورت

کچە پوورت

کچە خاڵت

هاوڕێی منداڵیت

هاوڕێی خوێندنت

هەموومان مامەڵە لەگەڵ کەسانیتردا دەکەین، بە هەموو شێوەکانی مامەڵە، لەماڵەوەدا، لە کاردا، لە شوێنەکانی فێرکردن، لە یانەکاندا، هتد..

بەڵام هەرگیز ئەو پرسیارە لە خۆمان ناکەین: ئایا متمانە بە کەسانیتر دەکەین؟!!

بەداخەوە زۆربەمان متمانەمان بە کەسانیتر نییە، نەك لەبەر ئەوەی شایستەی متمانە نین، بەڵام زۆر جار واتای متمانە کردن بە کەسانیتر نازانین، یان وێنەیەیکی هەڵە تێیدەگەین.

متمانەکردن بە کەسانیتر واتای ئەوە ناگەیەنێت بە یەکجاری خۆمان رادەستی ئەوان بکەین، یان پارەکانمان، یان تواناکانمان، بەبێ رێکخستنی یان زانینی ئەوەی کە دەیکەین.

ناکرێت نهێنیەکانم بۆ کەسێك ئاشکرا بکەم کە نایناسم، پاشان بڵێم: من متمانەم بە کەسانیتر هەیە.

ناکرێت بەبێ هۆ پارەکانم بدەمە کەسێك کە نایناسم، پاشان بڵێم: من متمانەم بە کەسانیتر هەیە.

لە کۆندا لە پەندێکی میللی گوتراوە: (هۆشیار بە و کەس بە

خیانەتکار دامەنێ).

ئەوەیە کە من بە تەواوی مەبەستە. متمانەکردن بە کەسانیتر، بریتیە لەوەی ئەوان لایەنگریان بۆ من هەبێت و، منیش لایەنگری ئەوان بکەم.

هەر کاتێك کۆمەڵێك کۆمەکی کۆمەڵێکی تریان کرد، ئەوا هەمووان دەستبەرداری هەمووان بوون. هەر کۆمەڵێك متمانەیان بە یەکتری کرد ئەوا هەمووان ناچاری هەمووان بوون

ئەبو حەیانی تەوحیدی

متمانەکردن بە کەسانیتر ئەوەیە، چاوەڕێی چاکەیان لێبکەم و، چاوەڕێی خراپەیان لێنەکەم، ئەگەر هاتوو رووبەڕووی خراپەی یەکێکیان بوومەوە، ئەو هەڵەیە ناکەم کەوا بڕیارەکە بەسەر هەمووان‌دا بسەپێنم.

متمانەکردن بە کەسانیتر ئەوەیە کە بە باشترین شێوە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ بکەم هەروەکو (عباس عقاد) دەڵێت: "بە شەرەف و دەستپاکیەوە هەڵسووکەوت لەگەڵ خەڵکی بکە، نەك لەبەر ئەوەی شایستەی شەرەف و دەستپاکین، بەڵکو چونکە تۆ شایستەی ناپاکی نیت".

بەڵێ دەبێت بەم شێوەیە مامەڵە لەگەڵ کەسانیتردا بکەم. هەموومان براین. هەمووومان مرۆڤین. هەمووومان راست و هەڵە دەکەین. هەڵەی تاك ئەوە ناگەیەنێت کە هەموو خەڵکی خراپن.

گەر سەرۆك بیت، ئایا دەکرێت بەبێ کەسی ملکەچ بوو، ببیت بە سەرۆك؟!

گەر سەرکردەی تیپێك بوویت، ئایا دەکرێت بەبێ یاریزانی تیپەکە ببیت بەسەرکردە؟!

چۆن بیر لە مامەڵەکردن لەگەڵ خەڵکی دەکەیتەوە، بەبێ متمانەکردن پێیانەوە؟! ئەی بەڕێوبەر چۆن مامەڵە لەگەڵ ژێر دەستەکانت دەکەیت گەر متمانەت پێیان نەبێت؟! ئەی سەرکردە چۆن مامەڵە لەگەڵ شوێنکەوتووانت دەکەیت گەر متمانەت پێیان نەبێت؟!

متمانە کردن بە کەسانیتر بریتیە لە هەمیشە گومان باشی و، گومان باشیش مامەڵەی ڕاست و دروست لەگەڵ کەسانیتردا پەیدا دەکات..

لەگەڵ کەسانیتر وەك یەك تیم وابە. باشترە لەوەی لە یەك کۆمەڵەدا بیت لەگەڵیان، چونکە تیمێك یەك ئامانجیان و

یەك پێویستیان هەیە. بەیەك رووح کاردەکەن. هەر تاکێك متمانەی بە تیم و تواناکانی خۆی هەیە. هەر تاکێك پشت بەتیمەکەی دەبەستێت لە قۆناغێك لەقۆناغەکان.

کەچی کۆمەڵە، تاکی زۆری تێدایە. هەر تاکێکیش ئامانجێکی تایبەتی خۆی هەیە، لەوانەیە لە چەند شتێك هاوبەش و هاوڕا بن، لەوانەشە جیاواز بن. لەوانەیە متمانە بەیەکتری بکەن، لەوانەشە متمانە بەیەکتری نەکەن. ئەوانە کۆمەڵەن چونکە شتێك هەیە کۆی کردوونەوە، نەوەك لەسەر ئەم شتە کۆکبن.

کەواتە لەگەڵ کەسانیتر لە تیمێکی بەهێز دابە و، گوێڕایەڵی فەرمانی پەروەردگار بە : ﴿ واعتصموا بحبل الله جميعا ولا تفرقوا ﴾ (ال عمران– ١٠٣)

واتە: هەمووتان بەتێکڕا دەست بە ئایینی خوا و قورئانەکەیەوە بگرن، هەرگیز لێی مەترازێن.

بزانە کەوا باشترینی خەڵکی وەك یەك جەستە وا بوون، ئەمەش نموونەی بڕوادارانە لە خۆشویستن و سۆزداریان وەك یەك جەستە.

ئازیزی دڵان (سەلامی خودای لەسەر بێت) دەفەرمووێت: (مثل المؤمنين في توادهم وتراحمهم مثل الجسد الواحد" إذا اشتكى منه عضو تداعى له سائر الجسد بالسهر والحمى)

(البخاري، ژمارە: ٦٠١١)

واتــە: نموونــەی مرۆڤــی موســڵمان لەگــەڵ یــەکتری، وەکــو نموونەی لاشەیەك وایە، کاتیَ بەشیَکی ئازار دەکێشیَ، گشـت بەشەکانی دیکەی لاشە لەگەڵیدا بێدارن و ئازار دەکێشن.

هەمیشـە لـەبیرت بێـت.. متمانـەی خـودایی متمانـەی خـودی بەرهەم دێنێت و، متمانەی خودی متمانە بە کەسانیتر بەرهەم دێنێت.

خۆت بناسە

ئایا پەروەردگار نزاکانت گیرا دەکات؟

بەڵێ　　　　نەخێر　　　　جارجار

بۆ وا بیردەکەیتەوە؟

....

....

گرنگترین تواناکانت چین کە پێیوە دەناسرێیتەوە؟

١-

....

٢-

....

٣-

....

ئایا خەڵکی شایەنی متمانەی تۆن؟

بەڵێ　　　　نەخێر　　　　نازانم

لەبەر چی؟

....

....

....

هیواخواستن

هەمان بڕی ووزە دەبات هاوشێوەی پلاندانان

ئیلینۆر رۆزفێلت

نهێنی سێیەم
دیاری کردنی ئامانج

گەر دەتەوێت ملیۆنێك (لە هەر شتێك بێت) بەدەست بێنیـت، هەر شتێك ئەوەی کەوا دەتەوێت بەدەستی بێنیـت، سـەرەتا دەبێت ئامانجەکەت دیاری بکەیت کە چ ملیۆنێکت دەوێت؟

ملیۆن پەند – ملیۆن زانیاری – ملیۆن دینار – ملیـۆن چـاکە – ملیۆن دۆلار! !

بزانە

جیاوازی چییە لە نێوان خەون وئامانج؟

خەون

ئایا کاتێك نووستووین خەون دەبینین؟

یان هەندێك جار کە بە ئاگاین خەون دەبینین؟

ئایا هەموو خەونەکان دێنەدی؟

یان هەندێك جار ناهێنەدی؟

خەون ئەندێشـەیەکی جوانـە. هـیچ سـنووورێکی نییـە و، هـیچ راستیەکی تێدا نییە، بەجوانی دێت و، بەخێرایی دەڕوات.

خەون خۆشییەکە نامێنێتەوە و، ئاواتێکە بەدەست ناهێت!

ئامانج

خەونێکە دەتوانرێت بێتە دی، چونکە هەموو ئامانجێك لە سەرەتایەکەی خەونە، بەڵام دەتوانرێت بێتەدی و جێبەجێ بکرێت لە ڕێگای چەند هەنگاوێکی جێگیر.

ئامانج چەند پلەیەکی هەیە.

مرۆڤەکانیش چەند جۆریان هەیە.

*کەسی وا هەیە نازانێت چی دەوێت بەدیاری کراوی.

*کەسی واش هەیە دەزانێت چی دەوێت بەڵام نازانێت چۆن بەدەستی بێنێت.

*کەسی واش هەیە دەزانێت چی دەوێت و، بەتەواوی دەزانێت چۆن بەدەستی دێنێت، بەڵام بڕوای بە تواناکانی نییە لەبەدەستهێنانی.

*کەسی واش هەیە دەزانێت چی دەوێت و، بەتەواویش

دەزانێت چۆن بەدەستی بێنێت، بەڵام جیهانی دەرەوە کاریگەری لەسەر دروست دەکات و، دۆخە زاڵبووەکان دووری دەخەنەوە لە بەدەست هێنانی ئامانجەکانی.

*لە کۆتاییدا کەسی وا هەیە دەزانێت چی دەوێت و، بەتەواوی دەزانێت چۆن بە دەستی بێنێت و، بڕوای بە تواناکانیشی هەیە لە بەدەستهێنانی. نە جیهانی دەرەوە کاریگەری لەسەر دروست دەکات و، نە دۆخە زاڵبووەکان. جا ئامانجەکانی بەدەست دێنێت و سەر دەکەوێت.

بەڵام... لەبەر چی جیاوازی نێوان خەون وئامانج دا دەکەین؟!

ئەوە بە شتێکی گرنگ دەبینم، تاوەکوو ئامانجەکەت بەدەست بێنیت.

هەروەها تا بزانی چیت دەوێت؟! خەون یان ئامانجێکی بەدەستهاتوو؟!

هەمیشە گوڵ بوونی هەیە

بۆ ئەوانەی بیانەوێت ببیبنن

هێنری میتز

بۆیە دەبێت بۆ هەموو خەونەکانت ئامانجی دیاری کراوی ڕوون و ڕەوان دابنێیت، بە شێوازێکیتر بڵێم: دەبێت ئامانجەکانت بە تەواوی دیاری بکەیت.

مەبەستم چییە لە دیاری کردنی ئامانج؟!

مەبەستم لەوەیە کەوا چەند پرسیارێك ئاڕاستەی خۆت بکەی هاوشێوەی ئەم پرسیارانە بن کە ئێستا نیشانت دەدەم و، بە وردی وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەیتەوە..

دەمەوێت فێربم........... چیم دەوێت بەدیاری کراوی؟!

دەمەوێت سەرکەوتوو بم..... چیم دەوێت بەدیاری کراوی؟!

دەمەوێت دۆڵەمەند بم.... چیم دەوێت بەدیاری کراوی؟!

ناکرێت ئەمانە هیچیان ئامانج بن، چونکە دیاری کراونین.

زۆربەی ئەو کەسانەی لە دەوڵەتە عەرەبیەکانن گەر پرسیارێکمان ئاڕاستە کردن بڵێت: چیت لە دونیا دەوێت؟!

وەڵامت دەداتەوە: داپۆشراویم دەوێت!!

دەبێت ئامانجەکانت دیاری کراو بن ودەکرێت جێبەجێ بکرێن..

هاوسەرگیریت دەوێت؟

ئێستا ئامانجت ئەوەیە کە هاوسەرگیری بکەی؟!

هاوسەرگیری ئامانجێکی روونە، بەڵام ئامانجێکی پڕ کەموکوڕیە، چونکە ئامانجەکەت لە هاوسەرگیریدا دیاری نەکردووە .

ئایا دەتەوێت هاوسەرگیری بکەیت بۆ پێکهێنانی خێزانێك، یان دەتەوێت هاوسەرگیری بکەیت، چونکە دەتەوێت پەیوەندی لەگەڵ فلانە کچ ببەستیت، یان دەوتەوێت هاوسەرگیری بکەیت لەبەر ئاوا و ئاوا.

دەتەوێت شوقەییەکت هەبێت؟!

ئامانجەکە دیاری کراوە بەڵام کەموکوڕی تێدایە.

دیـاری کـردن گرنگـە، تـاوەکوو لـە کۆتاییـدا ئامانجەکـە کەموکوڕی تێدا نەبێت.

کەسێك ئاواتە خوازە ببێتە ملۆنێر، ئامانجەکە دیـاری کـراو و روونە بەڵام کەموکوڕی تێدایە، چونکە هیچ شـتێکی لـەبارەی ئامانجەکـەی دیـاری نـەکردووە، لەبەرچـی دەیـەوێت ببێتـە ملیۆنێر؟ لە چیدا کار دەکات؟ لە کویێ کار دەکات؟ ئەوەی لە هـەمووی گـرنگترە، چـی دەکـەیت لـەدوای ئـەوەی بـووی بـە ملیۆنێر؟!

ئامانجی"دالیـدا" – گـۆرانی بێـژی بـەناوبانگی عـەرەبی و جیهانی – ئەوە بوو کە ببێتـە بـەناوبانگترین گـۆرانی بێـژ لـە جیهاندا و، ئامانجەکەی خۆی بەدەسـت هێنـا، بـەڵام لـەدوای بەدەست هێنای خۆی کوشت..

لەبەر چی؟!

چونکە لەدوای بەدەست هێنانی ئامانجەکەی هیچ مانایەکی بۆ ژیان نەبینی

هەروەها کچەکەی ئۆنانیس دەوڵەمەندترین کەسـی جیهـان – لە کاتی خۆی– خـۆی کوشـت، چـونکە هـەموو ئامانجـەکانی بەدەستهێنا" بەڵام هـیچ مانایـەکی بـۆ ژیـان نـەبینی و خـۆی کوشت.

چ پەیوەندییەك هەیە لەنێوان ئەم دوو دۆخەدا" دۆخی دلیدا و

دۆخی کچەکەی ئۆنانیس؟!

پەیوەندی نێوان ئەم دوو دۆخە بریتیە لەوەی ئامانجێکی دیاری کراو هەیە بەڵام بەردەوامی نییە، لەبەر ئەوەی نەبەستراوەتەوە بە چەند بەهایەکی بەرز، بۆیە بەم شێوەیە لەناکاو ئامانجەکە دەپچڕێت و، ژیان بێ مانا دەبێت!

"زۆرن ئەوانەی بیرۆکەیەکی هەڵەیان هەیە لە بارەی ئەو شتەی کە بەختەوەری ڕاستەقینە دروست دەکات. بەختەوەری بەدی ناهێت لەڕێگای ئەوەی کەسێك چێژ بداتە خۆی یان حەزەکانی تێر بکات، بەڵکو لەڕێگای دڵسۆزی بۆ ئامانجێکی بەهادارەوە دەبێت"

هێلین کیلەر

ئایا هیچ ڕۆژێك بیرت لە سروشتی ئامانجەکانت کردۆتەوە؟

ئایا لە بەها و گەورەیی ئامانجەکانت لە ژیاندا لەخۆت پرسیوە؟

ئایا هیچ ڕۆژێك ئاگاداری بەها بەرزەکەت بووی لە بوونت بە جێنشینی خودا لە سەر زەویەکەی؟

ئا بەم شێوەیە دەبێت ئامانجەکانت وەك بوونت مەزن بن.

ئایا ئامانجەکانت بە بەها وئەنجامێکی بەرزەوە بەستراوەتەوە؟

ئامانجەکان چین؟

ئەو ئەنجامە ڕاستەقینانەن کە دەتەوێت بەدەستی بێنیت؟

جۆرەکانی ئامانج.

یەکەم: چەند ئامانجێکی کورت خایەن:

ئەوانیش ئەو ئامانجانەن کە لە ماوەیەکی کەم بەدەستیان دەهێنیت، زۆربەی کات لە ڕۆژێك تا ساڵێکە"

نموونە: دەستکەوتنی خولێکی ڕاهێنەرانە بۆ ماوەی شەش مانگ لە پرۆگرامێکی دیاری کراو لە پرۆگرامەکانی کۆمپیوتەر، یان ئەنجامدانی گەشتێك.

دووەم: چەند ئامانجێك بۆ ماوەیەکە مام ناوەند:

ئەوانیش ئەو ئامانجانەن کە لە ماوەیەکی مام ناوەند بەدەستیان دەهێنیت، زۆربەی کات لەنێوان ساڵێك تا پێنج ساڵە"

نموونە: بەدەستهێنانی بڕوانامەیەکی زانکۆیی، یان بەدەستهێنانی دبلۆم لە کارگێڕی کارەکان، یان بەدەستهێنانی ماستەر لە زانستێکدا، یان داڕشتنی

پڕۆژەیەکی بازرگانی، یان بەدەستهێنانی پاڵەوانیەتێك لە وەرزشێکدا.

سێیەم: چەند پلانێکی درێژ خایەن یان ستراتیجی:

ئەوانیش ئەو پلانانەن کە لە ماوەیەکی درێژ بەدەستیان دەهێنیت، لە زۆربەی کات لەنێوان پێنج ساڵ تا بیست ساڵ یان زیاترە" نموونە: بەدەستهێنانی نمرەی دکتۆرا، یان بەدەستهێنانی پۆستێکی دیاری کراو لە کارێکی دیاریکراو، یان بۆ نموونە بەدەستهێنانی خەڵاتێکی جیهانی.

گەر بوونی ئامانجەکە نهێنی ڕاستەقینە بێت بۆ بەختەوەری، جا چۆن دەتوانین بیر لە مرۆڤێك بکەیتەوە کە بێ ئامانج بێت لە ژیانیدا؟!!

چۆن پلان بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکەت دادەنێیت؟!!

یەکەم.. تۆ ئێستا لە کوێیت؟

(دیاری کردنی بارودۆخەکە)

پێش ئەوەی پلان بۆ هەر شتێکی ژیانت دابنێیت.

یەکەم جار بیر بکەوە تۆ لەکوێیت؟

لە خۆت بپرسە: ئایا من قایلم بە بارودۆخی ئێستام؟

هەموو شتێك لە بارەی خۆتەوە بزانە.

هەموو شتێك بزانە کە لە ژیانتدا بەدەستت هێنابێت.

ئێستا کاغەز و پێنووسێك بێنە و، هەر شتێکت بە مێشکدا دێت لە بارەی هەڵسەنگاندنی ژیانی ئێستات بنووسە.

هەندێکیان دەنووسن باری داراییم ئاوا و ئاوایە، ئەوەندە و ئەوەندەم هەیە، ئەوەندە و ئەوەندە قەرزەم لەسەرە، هەندێکیان دەنووسن ئاستی خوێندەواریم ئاوا و ئاوایە،

ئەوەندە و ئەوەندە شەهادەم هەیە.

هەندێکی تر دەنووسن پەیوەندیم لەگەڵ خەڵکی ئاوا و ئاوایە، بە فڵان جۆرە ڕەفتار لەگەڵ خەڵکی دەکەم، یان ئاستی هاوڕێیەتییانم بە دڵ نییە، یان هەست بە تەنهاییەکی زۆر دەکەم، یان کەسێك نادۆزمەوە گرنگیم پێبدات.

ئەو بارودۆخەی باسی دەکەی هەر جۆرێك بێت، بینووسەوە، هەریەك لە ئێمە ئامانجێکی جیاوازی هەیە لەکەسانی تر، تا فێرببیت چۆن پلانێکی چاك دابنێیت پێویستە باش بزانیت ئێستا لە کوێیت..

خاڵی هێز لای تۆ چییە؟

خاڵی لاواز لای تۆ چییە؟

ئەو هەلە بەردەستانە چین کە هەتە و، چۆن دەکرێ سوودی لێ ببینی؟

ئەو ئاستەنگ و لەمپەرانە چین کە ڕێگریت لێدەکەن؟

هەموو ئەو پرسیارانە پێویستە بینووسیتەوە پێش ئەوەی پلان دابڕێژیت، وەڵامێکی ڕوونیشی بدەیتەوە.

تاکە خۆشبەختی ڕاستەقینە ئەوەیە کە خۆمان بەخت بکەین لەپێناوی بەدەستهێنانی ئامانجێکی مەزن لە ژیاندا..

جۆن ماسۆن

تۆ ئەی قوتابی کە نمرەیەکی وات بەدەست نەهێناوە کە قایلت بکات، ئەو نمرانە لە پێش خۆت بنووسە کە بەدەستت هێناون، پاشان بارودۆخەکانت بە وردی بنووسە، لە فلان و فلان وانەدا لێهاتووی و، حەزت لێ نییە مامەڵە لەگەڵ چەند وانەیەکی تر بکەیت.

تۆش کە خوێندنت تەواو کردووە و، بەرەو ژیانی کارکردن دەچیت، بارودۆخەکەت بە باشی بزانە. تۆ کۆلێژت تەواو کردووە و، ئەو توانستانەت هەیە بۆ کارکردن لەگەڵ ئەم و ئەو. خۆت لە فلان وفلان کاردا بە لێهاتوو دەزانیت.

تۆش ئەی ئافرەت لە ماڵەوە، هەموو بارودۆخەکانت لە پێش خۆت بنووسە. هاوسەرەکەت بە شێوەیەك مامەڵەت لەگەڵ دەکات و، تۆش ئەم مامەڵەیە ڕەت دەکەیتەوە یان پێی خوشحاڵیت. ئایا تۆ ئافرەتی ماڵەوەیت یان کاردەکەیت؟ ئەوەندە مندالّت هەیە، ئەوە و ئەوەیان لێت دەوێت.

هەر یەکێکمان بارودۆخی خۆی دەزانێت، بەڵام هەندێك جار

لەگەڵ خۆیدا راشکاو نین، جا یان لەترسی ڕووبەڕووبوونەوەی خۆیەتی، یان لەبەر تەمبەڵی ڕووبەڕووبوونەوەکەیە، یان بۆ خۆفریودانە. بەڵام دەبێت باش تێبگەیت کەوا یەك هەنگاو بەرەو پێش ناچی لە ژیانتدا، بێ ئەوەی کە بە باشی لە بارودۆخەکەت تێنەگەیت، بێ ئەوەی درك بەوە بکەیت کەلە ژیانتدا تۆ لەکوێی.

دووەم..

دەتەوێت بەرەو کوێ بچیت؟

بۆ ئەوەی لە داهاتوودا سەرکەوتوو بیت، دەبێت بە وردی ئامانجەکانت دیاری بکەیت و، پاشان کار لەسەر بەدەستهێنانیان بکەیت، تا بتوانیت بگەیت بە ئەنجامە ئایندەییەکانت. بێ ئامانجی ڕوون ئەوا تۆ ناتوانیت ئەوە بەدەست بێنیت کە بۆی دەڕۆیت، **چونکە ئەوەی بێ ئامانجێکی ڕوون دەڕوات تەنها بە شتانی نەزانراو دەگات!** لە ئامانجەکانت ڕاستەقینەیی بە، چونکە گەر پلان بۆ ئەو دابنێیت بۆ نموونە دۆڵەمەند بیت و، تۆش فەرمانبەرێکی حکومەتیت، ئەوات تۆ بە خۆت پێدەکەنی، چونکە لە هەموو جیهاندا هیچ ملیۆنێرێك و ملیاردێرێك نییە کە لە کارێکی

حکومیدا کار بکات. **بەلاینەی کەم گەر بیر لە پارەیەکی حەڵاڵ بکەیتەوە.**

لە سوودەکانی دیاری کردنی ئامانج ئەوەیە کە مرۆڤ هان دەدات بەرەو بەرهەمهێنان و بەجێهێنانی کاری زیاتر. دیاری کردنی ئامانجەکانت و هەستکردنت بەوەی یەک لەدوای یەک بەجێیان دەهێنیت، هانت دەدات لەسەر بەجێهێنان و کارکردن و پلاندانان. هەروەها متمانەت بەخۆت زیاتر دەکات و، هەستی بەجێهێنان و سەرکەوتنت پێ دەبەخشێت.

پێنج.. نەوەد و پێنج

یەکێک لە زاناکان بەناوی "باریتۆ" یاسایەکی زۆر گرنگی نووسی لە بەدەستهێنانی ئامانج. (یاسای باریتۆ) دەڵێت: دەتوانیت بە ڕێژەی ٪٨٠ کارا بیت گەر٪٢٠ ئەو ئامانجانە بەدەست بێنی کە بۆ خۆتی دەکێشیت.

گەر لیستێکی ڕۆژانەت هەبوو کە دە ئامانجی تێدا بوو، ئەوا ئەو دەگەیەنێت کەوا لەوانە تۆ بە ڕێژەی ٪٨٠ کارا بیت گەر گرنگترین دوو ئامانجت بەجێهێنا. بیرۆکەی سەرەکی یاسای باریتۆ ٨٠\٢٠ ئەوەیە کەوا کەسێک دەتوانێت کارا و خاوەن توانستێکی بەرز بێت، گەر یەکەم جار جەختی لەسەر ئامانجە گرنگەکانی کردەوە، جا گەر بتەوێت کارەکانت بە جێبهێنیت،

ئەوا دەبێت پلانی کارێك دابنێت بۆ بەجێهێنانی ئـەو ئامانجـە کێشـراوانە، بەشـێوەیەك کـە ژیانـت پڕۆگرامـدار بیـت بـۆ بەدەستهێنانی ئامانجە دیاری کراوەکانت.

لێرەدا.. دەپرسم بۆ ئـەم یاسـایە لای ئێمـە نابێتـە (٩٥ \ ٥) بەشـێوەیەك کـە تـەنها پێـنج لەسـەدی ئامانجـەکان دەکرێـت نــەوەد و پێــنج لەســەدی داواکــراو بەدەســت بهێنێــت، بەشێوەیەکی تـر بڵـێم: بەدەسـتهێنانی ئامانجـە گرنگـەکان و بەجێهێنانیان بە شێوەیەکی داواکراو، بێگومان دەتگەیەنێتـە بەدەستهێنانی تـەواوی ئامانجـەکانت، بەمـەرجێك... گـرنگتر ئەوجا گرنگ..

٢٠٪ ی ئامانجەکانت = ٨٠٪ کارکردن

سێیەم.. چۆن بە داواکراو دەگەیت؟!

چـۆن ئامـانج و ئاواتـەکانت نـاگۆڕێن بـۆ تـەنیا هیوایـەك، جـا دەبێت ئەمە دابنێت.

پلانێکی کرداری ڕاستەقینەیی

شـێواز و هۆکـارە کرداریـەکانی تێـدا دیـاری دەکـەیت، بـۆ گەیشـتن بـە ئامانجـە دیـاری کراوەکـان، ئـەگینا گـەر هـەر یـەکێکمان کۆمەڵـە ئامـانجێکی گـەورەی هـەبێت، هیچـیان

بەدەست ناهێنێت گەر هەنگاوی زانستی بەدوادا نەنێت و، کۆششێکی تایبەت و، کارکردنێکی تێکۆشەرانەی لە پێناو گەیشتن بە ئامانجە کێشراوەکانی نەبێت.

کەسی تەمبەڵ و دواخەری کارەکان و لەش قورس لەکارەکاندا، هیچ شتێك بەدەست ناهێنێت لە ئاواتەکانی، گەرچی گەورەترین ئامانج و باشترین ئاواتیشی بۆ خۆی دانابێت.

باشترین ڕێگاکان

ئەوەیە کەوا پلانە کرداریەکانت بەگوێرەی ئەو ئامانجانە دابنێیت کە لە ئاواتدا هەیە بەدەستیان بهێنیت، ئەوجار پلانێك بۆ ئامانجە ڕۆژانەکانت دابنێیت، پاشان پلانێك بۆ ئامانجە هەفتەییەکانت، پاشان پلانێك بۆ ئامانجە مانگیەکانت و، پلانێك بۆ ئامانجە ساڵانەییەکانت و، پلانێك بۆ ئامانجێکی ماوە پێنج ساڵ... بەم شێوەیە زیاتر لە پلانێکت دەبێت بۆ ئامانجە کێشراوەکانت، جا پلانێکت دەبێت بۆ ئامانجە نزیکەکانت، یەکێکی تر بۆ ئەو ئامانجانەی بۆ ماوەیەکی مام ناوەندن، یەکێکی تر بۆ ئامانجە دوورەکانت.

چوارەم.. چۆن دەزانی کەوا گەیشتوویتە ئامانجی داواکراو؟

ئایا ماوە ماوە بەخۆتدا دەچیتەوە؟

ئەوە کارێکی سەرەکییە لە هەر پلاندانانێکدا. چۆن دەزانیت کەوا گەیشتوویتە ئامانجە داواکراوەکەت، بەخۆتدا بچۆرەوە و بە باشی دڵنیابە لەو ئامانجانەی کە بۆ خۆت نووسیوە، ئایا پێیان گەیشتوویت؟ مەشڵەژێ گەر بە تەواوەتی بەدەست نەهێنابێت، بەڵکو دڵخۆش بە بەجێهێنانی بەشێك لە ئامانجەکانت. هەوڵدانەکەت تەواو بکە لە بەدەست هێنانی تەواوی ئامانجەکانت.

بە وردی چاودێری بکە و، شەرم لەخۆت مەکە. لەهەمان کاتدا زیادەڕۆیی مەکە لە سەرزەنشت کردنی خۆت تاوەکوو حەز و ئەو بڕیاردانەکەی تێدا نەکوژێت.

نمرەیەك بە خۆت بدە لە دە لە هەڵسەنگاندی ئامانجەکانت، پاشان پاداشتی خۆت بدەوە گەر توانیت ئامانجەکانت بەدەست بهێنیت.

پێنجەم.. ئەو کێشە نوێیانە چین کە ڕووبەڕووت دەبنەوە؟

فریاکەوتن ئەوە دەگەیەنێت کەوا شتێکی نەخوازراو ڕووی داوە، بێ ئاگاداریەکی پێشەکی، لەبەر ئەوە لە کرداری پلاندانان بۆ داهاتوو دەبێت پلانی پێشەکی دابنرێت بۆ دۆخی لەناکاو، تاوەکوو توانات لەدەست نەدەیت لەمامەڵەکردن لەگەڵیاندا. چونکە زۆر جار کارەکان بەو شێوەیە ناڕۆن کە تۆ دەتەوێت، یان شتێکی نەخوازراو ڕوو دەدات، کە لەوانەیە گرفت بە پلانە داڕێژراوەکانت بگەیەنێت بۆ بەدەست هێنانی ئامانجەکان. بەڵام ئەگەر لە ئامادەباشی دابوویت بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی هەر دۆخێکی ناکاو لە کاتی تەنگانەدا، هەروەك شاژنی داهێنان لە ڕووبەڕووبوونەوەی دۆخە ناکاوەکاندا بە چەند پلانێکی نوێ دۆڵەمەندی دەکات، کە توانای مامەڵەکردنی لەگەڵ هەر ڕووداوێکی لەناکاو و نوێدا هەیە کە سەرکەوتنت بۆ مسۆگەر دەکات لە داهاتوودا.

لەکۆتایدا بزانە گەر تۆ شکستت خوارد لە پلاندانانت بۆ داهاتوودا ئەوا پلانت بۆ شکستخواردن داڕشتووە، بەڵام گەر سەرکەوتوو بوویت لە پلاندانانت بۆ داهاتووت، ئەوا پلانت بۆ سەرکەوتنت داناوە! شەوقی دەڵێت:

ئازیزم بەدەست هێنانی داواکاریەکان بە هیوا خواستن نییە، بەڵکو دونیا بە تێکۆشان بەدەست دێت. بەدەستهاتنی شتێك لەسەر کۆمەڵێکدا قورس نابێت، گەر دەستپێشخەریان کردبێت.

لە گەراجی بانکەکەدا ڕاییگرە

پیاوێکی لوبنانی چووە بانکێك لە شاری نیۆیۆرك و، داوای بڕی ٥٠٠٠ دۆلاری کرد بە قەرز پێی بدەن، گوتی دەیەوێت بۆ ئەورووپا گەشت بکات بۆ بەجێهێنانی هەندێك کار، بانکەکە داوای دەستەبەری و مسۆگەری لە لوبنانیەکە کرد بۆ گەڕاندنەوەی بڕە پارەکە. لەبەر ئەوە لوبنانیەکە کلیلی ئۆتۆمبێلەکەی خۆی " ڕۆڵز ڕۆیس" ڕادەستی بانکەکە کرد، وەك دەستەبەرێکی پارەیی!

پاسەوانی بانکەکە پشکنینێکی بۆ ئۆتۆمبێلەکە کرد و بینی

کەوا سەلامەتە. بەم شێوەیە بانکەکە ئۆتۆمبێلەکەی وەك دەستەبەریەك قبولْ کرد.

خاوەن بانك و کارمەنەکانی زۆر بەو پیاوە پێکەنین، بۆ ڕادەستکردنی ئۆتۆمبێلەکەی "ڕۆلز ڕۆیس" کە نرخی ٢٥٠٠٠٠ دۆلارە وەك دەستەبرێك بۆ ئەو بڕە پارە قەرزکراوە کە بڕەکەی ٥٠٠٠ دۆلارە. یەکێك لە کارمەندەکان ئۆتۆمبێلەکەی لە گەراجەکەی خوارەوەی بانکەکە ڕاگرت.

دوای دوو هەفتە، لوبنانیەکە لە گەشتەکەی گەڕایەوە و بەرەو بانکەکە ڕۆیشت، بڕە پارەی ٥٠٠٠ دۆلاری گەڕاندەوە و قازانج بە نرخی ١٥.٤١ دۆلار.

بەڕێوبەری قەرزەکان لە بانکەکەدا گووتی: بەڕێزم، ئێمە زۆر خۆشحالْین بە مامەلْەت لەگەلْمان، بەلاْم ئێمە زۆر سەرمان سوڕماوە! لە مامەلْەکان و ژمێریایەکانتمان کۆلْیەوە و زانیمان کەوا تۆ خاوەنی ملیۆنانی! جا چۆن بڕە پارەیەك بە نرخی ٥٠٠٠ دۆلار قەرز دەکەیت لە کاتێ تۆ پێویستت پێی نییە؟ پیاوەکە بە زەردەخەنەوە وەلاْمی دانەوە:

بەڕێزم، ئایا هیچ جێگایەك لە شاری نیۆیۆرکی فراوان هەیە کە بتوانم ئۆتۆمبێلەکەمی تێدا ڕابگرم بە نرخی ١٥.٤١ دۆلار، بێ ئەوەی ببینم کە دزراوە، پاش ئەوەی کە لەگەشتەکەم دەگەڕێمەوە؟

هــیچ جێگایــەکم لــە بانکەکــە پــارێزراوتر نەدۆزیــەوە وەك گەنجینەیەك بۆ ئۆتۆمبێلەکەم.. سوپاستان دەکەم

خۆت بناسە

ئامانجە درێژ خایەنەکەت چییە؟

....

....

ئامانجەکەت چییە بۆ ماوەیەکی مام ناوەند؟

....

....

....

....

ئێستا.. ئامانجە کورت خایەنەکانت چین؟

....

....

....

....

....

هەر کاتێك زانیت کاتەکانت دابەش بکەیت، ئەوا ڕۆژەکەت وەکو سندوقێك دەبێت، کە جێگایی زۆر شتی تێدا دەبێتەوە

پەندێکی یابانی

نهێنی چوارەم

ڕێکخستنە سەرەکییەکان

ڕێکخستنی کارە سەرەکییەکان یاسایەکی گرنگە بۆ پلاندانان بۆ داهاتوو، چونکە ئەو مرۆڤە سەرکەوتووە کە دەتوانێت باشترین ئەنجامەکان بەدەست بهێنێت لە کاتی ڕەخساودا. لە هەمان کات ناتوانی ئەوەش بکەیت بێ یاسای (ڕێکخستنی کارە سەرەکییەکان) کە ڕێکخستنی ئامانج و ئیش وکارەکانە بەپێی گرنگیان. گرنگترین پاشان گرنگ. بەم شێوەیە دەتوانیت بە زووترین کات بگەیتە ئامانجە کێشراوەکانت. کێشەی هەندێك خەڵك ئەوەیە بە کاری گرنگ دەستپێدەکەن پێش گرنگترین، بەو کارانەی کە پەلە نین لەپێش ئەوانەی کە پەلەن، بەو کارانەی کە پێویست نین پێش ئەوانەی کە پەلەن. جا کارەکان تێکەڵ دەبن و، کاتەکە بەبێ سوود دەڕوات، یان بە سوودێکی کەم. سەیرەکەش لەوەدایە کە ئێمە زۆر کات لەدەست دەدەین بە کاری لاوەکی و بێ مانا و ناپێویست. لەکاتێکدا مرۆڤی سەرکەوتوو لەژیانیدا پەیامێکی ڕوونی هەیەو، بۆ خۆی ئامانجی دیاری کراو دەکێشێت و، کار لەسەر وەبەرهێنانی هەر خولەکێك دەکات لەژیانیدا بۆ بەدەست هێنانی ئامانجەکانی، جا بە بەجێهێنان و

وەبەرهێنانی کارە گرنگترینەکان پاشان گرنگەکان دەست پێدەکات، وەك یاسایەك کە ناتوانرێت دەست بەرداری ببن بۆ هەر کەسێك کە ئارەزووی سەرکەوتن و بەرەوپێشچوون و پێشکەوتن بکات. ڕێکخستنی کارە سەرەکییەکان شتێکە لەو پەڕی گرنگیدایە تا هەوڵدانەکان بەبێ هوودە نەڕۆن، یان وزەکان پەرش وبلاو بن، جا گەر قوتابیت سەرنجی ئەوە بدات کە کۆمەڵگەکەی پێویستی بە چ لێهاتوویەکە و، لە چ پسپۆڕیەکی زانستی کەمە. بەمانایەکی وردتر: سەرنج بدە ئەوەی بازاڕی کار پێویستی بە چی هەیە، ڕووبکە ئەو پسپۆڕیانەی خاوەن پێویستی و گرنگین، چونکە وەك کارێکی سەرەکین بۆ تۆ و کۆمەڵگاکەت و بازاڕی کار، بەهەمان شێوەیە بۆ تۆ لە پەرستشەکانت، کە نابێت واز لە کارە فەرزیەکان بهێنیت و کارە سوننەتەکانیان لەجیاتی بکەیت! ئا بەم شێوەیە.

بیر لە ون بوو مەکەوە .

تا ئەوەت لێ ون نەبێت کە هەتە.

پەندێکی چینی

ئایا تایبەتمەندیەکانت بە باشی دەزانیت؟

ئایا ناتەواویەکانت بەباشی دەزانیت؟

ئایا ترسەکانت باش دەزانیت؟

گەر هەموو ئەمانە بزانیت، هەلە ڕەخساوەکانی بەردەمت بەباشی بناسە!

تا بتوانیت کارە سەرەکییەکانت دیاری بکەیت و، وەڵامی پرسیارەکانی پێشو بدەرەوە، چونکە بەیارمەتی ئەوانە دەتوانیت بزانیت لە کوێیت. لەسەر ڕۆشنایی ئەم کارە سەرەکییانە دەتوانیت بزانیت کام ڕێگا ئاسانتر دەبێت بۆ گەیشتن بە ئامانجەکەت بە خێرایی.

خۆت ڕابهێنە لەسەر گرنگی پێدانی ڕێکخستنی کارە سەرەکییەکان و، ڕەچاوکردنی گرنگترین پاشان گرنگ پاشان گرنگ تا بتوانیت بگەیت بە باشترین ئەنجامەکان کە سەرکەوتنت بۆ مسۆگەر دەکات لەئێستا و داهاتوودا.

هەر یەك لە ئێمەدا بە چوار دۆخدا تێدەپەڕێت لە ژیانیدا، چوار دۆخ لە ڕووداوەکان. باش بزانە چۆن مامەڵە لەگەڵ هەر یەك لەم دۆخانە دەکەیت..

دۆخی یەکەم: پێویستە و ناکرێت نە بەجێبهێڵرێت و، نە دوابخرێت.

وەك ڕووداوێکی لەناکاو، یان کێشەیەکی گەورە. ئەم دۆخە ناتوانرێت دوابخرێت و، ناکرێت بە کەمتەرخەمی مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، گەر پەککەوتنێکیش بنوێنێت بۆ پلاندانانەکەت بۆ گەیشتن بە ئامانجەکەت، لەو کێشە ناکاوانەی دابنێ کە پێشتر خۆت بۆ ئامادەکردبوو کە مامەڵەیان لەگەڵ بکەیت.

دۆخی دووەم: گرنگە و ناکرێت بەجێبهێڵرێت یان لەبیرببرێتەوە.

وەك پەیوەندیە گشتیەکان بەنموونە، یان خوێندن. ئەم دۆخەش ئەوەیە کە پلانی بۆ دادەنێین و، هەمیشە گرنگی پێدەدەین، چونکە هەنگاوێکی بنچینەییە لە بەدەستهێنانی ئامانجەکە.

دۆخی سێیەم: بەم شێوەیە پێویست نییە، دەتوانیت دوای بخەی یان بەجێی بهێڵیت.

وەك چوونە سەر ئینتەرنێت بە بێ ئامانج، یان خوێندنەوەی ئەو ڕاپۆرتانەی گرنگ نین. لێرەش دەبێت ئاگاداربین، چونکە زۆرێك لە ئێمە پێیەوە خەریك دەبین و لەم دۆخەدا ون دەبین، کە وادەزانین گرنگ و پێویستن، لەوانەیە سوودبەخش بن بەڵام پێویست نین، دەتوانرێت دوابخرێن و، دەکرێت پشتگوێ بخرێن گەر پێچەوانە بوو لەگەڵ پلاندانان و ئامانجەکەت.

دۆخی چوارەم: گرنگ نییە و نامریت گەر بەتەواوی بەجێتهێشت.

ئەویش دۆخی بەفیڕۆدانی کاتە، وەك ئەو کاتە درێژانەی بەفیڕۆی دەدەین لە سەیر کردنی تەلەفزیۆن، یان گفتوگۆ مۆبایلییە درێژەکان کە زۆر کات بێ ئامانج و بێ سوودن، یان دانیشتن بۆ چەند کاتژمێرێکی زۆر لە قاوەخانە و کافێیەکان.

وا نەزانی کەوا من خۆشگوزەرانی لە ژیانت لادەبەم، چونکە خۆشگوزەرانی زۆر پێویستە تا بتوانیت لە کارکردندا بەردەوام بیت و، بۆ کۆششکردن بۆ بەدەست هێنانی ئامانجەکەت. بەڵام خۆشگوزەرانی دەبێت وەك هەر کارێکیتر بێت لە ژیانتدا، کاتی ژمێردراوی و، جێی خۆی هەیە لە کارە سەرەکییەکاندا، نابێت زۆر بێت بەڕێژەیەك پەکی ژیانت بکەوێنێت، یان سەرقاڵت بکات لە بەدەستهێنانی ئامانجەکەت.

زۆرێك لە خەڵکی بەرانبەر کێشەکانی ژیانی بەتەواوی سەرقاڵ دەبێت و، وەك یەك پارچە سەیری کێشەکە دەکات، جا هیچ چارەسەرێکی بۆ نادۆزرێتەوە و، هەست بە شلەژان و بێ دەسەڵاتی دەکات.

لێرە لەوانە دەپرسم، دڵنیابن لەوەڵامەکەیان چارەسەری

کێشەکەیان تێدایە.

ئایا دەتوانیت مانگایەك بخۆیت؟

ئایا دەتوانیت شاخێك بگوازیتەوە؟

بەڵێ دەتوانی..

بەڵێ دەتوانی مانگایەك بخۆیت و، دەتوانیت شاخێك بگوازیتەوە، بەڵام مانگاکە بەیەك جار ناخۆیت و، شاخەکە بەیەك جار ناگوازیتەوە.

گەر مانگاکەت بۆ هەزار پارچە، پارچەکرد و هەر پارچەیەکت بەو شێوەیە لێنا کە خۆت حەزی لێ دەکەیت، ئینجا دەستت بە خواردنی پارچەکان کرد، هەر ڕۆژێك پارچەیەك، ئەوا لە هەزار ڕۆژدا مانگایەکت خواردووە.

وگەر لە هەر ڕۆژێك دوو پارچەت خوارد، ئەوا لە پێج سەد ڕۆژدا مانگایەکت خواردووە، بەم شێوەیە.

گەر هەر ڕۆژێك هەستای بەگواستنەوەی بەشێك لە شاخەکە، هەر ڕۆژێك بەشێکی بچووك بگوازیتەوە، پاش ماوەیەك لە پڕا دەبینیت کەوا شاخێکت لە جێگاکەی خۆی گواستۆتەوە.

جا گەر هەوڵ بدەیت هەموو شتێك بە یەك جار ئەنجام بدەیت ئەوا هەرگیز ناتوانیت هیچ شتێك بکەیت، بەڵام گەر توانیت کاتەکانت بە باشی دابەش بکەیت بۆ ئەنجامدانی کارەکانت لەسەر چەند قۆناغێکی بەرنامە بۆ داڕێژراو، ئەوا سەرکەوتوو

دەبیت لە ئەنجامدانی کارەکانت بەباشترین شێوە.

هەرگیز ئەوەت لەیاد نەچێت کە شاخ بریتیە لە چەند وردیلە خولێك کە پێکەوە کۆبوونەوە.

نهێنی پێشکەوتن بریتیە لە دەستپێکردن.
نهێنی دەستپێکردن بریتیە لە شکاندنی ئەرکە گەورە وئالۆزەکان بۆ ئەرکی ئاسان وبچووك، پاشان دەستپێکردن لە یەکەم ئەرکدا..

مارك تواین

ئایا پرۆگرامی ماسی دەزانیت؟!

وەرە با شێوەی تۆمان بیر بێتەوە کاتێك ماسیەك دەخۆیت،

چی دەکەیت؟

کاتێك گۆشتەکە لە ئێسك و دڕکەکان جیا دەکەیتـەوە، بـۆت دەردەکەوێت کەوا پەیکەری ماسی بریتیە لە ستوونێکی درێژ و، زۆر لقی لاوەکی لێ دەبنەوە.

چـاك بزانــە کێشــەکانت بـەم شـێوەیەن لـە ژیانـدا. هێلێکـی بنچینەیی و، چەندان هێڵـی لاوەکـی هـەن. گـەر توانیـت لـەم ڕاستیە تێبگەیت و، هەموو کێشەکانت شی بکەیتەوە تاوەکوو وەك ماسی لێبێت، ئینجا بنچینە و لقەکان دەبینی، ئەو کاتـە هەرگیز هیچ کێشەیەکت نابێت لە ژیاندا.

قوتابخانە یان جلەکەی

چاودێری یەکێك لە قوتابخانەکانی کچان لە یەکێك لە شارە عەرەبیەکان، خێرا ڕێی دەکرد بەرەو لای بەڕێوبەری قوتابخانەکە، تاوەکوو ئامادەنەبوونی بەردەوامی پێنج خوشکی قوتابخانەکەی پێ ڕابگەیەنێت کە لەسەرەتای ساڵی خوێندنەوە نەهاتوون.

چاودێری بەرپرسی بەدواداچوونی کاروباری قوتابیەکان دەستی بە گێڕانەوەی وردەکاریەکان کرد: پێنج قوتابیەکە تۆمار کراون لە قوتابخانەکە، هەموویان لە یەك خێزانن، بەڵام تێبینی ئەوە کراوە کەوا چواریان ئامادەنابن و، هەر ڕۆژێك یەکێکیان بە نۆبە دێنە قوتابخانە. چاودێرەکە ویستی هۆیەکەی بزانێت و لە ژمارەی مۆبایلیماڵی خێزانەکە بگەڕێت بۆ زانینی هۆی ئەم ئامادەنەبوونە، بەڵام هەوڵەکانی بێ سوودبوون، ویستی هۆیەکەی لە یەکێك لە خوشکەکان بپرسێت، بەڵام هیچ زانیاریەکی نەدرکاند و، نهێنیەکەی ئاشکرا نەکرد.

بەڕێوبەرەکە گرنگی بە بابەتەکە دا، هەموو ئەگەرە کۆمەڵایەتی و دەروونیەکانی دانا، بەڵام دۆخی هەڵاتنی قوتابیەکانی لە قوتابخانە بە دوور دانا.

پاش بەدوا داچوونێکی درێژ هەواڵە سەرسوڕهێنەرەکە بە جۆرێک بوو کە هەستی بەڕێوبەر و چاودێر و تەواوی بەڕێوبەرایەتی قوتابخانەکەی هەژاند، کاتێ بەدواداچوونەکە ئەوە بوو کەوا کێشەی هەر پێنج خوشکەکە ئەوە بوو کە تەنیا یەک جلی قوتابخانەیان هەبوو، هەر یەکێکیان ڕۆژێک لە هەفتەدا لەبەری دەکات و، خوشکەکانی تریش لە ماڵەوە دەمێننەوە.

بەڕێوبەری قوتابخانەیە هیچی لەبەر دەستدا نەبوو جگە لەوەی ڕاپۆرتێکی گشتگیر و ورد لەبارەی دۆخی پێنج قوتابیەکە و، باری کۆمەڵایەتییە دڵتەزێنەکەیان و، ئەو دۆخە هەژاری و کەساسیەی تێیدا دەژین وەکو ڕاپۆرتێک بەرزبکاتەوە بۆ وەزارەتی پەروەردە.

بەرپرسانی وەزارەتەکە باوەڕیان بە ڕاستی ئەم ڕووداوە نەکرد، لەبەر ئەوە داوای ڕوونکردنەوەی زیاتریان کرد، هەمدیس هەمان ئەنجامیان بۆ هاتنەوە. ئەو کارە هەندێک بەرپرسی وەزارەتەکی تووشی شۆک کرد، بە جۆرێک سەرسوڕمانیان لە ڕووداوەکە بە ئاشکرا پێوە دیار بوو. بەڵام

ئەم کچانە ئامانجێکی ڕوونیان هەبوو ئـەویش بەدەسـتهێنانی زانست بوو، لەسەریشی سوور بوون، بەڵام کۆسپە داراییەکان لەبـەردەمیان ڕێگرنـەبوون. کـارە سـەرەکییەکانیان زانـی و، نەیشلەژاندن و، لە ئامانجەکەیان سەرقاڵی نەکردن.

توانیان درک بەوە بکەن کەوا بەدەست هێنانی زانست شتێکی گرنگە و ناتوانرێت نە بەجێ بهێڵرێـت ونـە پشـتگوێ بخرێـت، زانیان کەوا لەبەر کردنی جلی قوتابخانە کـارێکی گـرنگ نییـە کەواتە دەتوانرێت دوا بخرێت یان بەجێ بهێڵرێت.

قورسـی بەدەسـت هێنـانی جلەکـە سـەرقاڵی نـەکردن، توانـا داراییەکانیان ڕێگری لێ نەکردن لە بەدەستهێنانی زانست.

ئەی تۆ چی پیاوی گەورە، یان ئافرەتی گەورە؟

دیاری کردنی کارە سەرەکییەکانتان چۆن دەبێت؟

ئایا دەزانیت ڕۆژ بیست و چوار کاتژمێرە، لە هەر کاتژمێرێکدا شەست خولەك هەیە، لە هەر خولەکێکدا شەست چرکە هەیە، بەم شـێوەیە تـۆ خـاوەنی ڕۆژێکـی هەشـتا و شـەش هـەزار و چوارسەد چرکەیی.

لە هەر چرکەیەك لە چرکەکانی ڕۆژەکەتدا دەتوانی.

ئامانجێك لە ئامانجەکانت بەدەستبهێنیت!!

دەتوانی بیر لەبیرۆکەی گۆڕینی ژیانت بکەیتەوە!!

دەتوانی بڕیار لەسەر چارەنووس و داهاتووت بدەیت!!

ئێستا دەست پێ بکە.

کارە سەرەکییەکانت دیاری بکە و خۆت بناسە.

ئەم دروشمە بۆ خۆت هەڵبژێرە. هەر چۆن من لە کۆنـەوە بـۆ خۆم هەڵبژاردووە.

خۆت بناسە و پەرە بەخۆت بدە.

خۆت بناسە

لیستێك بنووسە بۆ كارە گرنگەكانی ئەم مانگەت.

....

....

....

....

....

....

ئەو كۆسپانە چین كە دەیانبینی گرفت بن لە بەدەست هێنانی كارە سەرەكییەكانت؟

....

....

....

....

....

....

کەسی ژیر ئەوەیە، بەلەمێك بۆ خۆی دروست دەکات، کە لە ڕووبارەکەی بیپەڕێنێتەوە نەك دیوار لە چوار دەورەی خۆی دروست بکات تاوەکو لە لافاو بیپارێزێت.

پەندێکی یابانی

نهێنی پێنجەم

دەستپێشخەری

ڕەش و سپی.

دەگێرنەوە کەوا بازرگانێکی باش لە شارۆچکەیەکی بچووکدا دەژیا، بازرگانییەکەی بە ڕاستگۆیی و دڵسۆزیەوە دەپاراست، تا لەناو خەڵکیدا بە دەستپاکی ناسرا، بازاڕی زۆر گەرموگوڕ بوو. قازانجی زیادی کرد و، پارەی زۆر بوو.

ئەو بازرگانە کچێکی زۆر جوانی هەبوو. خاوەن جوانییەکی سەرسوڕهێنەری هەبوو، ڕەوشتێکی زۆر بەرزی هەبوو، ببووە خەونی هەموو کوڕێك لەو شارۆچکەیەدا، تەنانەت لە وڵاتە دراوسێکانیشەوە.

لەو شارۆچکەیەدا پیاوێکی خاوەن سەروسیمایەکی ناشرین دەژیا، خاوەن هەڵسوکەوتێکی ناخۆش و توند و تیژ بوو. قەرزی بە سوو بەخەڵکی دەدا و، گوێی نەدەدایە ئەگەرماڵێك ڕووخابا، یان ڕۆحێك لەناو بچێت بەهۆی چاوبرسیەتی و چڵێسەکەیەوە. هەموو دەرفەتەکانی دەقۆستەوە بۆ بەدەستهێنانی تەماحییەکانی و بەدەستهێنانی دەستکەوتنەکانی بێ گوێدانە ئەوەی کە دەستکەوتەکانی لەڕێگای دروستن یان نادروست بێت.

وا ڕوویدا کە پیاوە خراپەکە کچە جوانەکەی ئەو بازرگانە باشەی بینی، جوانییەکەی وەها لە ناخی چەقا، بە جۆرێك ئاواتی خواست کەوا هاوسەری بوایە، بەڵام بە خۆی دەگووت:

ئایا دەبێت بە هاوسەری خۆی قبوڵم بکات؟ بە دڵنیاییەوە ڕەتی دەکاتەوە، چونکە وەك کەسانیتر بیر دەکاتەوە و، وا دەزانێت خراپ بم. چۆن پێی بگەم؟! چۆن ئامانجەکەم بەدەستی بێنم و هاوسەرگیری لەگەڵدا بکەم؟!

ڕۆژان دەڕۆن و، دۆخەکان دەگۆڕێن. بازرگانە باشەکە تووشی زەرەرمەندیەکی زۆر بوویەوە لە بازرگانییەکەیدا و، هەوڵدانەکانی ژیانی وا لەپێش چاوی دەڕوخێت، جار لەدوای جار، پرۆژە لەدوای پرۆژە. هەر چەند هەوڵی دەدا هێزی بەبەرخۆیدا بێنێتەوە، تا بازرگانییەکەی لە بێبازاڕی و ستی ڕزگار بکات.

هیچ کەسێك نەیدەتوانی پەنجەی تۆمەت بەرەو پیاوە خراپەکە درێژ بکات، گەرچی هیچ کەسێك بۆ یەك چرکەساتیش شکی نەدەبرد کە ئەو لەپشت ئەو زەرەرە یەك بەدوا یەکانە بێت، یاخود بەلایەنی کەم دەستێکی شاراوەی تێدا هەبێت.

بازرگانە باشەکە هیچ چارەسەرێکی بۆ نەمایەوە جگە لەوەی پارە لە پیاوە خراپەکە قەرز بکات، بۆ ڕزگارکردنی بازرگانییەکەی و هەوڵدانێکی کۆتایی بۆ فریاکەوتنی ئەو دۆخە.

بە ئومێدی ئەوەی ڕازی بێت و پارەی پێویستی پێ بدات

چووە لای، لە گومانی ئەوەدا بوو کە پیاوە خراپەکە قایل بێت کەوا قەرزی پێ بدات، بەڵام هەواڵە سەیرەکە ئەوە بوو، کەوا بە خێرایەکی سەیر قایل بوو، بەڵکو پارەکەی بێ قازانج و سوو پێ دا. بەڵام مەرجی ئەوەی دانا کەوا پارەکەی لە پێش (شەهبەندەر) سەرۆکی بازرگانەکان وەربگریت و، لە پێش سەرۆکی دادوەرەکاندا پەیمان بنووسێت و، کاتی گەڕاندنەوەی پارەکەی دیاری بکات، بەم شێوەیەش بازرگانە باشەکە بەم مەرجانە قایل بوو، چونکە ئەو دڵسۆزە لە نییەتەکەی بۆ گەڕاندنەوەی پارەکە و، ڕاستگۆشە لە ویستی چاککردنەوەی کارە بازرگانییەکەی دا.

ڕۆژەکان ڕۆیشتن و کاتی گەڕاندنەوەی پارەکە نزیک بویەوە، بازرگانی پیاوە باشەکە خراپتر دەبوون و، زەرەرەکان بەشێوەیەکی خراپتر لەوەی پێش خۆی بەدوای یەکدا هاتن، بازرگانە باشەکەش هەرچی دەکرد هۆی ئەم خراپ بوونەی نەدەزانی.

لە کۆتایی ڕۆژی گەڕاندنەوەکە هات، بازرگانە باشەکە لە خراپترین دۆخ دایە، پیاوە خراپەکە لە دەرگای ماڵی بازرگانەکەی دا و سەرۆکی دادوەرەکانیشی لەگەڵ بوو، سەرۆکی بازرگانەکان داوای گەڕاندنەوەی قەرزەکانی لێ کرد. بازرگانە باشەکە ئەو زەرەرە سەیرانەی بۆ باس کردن کە

بەسەریدا هاتوون و، داوای ماوەیەکی کرد بەڵکو کارەکەی چارەسەر بکات.

پیاوە خراپەکە ڕەتی کردەوە ماوەیەکی دیکەی پێ بدا و، سوور بوو لەسەر گەڕاندنەوەی قەرزەکە لەکاتی خۆی، دادوەرەکەش هیچ ڕێگایەکی نەدۆزیەوە جگە لە ناچارکردنی بازرگانە باشەکە بە گەڕاندنەوەی قەرزەکە، یان فرۆشتنیماڵەکەی وەك هەوڵدانێك بۆ گەڕاندنەوەی قەرزەکە، بەلاّم ماڵەکەی بەشی قەرزەکەی نەکرد، بۆیە ناچار دەبێت ڕاستەوخۆ زیندان بکرێت.

لێرەدا کچە جوانەکە بە خەمناکیەوە بۆ دۆخی باوکی لە خانووەکە هاتە دەرەوە و، چاوەکانی پڕ فرمێسك بوون و، فرمێسکەکانی هۆن هۆن ڕژانە سەر گۆناکانی، کاتێك پیاوە خراپەکە بینی باشی و نەرمیەکی نامۆی نواند و، لەبەرانبەر هەموویان ڕایگەیاند کەوا ئامادەیە لە هەموو قەرزەکانی خۆش بێت، ئەگەر کچەکە شووی پێ بکات. پیاوە باشەکە بەخێرایی ئەوەی ڕەتی کردەوە و، گوتی کەوا قایلە بەوەی ماڵەکەی بفرۆشێت و بچێتە زیندانەوە، بەلاّم هەرگیز کچە خۆشەویستەکەی پێ نادات. پاشان پیاوە خراپەکە گوتی با کارەکە بێ هەڵبژاردنی ئێمە و بێ خۆتێهەڵقورتاندنی هیچ کەسێك بێت، کاتێك هەموویان لە مەبەستەکەیان پرسی،

گــوتی دوو بــەرد لــە زەوی هەڵــدەگرین، یــەکێکی ڕەش و یــەکێکی ســپی، هــەر یــەکێکیان لــە کیســێکدا دادەنــێین و دایاندەخەین، پاشان کچەکە با بێـت و یـەکێك لـە کیسـەکان ببات جا ئەگەر بەردە ڕەشـەکەی تێـدا بـوو، ئـەوا ڕاسـتەوخۆ شووم پێ دەکات و باوکی بۆی نییە بەرهەڵستی بکات، منیش لە قەرزەکەی خۆش دەبم، بەڵام ئەگەر بەردە سپیەکەی تێـدا بوو، با شووم پێ نەکات و لە قەرزەکەش خۆش دەبم.

کچەکە بەخێرایی ڕازی بـوو، سـووربوو لەسـەر ئـەوەی خـۆی لەپێش ئەگەری شووکردن بـە پیـاوە خراپەکـە دابنێـت، وەك هەوڵدانێك بۆ ڕزگارکردنی ناو و ناوبانگی باوکی.

لەڕۆژی دیار کراودا هەموو خەڵکی شارۆچکەکە کۆبوونـەوە و، ســـــەرۆکی دادوەران وســـــەرۆکی بازرگانـــــان و، ســـــەرۆکی پیشەوەران، هەموویان لە زەویەکدا ڕاوەستان کە پـڕ بـوو لـە بــەردی ڕەش وســپی، پاشــان پیــاوە خراپەکــە هەڵســا بــۆ هەڵگرتنی دوو بەرد بۆ دانانیان لە دوو کیسدا، بەڵام لە کـاتی تێکردنـی بـەردەکان بـێ ئاگـابوونی هـەموان هەڵسـا لـە دوو کیسەکەدا دوو بەردی ڕەشی دانا، بۆ هەڵخەڵەتاندنی کچەکە و باوکە باشەکەی.

پیاوە خراپەکەش ئەوەی لەبیری خۆیدا دانەنابوو کـە کچـەکە بینی بووی کاتێك کە دوو بەردی ڕەشی لە دوو کیسەکەدا دانا

و لەهیچیان بەردی سپی دانەنا وەك لە ڕێککەوتنەکەدا هاتبوو.

کچەکە بەخێرایی و ترسەوە بیری دەکردەوە.

نەیدەتوانی ئەوەی بینی بە کەس بڵێت، ئەگینا کارەکە هەمووی تێك دەچێت و، باوکی زیندانی دەکرێت و خانووەکەی دەفرۆشرێت.

نەیدەتوانی بەم شێوەیە لە دۆخەکە ڕازی ببێت، چونکە ئەنجامەکە یەکلایی کراوەتەوە و، دەبێت شوو بە پیاوە خراپەکە بکات.

ناتوانێت هیچ بکات، ناتوانیت پەنا بۆ کەس ببات.

دەبێت کارەکەی بۆ خۆی چارەی بکات.

دەبێت بەخۆی دەستپێشخەری بکات بۆ دۆزینەوەی چارەسەر یان درووستکردنی چارەسەر!

کچەکە لەپێش هەمووان هاتە پێش و، پیاوە خراپەکەش هەردوو کیسەکەی لەپێش کچەکە دانا. هەمووان بەپەرۆش بوون بۆ زانینی ئەنجامی ئەم تاقیکردنەوە قورسە.

کچەکە بە متمانەیەکی تەواو لەپێش چاوی هەمووان یەکێك لە کیسەکانی بەرز کردەوە، پیاوە خراپەکەش بە متمانەیەکی تەواوەوە زەردەخەنەی کرد و، ددانە زەردەکانی بریسکانەوە، هەناسەکانی بەرز دەبوونەوە و خێرا دەبوون بۆ

نزیکبوونەوەی کاتی سەرکەوتنی.

کچەکە بێ ئەوەی بەردەکە دەربێنێت کیسەکەی کردەوە، پاشان بەرەو سەرۆکی دادوەرەکان ڕۆیشت، بەڵام لەڕێگادا هەڵەنگووت و بەردەکەی لێ بەربووەوە، دەنگەکان لە ئامادەبووان دەستی پێ کرد و، هاوارەکان بەرزبوونەوە: بەردەکە کەوت، ڕەش بوو، نەخێر سپی بوو، بینیم کاتێک کەوت ڕەش بوو، بۆتان دووپات دەکەمەوە کەوا ڕەش بوو، کارەکە ئاڵۆز بوو، ئەم زەویە پڕیەتی لە بەرد، بەردەکە سپی بوو سوێند دەخۆم.

لێرەدا دەنگی کچەکە بەتێکەڵی دەنگدانەوەی سەرکەوتن بەرز بووەوە: بەڕێزان بە قسمەتی خۆم ڕازی بووم، بەم تاقیکردنەوەیە ڕازی بووم بۆ ڕزگارکردنی باوکم، منیش سوورم لەسەر تەواوکردنی هەر وەك ڕێککەوتبووین، هیچ دەرفەتێك نییە بۆ ناکۆکی، گەر بەردەکەم لێ کەوتبێت ئەوا خەڵکەکە جیاوازن لە ڕەنگەکەی، جا دەتوانین ڕاستیەکە بزانین ئەگەر بەردەکەی ناو کیسەکەی ترمان بینی، با دادوەر بەخۆی بیکاتەوە تا هیچ گومانێك لە ئیشەکەدا نەبێت.

لێرەدا ڕەنگی پیاوە خراپەکە ڕەش بوو و، زانی کەوا فێڵەکەی شکستی خوارد و، پلانە دوور ودرێژەکەی بۆ

تێکدانی بازرگانی بازرگانە باشەکە و ئەوەی بۆ بەدی نەهێنا کە دەیویست، بەڵکو بە دۆڕان بۆی گەڕایەوە.

سەرۆکی دادوەرەکان بەردی دووەمی لەپێش چاوی هەموان لە کیسەکەدا دەرهێنا، بەردەکە ڕەش دەرچوو، جا ڕایگەیاند کەوا ئەو بەردەی کە کچەکە لێی کەوت بەردە سپیەکە بوو، بەم شێوەیە پیاوە خراپەکە بۆی نییە هاوسەرگیری لەگەڵ بکات و، بۆی نییە داوای قەرزەکە لە باوکی بکات.

چیرۆکەکە بەم شێوەیە بوو، دەستپێشخەریەکەش بەم شێوەیە بوو لەلایەن کچەکە، کە لە چاوەڕوانی هیچ کەسێك دا نەبوو تا کێشەکەی بۆ چارەسەر بکات.

چاوەڕێی کارتی یەکێك لە ناسراوەکان نەبوو تا یارمەتییەکی بدات.

چاوڕێی ئەوەی نەکرد کەسێك بدۆزێتەوە کێشەکەی بۆ چارەسەر بکات، بەڵکو دەستپێشخەری کرد و هەڵوێستی گونجاوی هەڵبژارد.

هەر کەسێك چاڵێك بۆ براکەی هەڵکەنێت

بۆ خۆی دەکەوێتە ناوی.

پەندێکی عەرەبی

ئەی کچ. ئەی کوڕە لاو.

چاوەڕێی چی دەکەیت؟!!

ئێستا دەست پێ بکە و ژیانت دروست بکە.

خوێندنەکەت تەواو بکە گەر هێشتا دەخوێنیت.

گەر خوێندنت تەواو کردووە لە هەر کارێکی ڕەخساودا کار بکە.

با کچە بچووکەکە لە تۆ باشتر نەبێت، دەستپێشخەری بکە لەچارەسەری کێشەکەت.

تۆ لە کوێی ژیانتیت؟!

ئایا چاوەڕێی دەرفەتی؟!

باوەڕ بەوە بکە کە دەڵێن خەڵکی جۆراوجۆرن.

جۆرێکیان ئەو دەرفەتانە لەدەست دەدات کە بۆی دەڕەخسێت.

جۆرێکیشیان سوود لە هەموو دەرفەتێك وەردەگرێت کە بۆی دەڕەخسێت.

جۆرێکیان دەرفەت بۆ خۆی دروست دەکات، بۆ ئەوەی پەرە بە خۆی و دەورووبەری بدات.

تۆ لە کام جۆری؟

ئایا بەڕاستی دەزانی چۆن دەرفەت بۆ خۆت دروست بکەیت

لە ژیاندا؟

هەمیشە ئەو جێگایە دیاری بکە کە تیایدای، تـەنها ئـەو کاتـە دەتوانیت دەرفەت بۆ خۆت دروست بکەیت لە ژیانتدا.

چاوەڕوانی درێژ دەبێتەوە، کاتێك پشت بە کەسێکیتر
دەبەستیت بۆ ئەنجامدانی کارێك
کە خۆت دەتوانیت ئەنجامی بدەیت.
ئینزۆ دالمۆنتی

گەنجێك لـە سـەرەتایی ژیـانی کارکرنـدا، ئـەزموونێکی کـەمی هەبوو. کارێکی ئاسایی لە یـەکێك لـە کارگـەکان بـۆ ڕەخسـا، بەڵام ڕەتی کردەوە و دەیگوت: چۆن لە کارگەیەکدا کار بکەم لەکاتێکدا بڕوانامەی زانکۆم بەدەست هێناوە !

ئایا پاش ئەو هەموو کۆششە لەخوێندندا لە کارگەیەکدا کار بکەم؟

هەرگیز ئەوە نابێت.

برسیەتیم پێ باشترە.

پێم باشترە کەسێکی بێ کار بم.

بەڵام هەرگیز لەکارگەیەکدا کار ناکەم.

بەداخەوە ئەم گەنجە شتەکان تێکەڵ دەکات، پێویستیەکەی بۆ کارکردن تێکەڵ دەکات، نەك تەنها لەبەر پارە، بەڵکو لەبەر ئەوەی خود و ئەزموونی خۆی بنیات نانێت و، لەنێوان ئەوەی بۆ خۆی دەیەوێت لە فەرمانبەریەتییەکی شکۆدار ومووچەیەکی بەرز دا بێت.

پەڕەکانی لێ تێکەڵ بووە، بەم شێوەیە دەرفەتێکی گەورەی لەدەست دا، کەمترین شتی ئەوەی کە پسپۆڕیەکی نوێ بەدەست بێنێت و، پەیوەندی کردن لەگەڵ کەسانی تر کە لەوانەیە لەکاری تردا سوودی پێبگەیەنن لە دەستی دا.

دەرفەتی سەرەتای ژیانی پیشەیی خۆی لەدەست دا، لەوانەیە دەرفەتی کارێکی شکۆداری بۆ هەتا هەتایی لە ژیانی لە دەست دابێت، نموونەی ئەمە زۆر زۆر چاوەڕێ دەکەن و، زۆر بەدەگمەنی بەو بیرکردنەوانەی کە هەیەتی ڕزگاری دەبێت و کاری دەست دەکەوێت.

خۆت بناسە

ئایا لەبەرپرسیاریەتی زیاتر دەگەڕێیت بۆ ئەوانەی کە لێت داواکراوە؟

بەڵێ   نەخێر   جارجار

ئایا کاری زیاتر دەکەی بۆ هاوڕێیانت یان کۆمەڵەکەت؟

بەڵێ   نەخێر   جارجار

نموونەیەك بنووسە بۆ هەر کارێکی زیاد کە بۆ کەسێکی تر ئەنجامت دابێت..

....

....

ئایا بە سووربوونەوە دەست بە بیرۆکەیەك یان پرۆژەیەکەوە دەگریت و لەسەری بەردەوام دەبیت تا سەرکەوتن بەدەست دێنیت؟

بەڵێ   نەخێر   جارجار

ئایا بە هەندێك مەترسی کەسی ڕازی دەبیت، بە مەبەستی هەڵگرتنی بەرپرسیاریەتی نوێ؟

بەڵێ نەخێر جارجار

نموونەیەك بۆ مەترسیەکی کەسی بنووسە، کە پێی ڕازی بووبیت بۆ ئەوەی بە بەرپرسیاریەتێکی نوێ هەستیت..

....

....

....

سەرەڕای ئەوەی ژیان پڕیەتی لە مەینەتی، بەڵام لەهەمان کاتدا پڕیەتی لە سەرکەوت بەسەر ئەو مەینەتیانەدا

هێلین کیلیر

نهێنی شەشەم

ئارام بگرە و بەردەوام بە

نیاز و سووربوون و ئارامگرتن و کۆڵنەدان، تێکەڵەیەکی سیحراویە بۆ سەرکەوتن.

نیاز بریتیە لە هەبوونی حەزێکی بەهێز و، ویستێکی ڕاستگۆیانە بۆ بەدەست هێنانی سەرکەوتن.

سووربوون کارکردنی بەردەوامە بۆ بەدەست هێنانی ئامانجەکەت.

ئارام گرتن بەرگەگرتنی ناخۆشیەکان و، سەرکەوتنە بەسەر کۆسپەکان دا.

کۆڵنەدان بریتیە لەوەی کە کاربکەیت تا بەوە بگەیت کە دەتەوێت، ماندوونەبیت و نەوەستیت تا دەگەیتە کۆتایی.

ئایا بەڕاستی دەتەوێت ئامانجەکانت بەدەست بێنیت؟

تۆ ئەی قوتابی قوتابخانە یان زانکۆ، ئایا بەڕاستی دەتەوێت نمرەیەکی بەرز بەدەست بێنیت؟

یان تەنها حەزێکی تێپەڕیوی بەتامە خۆگە بەدەست هاتبا؟!

تۆ ئەی ئەو گەنجەی بەرەو پڕۆژەیەکی نوێ دەڕۆیت، ئایا بەڕاستی سەرکەوتنت بۆ پڕۆژەکەت دەوێت و، دەتەوێت ببیتە خاوەن پڕۆژە؟!!

یان تەنها هیوایەکی خێرایە خۆزگە بەدەست هاتبا؟!

تۆ ئەی ئەو کچەی بەرەو هاوسەرگیری دەڕۆیت، ئایا بەڕاستی

هاوسەرێکی باش و ژیانێکی هاوسەرگیری شادومانت دەوێت؟!

یان تەنها ئاواتێکی ڕازاوەیە خۆزگە بەدەست هاتبا؟!

تۆ ئەی ئەو دایکەی ماڵ و هاوسەر و منداڵەکانی بەخێو دەکەیت، ئایا بەڕاستی ماڵێکی ئاسوودەت دەوێت هەموان تێیدا خۆش بژیێن بەهۆی بەخێوکردنەکەت؟!

یان تەنها نزایەکی ئاسوودە بەخشە خۆزگە گیرا دەبوو؟!

تۆ ئەی باوکی خۆبەختکەر لە کاری ڕۆژ و شەودا، ئایا بەڕاستی پێشکەوتنت بۆ کارەکەت دەوێت و، گەشەسەندنت بۆ دەسکەوتەکانت دەوێت، پایەبەرزی و ڕەوشتی بەرزت بۆ منداڵەکانت دەوێت؟!

یان تەنیا چەند بیرۆکەیەکی ئەندێشەییە و خۆزگە بەدیهاتبایە؟!

گەر هەمووتان ئەمەتان دەوێت. ئەوا بە دەستی خۆتان بەدەستی بێنن.

گەر تۆ یەکێکی لەوان، ئەوا بە دەستی خۆت ئەوە بەدەست بێنە کە دەتوێت.

بە کارکردنە بەردەوامەکەت.

بە ویستە بەهێزەکەت.

بە سووربوونت لەسەر بەدەست هێنانی.

بـە ئـارام گرتنـت لەسـەر هـەموو ئـەو ماندووبوونانـەی کـە ڕووبەڕوویان دەبیتەوە.

بە کۆڵنەدانت تا ئامانجە گرانبەهاکانت بەدەست دێنیت.

هەمیشە ئەم پەندەت لەیاد بێت کە دەڵێت:

((کەسی بلیمەت ئەو کەسەیە کە لە دۆخێکدا کار دەکات، کە کەسانی تر تێیدا کار ناکەن.))

جا هەمیشە بلیمەت بە تا بەسەرکەوتن بگەیت.

ژیان وەك سواربوونی پایسکیلێکە،

ناکەویت تاوەکو لە پایدەر لێدان نەوەستیت.

کلۆد بیبەر

ئایا دەزانیت کامە بەدیهێنراو زیاترین ویست و سووربوون و ئارام گرتن و کۆڵنەدانی هەیە؟!

منداڵی ساوا.

ئەو منداڵەی هەوڵدەدات یەکەم هەنگاوەکانی بنێت.

هەموومان دەیبینین، بەڵام بیرمان لەوە نەکردۆتەوە کە دەیکات، بیر لە منداڵێك بکەوە، کە هەوڵبدات بە پێ ڕابوەستێت و یەکەم هەنگاوەکانی بنێت، بەڵام دەکەوێتە سەر زەوی و، کەوتنەکەش ئازاری پێ دەگەیەنێت. بڕیار دەدا کەوا هەوڵدان بۆ ڕۆیشتن کارێکی مەترسیدار و ئازاربەخشە، جارێکی تر دووبارەی ناکەمەوە و، بە پێ ڕاناوەستم، و بە پێ ناڕۆم.

بیر لەو دیمەنە سەیرە بکەوە لەگەڵم.

لەوانەیە بەم بیرکردنەوە سەیرە پێ بکەنیت..

لەوانەیە ئەم بیرکردنەوەیە کە هەرگیز بیری لێ نەکراوەتەوە هەستی سەرسوڕمان، بەڵکو گاڵتەپێکردنت لا دروست بکات.

منداڵێك شکستخواردنی ڕادەگەیەنێت لە ڕاوەستان و بڕیار دەدات جارێکی تر هەوڵنەداتەوە!!

بەڵام تۆ.

بۆچی پێناکەنیت، کاتێك قوتابیەك لە قۆناغێك لە قۆناغەکانی خوێندن دەڵێت سەرنەکەوتم لە خوێندنی ئەم وانەیە و،

نـایخوێنم، ئـەو نمرەیـە بەدەسـت نـاهێنم کـە ئـاواتم پـێ دەخواست.

پێمەکەنە.. کاتێك گەنجێکی سەرەتایی دەڵێت لـە پڕۆژەکـەم سەرنەکەوتم و هەرگیز جارێکی تر بازرگانی ناکەم.

پێمەکەنە. کاتێك کچێك دەڵێـت لـە یەکـەمین هاوسـەرگیریمدا سەرنەکەوتم و، جارێکی تر سەرناکەوم.

پێمەکەنــە. کاتێــك باوکێــك دەڵێــت ســەرنەکەوتم لــە پەروەردەکردنی منداڵەکانم و، هیچی دیکە ماندوبوون بـەفیڕۆ نادەم لە پەروەردەکردنیان.

پێمەکەنە. کاتێك دایکێك دەڵێت سەرنەکەوتم لە بەخێو کردنی مـاڵ و هاوسـەر و منداڵـەکانم، لەمـەودوا هـیچ کـەس بـەخێو ناکەم.

ئێستا منداڵـە بچووکەکە ویسـت و سـووربوون و ئـارامگرتن و کۆڵنەدانی لە تۆ زیاتری هەیە؟!

یان لەبەر ئەوەی ئەم کارت بە هەند وەرنەگرتووە؟!

زۆرێك لە خەڵكی

بەو سەركەوتنە گەورانەی

لە ژیانیاندا بەدەستیان هێناوە

قەرزداری ئەو كێشە زۆرانەن كە

لەژیانیاندا ڕووبەڕوویان بوونەوە.

شارلز سیرجیۆن

نامەیـــەكم دەربـــارەی پیاوێـــك خوێندەوە كە ویست و سووربوون و ئـارامگرتن و كۆڵنـەدانی هەبوو، ئەم نامەیە ئاڕاستەی دایكێك دەكات كـە هەڵـەی كـرد لـە فێركردنـی ئـەم مانایانـە بـۆ كوڕەكـەی بـە هەڵەیـەكی هەستپێنەكراو كە لەوانەیە وێرانكەر بێت.

ئەمە نامەیەكە بۆ هەموو مرۆڤێك، كە وا هەست دەكـات كـەوا بارودۆخەكەی لەو بەهێزترن.

ئەمە نامەیەكە بۆ هەموو مرۆڤێكە كە دەستەوەستان بێت بـۆ هەستی سەرشۆڕكردن و خۆدانە دەستی كۆسپەكان.

ئەمە نامەیە بۆ تۆی دەگێڕمەوە خوێنەری ئازیز، جا بە وردی بیخوێنەوە و بیر لە هەستی خاوەنەكەی بكەوە لە هەر چركە

ساتێك كە باسی و وەسفی دەكات. چیرۆكەكە بەم شێوەیە.

بۆچی قاچی بەم شێوەیە؟!!

لە یەكێك لە كۆمەڵگاكانی شاری (دەممام) بووم و بازاڕم دەكرد، كاتێكی خۆشم بەسەر دەبرد لەگەڵ هاوڕێكانم، من كەسێكی خاوەن پێداویستیم، وەكو دەڵێن گۆجم.

كوڕێكی بچووك بە پەنجەكانی ئاماژەی بۆ من دەكرد و لە دایكی دەپرسی: بۆچی پێی ئەم گەنجە شێواوە؟

بۆچی ئەم شێوەیە دەڕوات؟

پرسیارەكەی بۆ من نوێ نەبوو، بەڵام وەڵامی دایكەكە وەك بۆمبێك وابوو لەسەر گوێم كەوتبێت و دڵمی پارچە پارچەكرد.

دەزانن پێی گوت: كوڕم ئەم كوڕە بە قسەی دایكی نەكرد بۆیە خوا بەم كەمئەندامیەی سزای دا. لەبەر ئەوە كوڕەكەم دەبێت هەمیشە بەقسەم بكەیت.

گوتم: ئەی دایكی وریا و بەڕێز لەسەر پەروەردەكردنی منداڵەكەت!

زۆر بەسەختی بریندارت كردم.

خۆزگە دەنگت نزم بكردایەوە كاتێك قسەت بۆ منداڵەكەت دەكرد، بەڵام بەداخەوە هەوڵی ئەوەشت نەدا.

لەوانەیە بیرت لەوە كردبێتەوە لەوانەیە شێت بم و لە قسەكانت تێنەگەم.

ماندووبوونی ١٦ ساڵمت پووچەڵ کردەوە، کە لە سەنتەرە پزیشکیەکان بەسەرم برد. هەوڵم دەدا بەسەر کەمئەندامیەکەم زاڵبم و هەوڵم دەدا بەپێی پێویست بە دۆخێکی تەندروستی ئاسایی بگەم.

خوشکەکەم ئەم گۆجییە هەرگیز سزایەك نەبوو لەلایەن خواوە، بەڵکو بەم شێوایە لەدایك بووم و نەمتوانی وەك منداڵەکانی تر بڕۆم.

بۆ ماوەی ١٤ ساڵ و نیو لەسەر کورسی جووڵاو هاتووچووم کردووە.

هەرگیز خۆم بەدەستەوە نەداوە، هەمیشە تووشی سەخت ترین نەشتەرگەری بووم و، هەمدیسان خۆم نەدا دەستی تێکشکانەوە. لەهەر کاتێك کە هەوڵی ڕاوەستانم دەدا و دەکەوتم، ئینجا سوورتر دەبووم لەسەر ئەوەی بۆ خۆم ڕابوەستم بەبێ یارمەتی هیچ کەسێك.

خۆشترین ڕۆژانی ژیانم بوو کاتێك کە خۆم بینی بەپێوە ڕاوەستاوم. سەبارەت بە تۆ ئەمە خەونێکی بێ مانایە، لەوانەیە بەبیرت دا نەهێتەوە کاتێك لەخەو هەڵدەستیت.

بەڵام لە خۆشبەختی من ئەوەیە کە هەڵدەستمەوە و سوپاسگوزار دەبم بەوەی کەوا خێر بکەم لەسەر ئەم خەوە خۆشەی بۆ هێنامە دی و هاندەرێکی پێدام بۆ بەرگەگرتنی

ئازارەکانی چارەسەرەکەم.

هەموو تەمەنەکەم لەڕاهێنان لەسەر ڕاوەستان بەسەر برد.

ماڵەوەم خوا پاداشتیان بداتەوە خۆیان لە چارەسەر کردنم بەخت کرد و بێ ئومێد نەبوون. زۆر پاڵپشتیان کردم تا پێش ساڵێك لەسەر پێیەکانم ڕاوەستام.

چەند مانگێك دوای ئەوە یەکەم هەنگاوەکانم نا پاش چاوەڕوانی ١٥ ساڵ!

ئەو ڕۆیشتنەم کە وا باست کرد کە سزایەکی خواییە من، بەسۆز و بەزەیەکی خوای گەورەی تێدەگەم، کە کۆشش وماندوبوونەکەمی بە سەرکەوتن گێڕا و، وای لێکردم بڕۆم پاش ئەوەی دانیشت بووم.

لە یەکەم ڕۆژم دا بۆ ڕۆیشتن لە ماڵەوە یان لەسەنتەری پزیشکی دەرچووم. بڕیارم دا یەکەم جێگا بۆی بڕۆم مزگەوت بێت، بۆ ئەوەی نوێژی عیشا بکەم، پاشان بڕۆمە بازاڕ بۆ ئەوەی دیاریەك بۆ دایك و باوکم بکڕم، کاتێك دوکانێکی پێڵاوم دیت، هاوڕێکانم هانیان دام بۆ کڕینی پێڵاوێك و، پێڵاوێکی جوانم کڕی.

لەخۆشحاڵیم ڕاستەخۆ لەپێم کرد و، بۆ یەکەم جار لەژیانم توانیم جووتە پێڵاوێك لە پێ بکەم، بەو بۆنەیەوە هاوڕێکانم ئاهەنگیان بۆ گێڕام.

لـە ئەوپـەڕی دڵخۆشـیدا بـووم، بـە بەدەرچـوونم لـە دوكـانی پێڵاوەكان گوێم لە وەڵامەكەت بوو كە دڵی شكاندم، داوام لـە خوا كرد كەوا هەموو دایكەكانی تر كە منیان دیتووە وەكو تۆ وەڵامی منداڵەكانیان نەدابێتەوە.

ئەی دایك..

گەر دەتەوێت وانەیەك بدەیتە منداڵەكەت كاتێك كەسێكی كەم ئەندام دەبینێت ئەوا پێی بڵێ:

ئەم كەسە خوا بەم كەمئەندامیە تاقی كردۆتەوە و، گـەر خـوا بڕوادارێكی خۆشویست ئەوا تاقی دەكاتەوە.

بێگومان ژیانی ئەم كەسـە بـە چـەندەها جار لـە ژیانی هـەر كەسێكیتری سەلامەت سـەخت تـرە، چـونكە مانـدووبوونێكی دوو هێنـدە ئـەنجام دەدات تـا بـە ئـارام گـرتن بژیـەت. جـا ڕۆڵەكـەم سوپاسـگوزاری خـوا بـە لەسـەر نیعمەتـەكانی و ئارمگرتن و كۆڵنەدانی لێوە فێر ببە.

"مایكـل فـارادی".. نموونـەی زینـدوو لەسـەر كۆڵنەدان..

كاتێـك بـارودۆخ یارمـەتی كەسـێك دەدات بـۆ گەیشـتن بـە خەونەكەی، ئەوە كارێكە لە ژیانماندا زۆرجار دەیبینین، بەڵام

کاتێـك هـەموو باردودۆخەکـە لـە دژی کەسـێك بێـت، لەگـەڵ ئەوەشــدا بــە ئــارامگرتن و کۆڵنــەدانێکی سەرســوڕهێنەر ڕووبەڕوویان ببێتەوە تا بەوە بگات کە دەیەوێت، بەڵکو زیاتر لەوەی کە دەیەوێت، ئـەوە ئـەو شـتە سەرسـوڕهێنەرەیە کـە پێویستی بەخوێندنەوە هەیە!

"فرادی" لە خێزانێکی باوك ئاسـنگەر لـەدایك بـووە، دۆخـی خانەوادەکەی لەبار نەبوو، ئەو یەکێك بوو لە چوار برایەکانی، ژیانیان بەسەختی بەسەر دەبرد، هیچیشی نەخوێندووە تەنیا کەمێك خوێندنی بنەڕەتی نەبێت، بە قورسی دەیتـوانی نـاوی خۆی بنووسـێت و بخوێنێتـەوە، بـەڵام خـۆی خـۆی فێرکـرد، کاتێت تەمەنی "فرادی" گەیشتنە چواردە ساڵ باوکی ناردیە لای کتێب فرۆشێك تا کتێبەکانی بۆ بـەرگ بکـات، لـە حـەوت ساڵی کارکردنی لەم کارەدا ئارامگرتن و کۆڵنـەدانی "فـرادی" بەدیارکـەوت. ئـەو کۆسـپە هـەلێکی گـەورەی لەژیانیـدا بـۆ ڕەخساند. چەندین پەرتووکی لە کاتی پشووی نان خواردن و، پــاش تــەواوبوونی کارەکــەی دەخوێنــدەوە، لــەنێوانیان پەرتووکی"باشکردنی مێشك" دانەرەکەی"ئیسـحاق وات"بـوو خوێنـدەوە و، بەگەرمووگوڕیـەوە ئـەوەی جێبـەجێ کـرد کـە نووسەر لە پەرتووکەکەیدا باسـی کـردووە. ئـەوەش وای کـرد کە هۆگری زانست بێت و خۆشی بوێـت بـە تایبـەتی زانسـتی

کارەبا.

پاشان خۆی گواستەوە بۆ کارکردن لە کارگەیەکدا. پاش تەواوبوونی کارەکەی لەگەڵ هاوڕێکەی دەڕۆیشت بۆ گوێگرتن لە وتارەکانی زانا "هێمفری دیفی"، لە ساڵی ١٨١٢ز نامەیەکی ئاڕاستەی سەرۆکی کۆمەڵەی پاشایی کرد، تیایدا داوای کرد وەك یاریدەدەرێك لە تاقیگەدا وەریبگرن، بەڵام هیچ وەڵامێکی وەرنەگرتەوە.

پاش ماوەیەك وتارێکی بۆ زانا"هێمفری دیفی" نارد و داوای لێکرد وەك یاریدەدەرێك وەریبگرێت، بەڵام زانا گەورەکە ڕەتی کردەوە لەبەر باوەڕ نەکردن بە ئاستی ئەم یاریدەدەرە، بەڵام پاشان وەك کارمەندێکی سادە وەریگرت.

"مایکل فارادی" دەستی بە کارکردن کرد لە تاقیگەی دیفی لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٨١٢ز وەك خاوێنکەرەوەی ئامێرەکان و، مادده کیمیایەکانی ئامادەدەکرد، ئینجا ژوورێکی بۆ مانەوە پێ دا، گەرچی ئەم کارە توڕەی نەکرد، بەڵکو بە هەلێکی زانی تاوەکو لەو زانا گەورەیە نزیك بێت، تا زانستی لێوە فێر ببێت. بۆ یەکەم جار دۆخەکە بەدڵی "فارادی" بوو، کاتێك تەقینەوەیەك لە تاقیگەی"دیفی" ڕوویدا لە کاتی دۆزینەوەی سۆدیۆم، داڤ چاوی ڕاستەی لەدەست دا و، ناچاربوو کەوا داوا لە "فارادی" بکات ئاماژە و

ئامێر و ژمارەکانی بۆ بخوێنێتەوە.

بـەلآم جـارێکی تــر کۆســپەکان لــە ژیــانی "فــارادی" دا دەردەکەون چـونکە بـەپێی چـینایەتی کۆمەڵگـەی ئینگلیـزی "مایکلْ فارادی" وەك کەسێکی خانەدان دانـەدەنرا و، کاتێـك "داف" ویســتی گەشــتێك بــەدەوری کیشــوەری ئــەورووپادا بکات، بڕیاری دا کەوا "مایکـل فـارادی" لەگـەڵ خۆیـدا ببـات وەك یاریـدەدەرێکی زانسـتی و لـە هـەمان کـات داوای لێکـرد کـەوا ببێتــە خزمــەتکاری تـا خزمــەتکارێکی تــر دەدۆزێتــەوە کاتێـك دەگاتــە پــاریس، "فــارادی" ناچـار بـوو کـە ڕۆڵـی یاریدەدەر و خزمەتکار لەم قۆناغەدا ببینێت، بەلآم هاوسەری "دافی" زۆر بە خراپی مامەڵەی لەگەڵ دەکرد و نەیهێشت لـە گالیســکەدا گەشــتیان لەگــەڵ بکــات و خــواردنی لەگــەڵ خزمـەتکارەکانیتر پـێ دەدا، ئەمـەش "فـارادی" زۆر دڵگـران کرد بە جۆرێك بیری لەوە دەکردەوە بگەڕێتەوە لەندەن و واز لە زانست بێنێت، بەلآم سووربوون کۆڵنەدانەکەی لە بەدەست هێنانی زانست و، بەدەسـت هێنـانی پێگەیـەکی گـەورە لـەناو کۆمەڵگەدا وایان لێ کرد کەوا بەرگەی هـەموو ئەمانـە بگرێت لەبەرانبەر چاوپێکەوتنی لەگەڵ کۆمەڵێکی تایبەت لە زانایـان لەم گەشتەدا و فێربوون لەبیرۆکەکانیان.

یەکەم داهێنانی کارەبایی لە ساڵی ١٨٢١ز بوو، واتە دوای نۆ

ساڵ لەچـوونی بـۆ لای "دافـی"، کاتێـك کـە زانـا "ئۆرتسـد" ئەوەی دۆزیەوە کـەوا دەرزی قیبلـەنمای کارۆموگناتیسـی لار دەبێتـەوە کاتێـك تەزوویـەکی کارەبـایی بـە تـەلێکی نزیکـدا تێپـەردەپێت، ئـەوەش ئـەوەی بـە "فـارادی" گەیانـد کـەوا تەلەکە لەوانەیە بجوڵێت گەر موگناتیسەکە جێگیر بێت، دوای بەدواداچـوونی گومـان و مەزەنـدەکان گەیشـتە داهێنـانێکی کارامەییانە.

کاتێـك تـەلێك هـەبوو بـە بـەردەوامی لـە نزیـك موگناتیسـەکە دەخولایــەوە کــە تەزوویــەکی کارەبــایی بــەناو تەلەکــەدا تێدەپەڕی.

لەڕاستیدا داهێنانەکەی "فـارادی" یەکـەم مـاتۆڕی کارەبـایی بوو.

ئەوە یەکەم جار بوو کە تەزووی کارەبایی تێدا بـەکاربێت بـۆ جووڵاندنی تەنێك.

لەگەڵ ئەوەی داهێنانەکەی "فارادی" سـەرەتایی بـوو، بـەڵام ئیلهام بەخشی یەکەم بوو بـۆ هـەموو مـاتۆڕە کارەباییـەکانی جیهان کە تا ئێستا لەجیهاندا بەکارهێنراون.

ئەوە پێشەکیەی مەزن بوو هەرچـەندە سـوودە زانسـتیەکانی زۆر دیـاریکراوبوون بـە جۆرێـك هـیچ ڕێگایـەك نـەبوو بـۆ وەبـەرهێنانی تـەزووی کارەبـایی، لـەو ڕێگایـە سـەرەتاییەدا

پاتری کیمیایی تێدا بەکار دەهات.

"فرادی" باوەڕی وا بوو کەوا دەبێت ڕێگایەك هەبێت بۆ بەکارهێنانی موگناتیسی لە وەبەرهێنانی کارەبا.

بەردەوام بوو لە لێکۆڵینەوە بەم شێوەیە.

لە ساڵی ١٨٣٨ز فارادی ئەوەی دۆزیەوە کەوا گەر موگناتیسێك بە گرێیەکی داخراوی تەلەکە تێپەڕێ، ئەوا تەزوویەکی کارەبایی لە ناو تەلەکەدا تێدەپەڕێت لەو کاتەی موگناتیسەکە دەجوڵێت.

ئەم ئەنجامەش بووە هاندانی کارۆموگناتیسی، دۆزینەوەی ئەو یاسایەی کە ئەم هاندانە ڕێك دەخات (یاسای فارادی) بە مەزنترین داهێنانی فارادی دادەنرێت.

لەگەڵ زانینی سوودە مەزنەکانی کارەبا، بەڵام "فارادی" بەردەوام بوو لە تێکۆشان بۆ ئەوەی سوودی کارەبا بۆ هەموو جیهان ڕوونبکانەوە، هیچ شتێکیش ئاماژەدارتر نییە لەم چیرۆکە سەرسوڕهێنەرە، کاتێك سەرۆك وەزیرانی ئەو کاتی بەریتانیا لە فارادی پرسی: " سوودی کارەبا چیە؟"، فارادیش بەزیرەکانە وەڵامی دایەوە :"ڕۆژێك دادێت کەوا بەهۆی کارەباوە باج لە خەڵکی وەردەگریت".

لە کۆتاییدا شاژن "ڤیکتۆریا" خانویەکی گەورە و خۆشی پێ بەخشی لە کاتی پیریدا، کۆتا ڕۆژەکانی ژیانی تێدا بەسەر برد

تـا لەسـاڵی ١٨٦٧ز کۆچـی دوایـی کـرد کـە لـەدوای خـۆی میراتێکی زۆری لە داهێنان بەجێهێشـت، ئەوەنموونەیـەك بـوو بۆ گشت جیهان لەئارامگرتن و کۆڵنـدان و ڕووبەڕووبوونـەوەی دۆخەکان بە هەر چۆنێك بن.

خۆت بناسە

ئایا خۆت بە کەسێکی ئارامگر و کۆڵنەدەر دەزانیت؟

بەڵێ نەخێر نازانم

پاش چەند هەوڵدان، شکستخواردنت ڕادەگەیەنیت لـە کردنـی کارێك؟

....

....

ئایا هەوڵەکانت بەهەوڵی تەواو دادەنێت بۆ گەیشتن بە ئاماجەکانت؟

بەڵێ نەخێر نازانم

چ شـتێك ڕێگریـت لـێ دەکـات لـە دووبـارە کردنـەوەی هەوڵەکانت، زیاتر لەوەی پێشتر کردووتە؟

....

....

....

....

" زۆرێك لەو شكستانەی لە ژیاندا تووشی دەبین هۆكارەكـەی ئەوەیە كە خەڵكی نـازانن چـەند لـە سـەركەوتن نزیـك بـوون، كاتێك وازیان لێهێناوە" تۆماس ئەدیسۆن وا دەڵـێ.. ڕای تـۆ چییە؟

....

....

....

ئازایەتی بریتیە لە کردنی ئەو کارەی کە لێ دەترسی.

ناتوانیت ئازا بیت تاوەکوو نەترسێی..

ئیدی ریکینباکر

نهێنی حەوتەم

بەرپرسیاریەتی

ئایا تۆ بەرپرسی؟!!

تۆ لەچ شتێك بەرپرسی؟!!

باوەر ناکەم کەوا زۆربەمان بیرمان لەم دوو پرسیارە کردبێتەوە، بەم شێوەیە خۆمان زۆر سەرقاڵ دەکەین بە بیرکردنەوە لە ماناکانیان.

بەرپرسیاریەتی بریتیە لەوەی ڕۆڵی خۆت لە ژیاندا بزانیت و، بە جوانی پێی هەڵسیت.

پێناسەیەکی زۆر سادەیە بەڵام لە هەمان کاتدا زۆر مەترسیداریشە.

چەند کەس لە ئێمە ڕۆڵی خۆی بە باشی دەزانیت لەژیاندا؟!

چەند کەس لە ئێمە ئەو ڕۆڵەی خۆی کە پێی زانیی بە جوانی پێی هەڵدەستێت؟!

بەرپرسیاریەتی خۆت باش بزانە.

تۆ بەرپرسیت لە خۆت و هەڵسوکەتەکانت.

تۆ بەرپرسیت لەو ماڵەی کە تێیدا دەژیت.

تۆ بەرپرسیت لە پەیوەندیەکانت لەگەڵ خەڵکی دا.

تۆ بەرپرسیت لە سەرکەوتنت لەژیاندا.

تۆ بەرپرسیت لە کارەکەت و پێشکەوتنی.

تۆ بەرپرسیت لە خێزانەکەت وخۆشبەختیان..

تۆ بەرپرسیت لە دراوسێیەکانت و پەیوەندیت لەگەڵیان دا.

تۆ بەرپرسیاریت لەو گەڕەکەی کە تێیدا دەژیت وچاودێری کردنی.

تۆ بەرپرسیاریت لە نیشتیمانەکەت و ئاسایش و هێزی نیشتیمانت.

تۆ بەپرسیاری لە هەموو مرۆڤایەتی و خۆشگوزەرانیان.

تۆ بەرپرسیاریت لە هەموو شتێك کە پەیوەندیت پێیەوە هەبێت، جا ئەم پەیوەندیە نزیك بێت یان دوور.

تۆ بەرپرسیاری یەکەم و یەکەمیت.

بۆچی دەڵێم: تۆ بەرپرسیاری یەکەمیت؟!

تاوەکو مەترسی بەرپرسیارەتی بزانیت، دڵنیابە کەسی تر نییە لە جیاتی تۆ بەو بەرپرسیاریەتییە هەڵسێت.

تاوەکو تەوەکولێکی تەواو تەوەکول لەسەر خودا بکەیت، ئینجا هۆکارەکان بگریت و بڕوایەکی تەواوت بە خودا هەبێت.

تاوەکو متمانەت بە خوا هەبێت و، متمانەت بەوە هەبێت کەوا پشتت بەرنادات، تا بە کۆششەوە کار بکەیت.

تاوەکو متمانەت بەخۆت و تواناکانت هەبێت و، توانات هەبێت لە بەدەستهێنانی گرانبەهاترین ئامانجەکانت.

تاوەکو متمانە بە کەسانی تر بکەیت، ئەوجار بە گومانێکی باش و ڕێزەوە مامەڵەیان لەگەڵ بکەیت.

تاوەکو ئامانجەکەت لە ژیاندا بەدەستبهێنیت و، هەوڵبدەیت بۆ بەدەستهێنانی.

تاوەکو کارە سەرەکیەکانت بناسیت و کات و داهاتەکانت بەباشترین شێوە بەڕێوە ببەیت.

تاوەکو کار بکەیت بێ ئەوەی چاوەڕێی کەس بکەیت کە کارەکانت لەجیات بکات.

تاوەکو دەستپێشخەری بکەیت و، خەون بە کەسانیتر نەبینیت بۆ ئەوەی دەسپێشخەری بکەن بۆ چاککردنی کارەکانت.

تاوەکو هەوڵبدەیت بۆ بەدەستهێنانی کارێك، کەوا بەهۆی تۆوە پێشبکەوێت و پێشت بێخێت. تاوەکو چاوەڕێی کارتی کەسێك نەبیت بۆ ئەوەی ڕاسپاردەت بکەن، یان یارمەتی کەسێکی باڵادەست بۆ دانانت لەشوێنێك کە تۆ سوودت بۆی هەبێت، بەڵام ئەو سوودت پێ نەگەیەنێت.

تاوەکو ویست و سووربوون و ئارمگرتن و کۆڵنەدانت هەبێت بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانت لەژیاندا.

تاوەکوو بەرپرسێك بیت کە سەرکەوتووبێت لە بەرگەگرتنی بەرپرسیاریەتەکاندا.

جا ئایا گوێت لە بەرپرسێك بووە سکاڵا بکات؟

کەسە مەزنەکان کاردەکەن و، کۆڵنادەن لە کارەکانیان و،

سکاڵا لە دۆخە ڕووخێنەرەکان و کۆسپە شکێنەرەکان ناکەن.

کەسە مەزنەکان بە کۆسپەکان سەرقاڵ نابن، تاوەکو سکاڵا لە دۆخەکان و، بەدبەختی و، دۆخە ناهەموارەکانی دژی بە خود و، سکاڵا تێکدەرەکانی تر بکەن.

کەسە مەزنەکان ئەو پەندە جێبەجێ دەکەن کە دەڵێت: نەفرەت لە تاریکی مەکە و چرایەك دابگیرسێنە.

لە جێگایەك مەگەڕێ کەوا شکستەکەتی پێ هەڵواسیت.

قورسی تاقیکردنەوەکان مەکە بە بیانوو، یان بەرزبوونەوەی نرخی وانە تایبەتەکان، ئەی ئەو قوتابیەی کە ئەو کۆنمرەی بەدەست نەهێناوە کە دەتویست.

خراپی دۆخە داراییەکان مەکە هۆکار، یان شێوازی حوکمڕانی ڕۆتینی، یان سەختی مامەڵە کردن لەگەڵ کارمەندەکان، ئەی ئەو گەنجەی کە سەرنەکەوت لە پڕۆژە بازرگانیەکەی.

"کاتێك دەرگایەك دادەخرێت، دەرگایەکی تر دەکرێتەوە، بەڵام بۆ ماوەیەکی زۆر بە داخ وپەژارەوە سەیری دەرگا داخراوەکە دەکەین و دەرگا کراوەکە نابینین"

گراهام بێڵ

سکاڵا لە تێنەگەیشتنی خەڵکی مەکە بۆ خۆت، یان هەست نەکردنیان بە هەستەکانت کە وا دەزانیت هەمیشە جیاوازە، ئەی ئەو کچەی بەرەو هاوسەرگیری دەڕۆیت.

بەو قسانە هەڵمەچوو کە باسی بەرزبوونەوەی نرخەکان دەکات، یان نرخدانەنانی دەوروبەرت بۆ هەوڵەکانت، یان

توندیەکانی بەڕێوبەرەکەت یان هاوپیشەکانت لە کاردا، یان گوێپێنەدانی منداڵەکانت ئەی باوکی خۆبەختکەر لەپێناو منداڵەکاندا.

بە دوای حەوانەوە مەگەڕێ لە سکاڵاکانت لە پشتگوێخستن لەلایەن هاوسەرەکەت، یان بێنمەکی منداڵەکان، یان هیلاکی ماندووبوون ئەی دایکی بەخێوکەری هاوسەر و منداڵەکان.

هەمووتان پەنا مەبەنە بەر سکاڵا، چونکە دەردێکە زەرەری هەیە و، هیچ سوودێك ناگەیەنێت.

تەوەکول بە خودا ببەستن.

هۆکارەکان بگرنە بەر.

متمانەتان بە خودا بکەن.

متمانە بە خۆتان بکەن.

متمانە بە کەسانی تر بکەن.

بیربکەنەوە.

پلان دابنێن.

کارە سەرەکییەکانتان ڕێکبخەن.

دەستپێشخەری بکەن.

سووربن.

ئارامبگرن.

کۆڵمەدەن.

بە بەرپرسیارەتەکانت هەڵسە لە ژیاندا.

ماوە ماوە بەخۆتان دا وەرنەوە.

ئایا لە ڕێگای بەدەستهێنانی ئامانجەکانت دا دەڕۆیت؟!

ئایا بە باشترین شێوە بە بەرپرسیاریەتەکانت هەڵدەستیت؟!

ئایا پێویستت بە کەمێك پەرەپێدان یان ڕێنوێنی کردن هەیە؟!

ئایا تۆ ڕازیت لە دۆخی ئێستات؟!

چ شتێك ڕێگریت لێ دەکات لە بەدەستهێنانی ئامانجەکانت؟

بۆچی بەو شتە نەگەیشتوویت کە دەتەوێت؟

ماوە ماوە وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەرەوە، تاوەکو دڵنیا بیت کەوا تۆ لەسەر ڕێگای ڕاستیت.

بەخۆتدا وەرەوە.

لە هەموو چرکەساتێکی ژیانتدا ئامادەبە.

هەرگیز.. ئەرکەکانت پشتگوێ مەخە گەر بینیت گرنگیش نیین.

هەرگیز.. بەرپرسیارەتەکانت پشتگوێ مەخە گەر سەرەنجامەکانشت نەزانی.

هەرگیز وەك سێ وەزیرەکە مەبە!!

سێ وەزیرەکە و میوەی پاشا

ڕۆژێك لە ڕۆژان پاشا بانگهێشتی سێ وەزیرەکەی خۆی کرد، داوایەکی سەیری لێ کردن!

داوای لە هەر وەزیرێك کرد کەوا توورەکەیەك ببەن و، بڕۆنە باخی کۆشکەکە و، توورەکەکە پڕ بکەن لە خۆشترین بەروبوومە جیاوازەکان.

داوای لێکردن کەوا داوای یارمەتی لەکەس نەکەن لەم ئەرکەدا و، بەکەسی تری نەسپێرن!

وەزیرەکان سەریان لە داواکەی پاشا سوڕما، بەڵام هیچیان لەبەر دەست نەبوو جگە لە جێبەجێکردنی فەرمانەکەی

گەرچــی ئامــانج ئــەم داوایــەش نــەزانن، چــونکە ئەمــە بەرپرسیاریەتی و کاری ئەمانە.

هــەر یــەکێکیان توورەکەکــەی خــۆی بــرد و بــەرەو باخەکــە بەڕێکەوت.

هەرچی وەزیری یەکەم بوو جەختی لەسـەر ئـەوە دەکـردەوە کـەوا پاشـا ڕازی بکـات، بۆیـە لـە هـەر میوەیـەك باشـترین و خۆشترین بەرهەمی کۆکردەوە. سەرەتا خۆشی و باشی تاقی دەکردەوە ئینجا میوەکـەی هەڵدەبـژارد تـاوەکو لـە کۆتـایی توورەکەکەی پڕ کرد.

هەرچی وەزیری دووەم بـوو ئـەوا بـاوەڕی بـەوە هـەبوو کـەوا پاشا میوەکانی ناهەوێت و پێویستی پێ نییە، لە هەمان کات لە میوەکان ناکۆڵێتەوە. بەم شێوەیە بە تەمبەڵی و گوێنەدان میوەکانی کۆکردەوە و خۆی سـەرقاڵ نـەکرد بـە هەڵبـژاردنی میوە باشەکان و، خراپەکانی بەجێبهێڵێت. هـەر چۆنێك ڕێـك کەوتبا میوەکانی کۆدەکردەوە.

بەڵام وەزیری سـێیەم بـاوەڕی نـەکرد کـەوا پاشـا گرنگـی بـە ناوەڕۆکی توورەکەکـە بـدات، جـا توورەکەکـەی بـە پـووش و پەڵاش و گژوگیا پڕکرد.

لە ڕۆژی دواتردا پاشا فەرمانی کرد کـەوا هەرسـێك وەزیرەکـە لەگەڵ توورەکەکانیان بێن.

کاتێك وەزیرەکان بە پاشا گەیشتن، فەرمانی بە سەربازەکان کرد کەوا سێ وەزیرەکە بخەنە بەندینخانەوە، هەر یەکێکیان بە تەنیا ئەو توورەکەیەی پێبێت کەوا کۆی کردبوویەوە، بۆ ماوەی سێ مانگ لە بەندینخانەیەکی دوور کەوا کەس دەستی پێ نەدەگەیشت، خواردن و خواردنەوەیان لێ قەدەغەکرا.

وەزیری یەکەم دەستی بە خواردنی ئەو میوانە کرد کەوا کۆی کردبوویەوە تا سێ مانگەکە تەواو بوو بێ ئەوەی هەست بە هیچ ماندووبوون یان برسیەتیەك بکات.

هەرچی وەزیری دووەم بوو، ئەو سێ مانگە لە تەنگانە و نارەحەت بەسەر برد، چونکە تەنها ئەو لەو میوە باشانەی دەخوارد کەوا کۆی کردبوونەوە.

بەڵام وەزیری سێیەم لە برسیەتیان مرد پێش ئەوەی مانگی یەکەم تەواو ببێت.

"هــەموو مرۆڤێــك بــە گــوێرەی هەڵســانی بــە بەرپرسیاریەتەکانی، پاداشتی وەردەگرێت! !"

چیرۆکی سوڵتان موحەممەد فاتیح

فەتح کردنی شاری (قوستەنتینیە) ئەو کارە بوو کە بیری هەموو جێنشینەکانی ئیسلامی سەرقاڵ کردبوو. هەمیشە ئەو شارە پتەوە سەرچاوەی سەرئێشە بوو بۆ ئەوان و، سەرچاوەی مەترسییەکی هەمیشەیی بۆ وڵاتی موسوڵمانان. یازدە جار موسوڵمانەکان هەوڵیان دا کەوا (قوستەنتینیە) فەتح بکەن بەڵام نەیانتوانی. پێش ئەو جارەی کە تێیدا فەتح کرا، حەوت جار لە دوو سەدەی یەکەمی ئیسلام بوون، ئەوە بوو کەوا موعاویەی کوڕی ئەبو سوفیان ئابڵوقەی دا لە سەردەمی جێنشینی ئیمامی عەلی (ڕەزای خوای لەسەر بێت) ساڵی ٣٤ ک(٦٥٤ ز)، یەزیدی کوڕی باوکی موعاویە ساڵی ٤٧ ک (٦٦٧ ز)، سوفیانی کوڕی ئەوس لە سەردەمی جێنشینی موعاویەدا ئابڵوقەی دا ساڵی ٥٢ ک(٦٧٢ ز)، لە ساڵی ٩٧ ک(٧١٥ ز) مەسلەمەی کوڕی عەبولمەلیك ئابڵوقەی دا، لە سەردەمی جێنشین عومەری کوڕی

عەبدولعەزیز (ڕەزای خوای لەسەر بێت)، لە جاری حەوتەمدا یەکێك لە سەرکردەکانی جێنشینی عەبباسی هاڕونی ڕەشید ئابلۆقەی دا ساڵی ١٨٢ کـ(٧٩٨ ز).

تا خوا تێگەیشتنی مانای بەرپرسیاریەتی بۆ پیاوێك نووسی، کە لە زیرەکی و هۆشیاری بێ وێنە بوو، تاوەکو درك بەوە بکات کە ئەم فەتح کردنە مەزنە تەنها بە سەرکردەیەکی مەزن دەکرێت!

سوڵتان موڕادی دووەم درکی بەوە کرد کەوا فەتح کردنی (قوستەنتینیە) تەنها بە خۆ ئامادەکردنی پێشوەختە دەبێت، بۆ ئەو سەرکردەی کە سەرکردایەتی سوپای فەتح کردن دەکات، جا دەستی بە ئامادەکردنی موحەممەدی کوڕی کرد بۆ ئەو کارە. ئەم ئامادەکردنە تەنها بە فێرکردنی پێشوەختەی کوڕەکەیەتی بە مانای بەرپرسیاریەتی. لەو کاتەدا موحەممەدی دووەم –فاتیح–، فەرمانڕەوای شارۆچکەی (مەگنیسیا) بوو، جا باوکی کۆمەڵێکی زۆری لە مامۆستای بۆ نارد، بەڵام شازادە گەنجەکە گوێڕایەڵی فەرمانی ئەوان نەبوو، هیچی نەخوێند، بەڵکو قورئانی پیرۆزیشی تەواو نەکرد. پاشان سوڵتان موڕادی دووەم داوای پیاوێکی کرد کەوا سام و توندیەکی هەبێت، ئەوانیش ئیمامی (کورانی)یان بۆ باس کرد، ئەوجار کردیە مامۆستای

کوڕەکەی و دارێکی پێدا تاوەکو لێی بدات گەر گوێڕایەڵی فەرمانەکانی نەبوو، بۆیە ئیمامی (کورانی) چوو بۆ لای شازادە موحەممەد. چووە ژوورەوە و دارکەی بەدەستەوە بوو، گوتی: باوکت منی ناردووە بۆ فێرکردن و گەر گوێڕایەڵی فەرمانەکان نەبوویت لێت بدەم. شازادە موحەممەد بەو قسانە پێکەنی، بۆیە ئیمامی کورانی هەر لەو دانیشتنەدا زۆر بە توندی لێی دا، تاوەکو شازادە لێی ترسا و پابەندی فەرمانەکانی مامۆستاکەی بوو. قورئانی لە ماویەکی کورتدا تەواو کرد. ئەوە پەروەردەکردنی دروست بوو.

ڕۆڵی مامۆستایەکی تر بەدیار کەوت تاوەکو ماناکانی بەپرسیاریەتی لە دەروونی موحەممەد دا بچەقێنێت، ئەویش شێخ (ئاق شەمسەدین) بوو، لە بنیاتنانی کەسایەتی موحەممەدی فاتیح ڕۆلی گەورەی هەبوو، هەر لە بچووکیەوە دوو شتی لە دەروونیدا چەسپاند کە لەو پەڕی گرنگیدان، ئەوانیش گرنگیدانی زۆر بە جیهادی عوسمانی بۆ بڵاوکردنەوەی و هەڵسان بە بەرپرسیاریەتەکەی لە پاڵپشتی کردنی گەلە چەوساوەکان و، کاری دووەم کە مەزنترین کار بوو کەوا ئاق شەمسەدین کردی لە کاریگەریکردن لەسەر موحەممەدی فاتیح ئەویش بریتی بوو لەوەی هەر لە بچووکیەوە ئیلهامی پێ دەخەشی کەوا ئەو ئەو شازادەیەیە

کە لە فەرموودەی پێغەمبەری ئازیز (سەلامی خودای لەسەر بێت) هاتووە، کە دەفەرمووێت :(قوستەنتینیە فەتح دەکرێت و، باشترین فەرمانڕەوا ئەو فەرمانڕەوایەیە و باشترین سوپا ئەو سوپایەیە) بۆیە فاتیح تەماحی کردبوو، کەوا ئەم فەرموودەی بەسەردا جێبەجێ ببێت.

سوڵتان موحەممەدی فاتیح ماندووبوونە جۆراوجۆرەکانی تەرخان کرد بۆ پلاندانان و ڕێکخستنی فەتح کردنی (قوستەنتینیە)، ماندووبوونێکی زۆری تەرخان کرد لە بەهێزکردنی سوپای عوسمانی لە بەهێزکردنی مرۆیی تا ژمارەیان گەیشتە نزیکەی چارەکە ملیۆنێك لە موجاهیدان و، ئەمەش ژمارەیەکی گەورەیە بە بەراوردکردنی سوپای دەوڵاتانی تر لەو سەردەمەدا، هەروەك بەتایبەتی چاودێری ڕاهێنانی ئەو کۆمەڵانەی دەکرد لەسەر هونەرەکانی شەڕکردنە جیاوازەکان و، بە چەکە جیاوازەکان کە ئامادەیان دەکات بۆ ئۆپەڕاسیۆنی جیهادی چاوەڕوانکراو، لە هەمان کات فاتیح چاودێری ئەوەی دەکرد کە بە ئامادەکردنێکی مەعنەوی بەهێز ئامادەیان بکات و ڕووحی جیهادکردنی تێدا چەقاندن. هەستکردن بە بەرپرسیاریەتی تێدا بڵاو کردنەوە، بەم شێوەیە هەر سەربازێك هەستی بەوە دەکرد کەوا لە هەموو ئومەتەکە بەرپرسە، ڕۆڵەکەی هەرچەندیش بێت لە

سـوپاکەدا، چـونکە ئـەوە ڕۆڵێکـی مەترسـیدارە و، هـەموو سوپاکە پشتی پێ دەبەستن. سوڵتان باسـی سـتایش کردنـی حەزرەتی پێغەمبەری دەکرد (سەلامی خوای لەسەر بێت) بـۆ ئەو سوپایەی کە (قوستەنتینیە) فەتح دەکات، بەڵکو ئەوان سوپای مەبەست بن. ئەوە هێزێکی مەعنەوی و ئازایەتییـەکی بێهاوتای پێ بەخشین، هەروەك بڵاو بوونەوەی زانایان لە نـاو سـوپاکەدا جێدەسـتێکی گـەورەی هـەبوو لـە بـەهێزکردنی ویستی سەربازەکان و، بەستنەوەیان بە جیهـادی ڕاسـتەقینە بەپ ێی فەرمانەکانی خودا.

ئامادەکاریەکانی موحەممەدی فاتیح:

سـوڵتان موحەممـەدی فـاتیح بـیری لـە فـەتح کردنـی قوسـتەنتینیە دەکـرد و، پلانـی دادەنـا بـۆ کارێـك کـەوا ئـەم ئامـانج و ئاواتـە بەدەسـت بهێنێـت، ئـەوجار بیرۆکـەی فـەتح کردن دەستی بەسەر مێشـك و ئەندامـەکانی سـوڵتان داگـرت، تـەنیا قسـەی لـەبارەی فەتحـەوە دەکـرد و مۆڵـەتی بەکـەس نەدەدا لە دانیشتنەکەی باسی جگە لە فەتح کردنەکـە بکـات، کە دڵ و عەقڵی داگیر کرد بوو، نووستنی ئارامی لـێ قەدەغـە کرد بوو.

قەدەر وا ڕێککـەوت کـەوا ئەنـدازیارێکی مەجـەری (ئـەورووپای

ڕۆژهەڵات) بە ناوی (ئۆربان) هاتە لای، پێشنیاری ئەوەی بۆ سوڵتان کرد کەوا تۆپێکی گەورەی بۆ دروستبکات کەوا گوللەتۆپی زۆر گەورە فڕێ بدات کەوا بەش بکات بۆ ڕووخاندنی شوورەکانی (قوستەنتینیە)، سوڵتانیش بەخێرهاتنی لێ کرد و فەرمانی کرد بەوەی هەر کەرەستەیەکی پێویست ئەوا پێی بدەن، سێ مانگ تێنەپەڕی (ئۆربان) توانی تۆپێکی مەزن دروست بکات، کەوا پێشتر نەبینرابوو، چونکە کێشەکەی ٧٠٠ تەن بوو، کێشی هەر گوولەتۆپێکی ١٢ هەزار ڕەتڵ بوو (واتە ٣٠ هەزار کیلۆگرام)، وڕاکێشانی پێویستی بە ١٠٠ گا بوو بە یارمەتی ١٠٠ پیاو، ولە کاتی تاقیکردنەوەی گولەتۆپێك لە دووری میلێك دەکەوت، لە دووری ١٣ میل دەنگەکەی دەبیسترا، ئەم تۆپە کە بە تۆپی سوڵتانی ناوبرا بە دوو مانگ لە ئەدەنە گەیشتە بەردەم شوورەکانی (قوستنەتینیە).

دەستپێکردنی ئابڵوقە:

سوڵتانی عوسمانی لەگەڵ سوپا گەورەکەی گەیشتە بەردەم شووره ڕۆژئاواییەکانی (قوستەنتینیە) کە بە کیشوەری ئەوروپا بەسترابوەوە و،چادرگاکەی ناوەندی سەرکردایەتی بەرانبەر دەرگای قەشە (ڕۆمانیۆس) هەڵدا. تۆپە بەهێزە دوور هاوێژەکان جێگیر بوون. پاشان سوڵتان ڕویکردە قیبلە و دوو

ڕکات نوێـژی کـرد. لەگەڵیـدا هـەموو سـوپاکە نوێـژیان کـرد. ئینجـا ئابڵۆقەکـە دەسـتی پێکـرد و هێزەکـان دابـەش بـوون، ئینجا هێزە ئەنادۆڵیەکانی لـەلای ڕاسـتیەوە دانـا تـا دەریـای مەرمەرەی کە زۆرتـرین هێـز بـوون لـە ڕووی ژمـارەوە، هێـزە ئەوروپیـەکانی لـەلای چـەپی دانـا تـا دەگاتـە القـرن الـزهبی (قۆچی زێڕین)، هەروەها پاسـەوانی سـوڵتانی کـە کۆمـەڵێکی تایبەتی سەربازی ئینکشاری لەخۆ دەگرت، ژمارەیان نزیکەی ١٥ هەزار سەرباز دەبوو لە ناوەڕاست دانا.

کەشتیگەلی عوسمانی کە ٣٥٠ کەشتی لەخۆ دەگرت لە شاری (گـالیبۆلی) بەڕێکـەوت کـە بنکـەی دەریـایی عوسمـانی بـوو لەوکاتـەدا، لـە دەریـای مەرمـەرەی پەڕیـەوە بـۆ بۆسـفۆر و لەنگەرەکانی لەوێ جێگیرکرد، بەم شێوەیە (قوستەنتینیە) لە وشکانی و ئاویدا بە هێزێکی چڕ دەورەردا کـە دەگەیشـتە ٢٦٥ هەزار سەرباز. هیچ کاتێك بەم شێوەیە لە ڕووی ژمارە و چەکەوە دەورە نەدرابوو، ئینجا ئابڵوقەی ڕاستەقینە دەسـتی پێکرد. سوڵتان داوای لە ئیمپڕاتـۆڕ (قوسـتەنتین) کـرد کـەوا شـارەکەی بداتـە دەسـتەوە و، پـەیمانی دا کـەوا ڕێـز لـە دانیشـتوانەکانی بگرێـت و گیـان و بیروبـاوەڕ و موڵکـەکانیان بپارێزێـت، بـەڵام ئیمپڕاتـۆڕ ڕەتـی کـردەوە، کـە پشـتی بـە شووره پتەوەکانی شارەکە و یارمەتی دەوڵەتە نەسڕانییەکان

(کریستیانەکان) بەستبوو.

گەرمبوونی جەنگەکە:

پاش ئەوەی سوڵتان هەستی بە ڕێکخستنی دۆخی هێزەکانی کرد بەرانبەر شوورەکانی (قوستەنتینیە) تۆپە عوسمانیەکان دەستیان بە تەقاندنی گوللەتۆپەکانیان کرد بەسەر شوورەکان بە شەو و ڕۆژ کە ڕانەدەوەستا، دەنگی پێکەوتنی گوللەتۆپەکان بە شوورەکان دڵی خەڵکی شارەکەی پڕ ترس و تۆقین کردبوو، هەر کە بەشێکی شوورەکە دەڕوخا بەرگریکارەکانی شارەکە ڕاستەوخۆ چاکیاندەکردەوە. دۆخەکە بەم شێوەیە مایەوە. هێرشێکی سەرکێش لەلایەن عوسمانەکان و، بەرگیەکی جەرەبەزانە کە بەرگیرکارەکان دەیانکرد، بەسەرکردایەتی (جۆن جستنیان)، و ئیمپراتۆری بیزەنتی.

لەو کاتەی کە هێرشی عوسمانیەکان لەلای وشکانی توندتر دەبوو، هەندێك کەشتی عوسمانی هەوڵیان دا کەوا زنجیرەی بەندەری القرن الزهبی بڕوخێنن و بەسەریان دابەن، بەڵام کەشتیە بیزەنتی و ئیتاڵیەکان کە پاسەوانیان دەکرد، لە پشت زنجیرەکە وەستابوون توانیان دژی هێرشی عوسمانیەکان بوەستن. تۆپەکانی تێدەگرتن و ناچاری کردن

بکشێنەوە.

سوڵتان پلانێکی سەرکەوتووی دۆزیەوە ئەویش بریتی بوو لەوەی بەشێك لە کەشتیگەلەکەی لە ڕێگای وشکانیەوە لە ناوچەی گەڵەتە بۆ ناو خەلیج بگوازێتەوە، بەوەش خۆی لە زنجیرەکە لادەدات، ئەندازیارەکان ڕاستەوخۆ پلانێکیان دانا و دەست بەو کارە کرا، کاتێك تاریکی باڵی بەسەردا کێشان کۆمەڵێکی زۆر لە کارکەرەکان کاریان لەسەر خۆشکردنی ئەو ڕێگایانە دەرکرد کە هەندێك بەرزایی کێشەی بۆ دروستکردبوون، بە تەختەداری زا کە بە ڕۆن و بەز چەور کرابوون، لەیەك شەودا عوسمانیەکان توانیان حەفتا کەشتی بگوازنەوە کە چارۆگەیان دادرابوەوە کە ئێستر و پیاوە توند و بەهێزەکان ڕایان دەکێشا.

تۆپە عوسمانیەکان بەردەوام بوون لەسەر بۆردومانکردن تا بیزەنتیەکان لە گواستنەوەی کەشتیەکان سەرقاڵ بکەن، بەیانی نەکردبوەوە کە کەشتیە عوسمانیەکان دەستیان بە دەف و دۆڵ لێدان کرد و کارێکی زۆر سەرسوڕهێنەر بوو بۆ خەڵکی شارەکە.

لەدوای گواستنەوەی کەشتیەکان موحەممەد پاشا فەرمانی کرد کەوا پردێکی گەورە لەناو بەندەرەکەدا دروست بکرێت، پانیەکەی پەنجا پێ بێت و، درێژیەکەی سەد پێ بێت، ئینجا

تۆپەکانی لەسەر ڕیز کران و، کەشتیە گواستراوەکان بە شەڕکەر و پەیژە پاڵپشتی کران، ئینجا بۆ لای نزکترین شوێن لە شوورەکان چوونە پێش، بیزەنتیەکان بەشەو هەوڵیان دا کەشتی عوسمانیەکان بسوتێنن، بەڵام عوسمانیەکان بەم پلانەیان زانی و شکستیان پێ هێنا. ئەم کردارە زۆر دووبارە بوەوە و هەموو جارێك سەرەنجامەکەی شکستهێنان بوو.

هێرشە گشتگیرەکە وکەوتنی شارەکە:

ئابلۆقەکە بە لەسەرخۆیی و ماندووبوونەوە بەردەوام بوو، عوسمانیەکان بەردەوام بوون لە بۆردومان کردنی شوورەکان بێ چاوپۆشین، خەڵکی شارە ئابلۆقەدراوەکەش لە کەمی تفاق دەیانناڵان، لە هەر ڕۆژێك چاوەڕێی کەوتنی شارەکەیان دەکرد، بەتایبەتی کە عوسمانیەکان نەدەواستن لە دووبارەکردنەوەی هەوڵە ئازایەکانیان لە هێرشکردنە سەر شارەکە، کە جوانترین نموونەی بەرگری و جێگیربوونیان نیشان دەدا، سوڵتانی عوسمانی هەر جارە بە پلانێکی نوێ سەری دوژمنەکانی دەسوڕماند، بەڵکو دووچاری خۆدانە دەست یان ئاشتی ببن، بەڵام هەر قایل نەدەبوون، هیچ شتێك لەبەردەم سوڵتان نەما جگە لە بەردەوامی لە شەڕکردن بە هەموو ئەو هێزەی هەیبوو.

لە بەرەبەیانی ڕۆژی سێشەم (٢٠ جمادای یەکەمی ٨٥٧ك =

مـایۆی ١٤٥٣ز)، کاتێـك سـوڵتان ئامادەکـاری کۆتـایی کـرد، هێزەکانی دابەش کرد نزیکەی ١٠٠ هەزار شەڕکەری لەبەردەم دەرگـای زێـڕین دانـا، لـە لای چـەپەوە ٥٠ هـەزاری دانـا و، سوڵتان خـۆی لـە ناوجەرگـەدا لەگـەڵ هێـزە ئینکیشـاریەکان سـەنگەری بەسـت، لـە بەندەرەکـەدا ٧٠ کەشـتی وەسـتان. هێرشەکە لـە وشـکانی و دەریـایی دەسـتی پێکـرد و، ئـاگری شـەڕەکە گـەرمتر بـوو و، دەنگـی بۆردومـانکردنی تۆپـەکان دەگەیشـتە ئاسمـان. تـرس وتـۆقینی دەخسـتە دڵەکانـەوە، تەکبیرەکانی سەربازەکان ناوچەکەی دەخستە دەلەرزاندەوە، دەنگدانــەوەی لـــە دووری چـــەند میلێکـــەوە دەبیســـترا. بەرگریکارەکانی شارەکە هـەموو تواناکانیـان خسـتە گـەڕ بـۆ بەرگری کردن لە شارەکە، چەند کاتژمێرێکی پێنەچوو کەندە گەورەکـەی دەکەوتـە بـەردەم شـوورەی دەرەوە پـڕ بـوو لـە هەزاران کوژراو، سێ کاتژمێری بەسەر هێرشەکە تێنەپەڕی تا شارە پتەو و نازدارەکە لەژێر پێی فەتح کەرەکان بێت.

موحەممەدی فاتیح لە شارەکە:

کاتێك موحەممەدی فاتیح بە سەرکەوتنەوە چووە شـارەکەوە لە ئەسپەکەی هاتە خوارەوە و، سوجدەی بۆ پەروەردگار برد وەك سوپاسـگوزاریەك بـۆ ئـەم سـەرکەوتنەی، پاشـان ڕووی

کردە کڵێسای (ئایا سۆفیا) کە خەڵك و قەشە بیزەنتیەکانی تێدا کۆبوبوونەوە، ئەمانی پێدان و، فەرمانی کرد بە دروستکردنی مزگەوتێك لەسەر گۆڕی هاوەڵی بەڕێز (ئەبو ئەیوبی ئەنساڕی)، کە لە ڕیزی یەکەم هێرش بوو بۆ فەتح کردنی شارەکە.

ئەو پیاوە بەرپرسیاریەتیەکەی زانی، پاش ئەوەی لە منداڵیەوە تێیدا چەقێنرا بوو، ئەستەم بوونی ئەو کارەی بە بەهانە نەدەهێناوە کە لێی داواکرابوو، گەر واشی کردبا کەس سەرزەنشتی نەدەکرد، بەڵام بە بەرپرسیاریەتەکەی هەڵسا و، بڕیارەکەی خۆی دا، ئەم بەرپرسیاریەتەی لە دەروونی ئەوانەی دەوروبەری بڵاو کردەوە، جا مێژوو ناوەکەی بە نەمری هێشتەوە.

جا تۆ لەکوێی هەستان بە بەرپرسیاریەتەکەتیت؟

هەموو رۆژێك ئەم پرسیارە لە خۆت بکەوە: **"ئایا من بەرپرسم؟"**

خۆت بناسە

کەی بڕیارێك دەدەیت بە دواخستنی کارەکەت بـۆ وەرگرتنـی بڕێك حەوانەوە؟

....

....

ئایا وا بیردەکەیتەوە کە کەمتەرخەم بیت لە کارەکەت؟

بەڵێ نەخێر نازانم

تایبەتمەندیەکانت چین؟

....

....

کەموکوڕیەکانت چین؟

....

....

چۆن خۆتیان لێ ڕزگار دەکەیت؟

....

....

کۆتایی

بە تەوەکولێکی ڕاستەقینە تەوەکول لەسەر خودا بکە، جا هۆکارەکان بە ئیمانێکی تەواوەوە بگرە بەر.

متمانەت بە خودا هەبێت کەوا هەرگیز بەجێت ناهێڵێت تا بە تێکۆشانەوە کار بکەیت.

متمانەت بە خۆت و تواناکانت هەبێت، توانایەك لە بەدەستهێنانی گرانبەهاترین ئامانجەکانت.

متمانەت بە خەڵکی هەبێت، ئەوجار بە گومانێکی باش و ڕێزەوە مامەڵەیان لەگەڵ بکە. ئامانجەکەت لە ژیاندا دیاری بکە، هەوڵ بدە بۆ بەدەستهێنانی.

کارە سەرەکیەکانت بزانە و کات و بەرهەمەکانت بە باشترین شێوە بەڕێوە ببە.

کار بکە بێ ئەوەی چاوەڕێی کەسێك بکەیت لە جیاتی تۆ کار بکات.

دەستپێشخەر بە بێ ئەوەی خەون بە کەسانی ترەوە ببینیت کەوا دەستپێشخەری بکەن بۆ چاککردنەوەی دۆخەکانت.

هەوڵ بدە بۆ دەستکەوتنی کارێك کەوا پەرەی پێ بدەی و پەرەت پێ بدات، چاوەڕێی کارتێك مەبە بۆ ڕاسپاردنت بە کەسانی ترەوە، یان ڕوولێنەریەك بۆ دانانت لە جێگایەك نە سوودی بۆت هەبێت و نەسوودت بۆی هەبێت.

با ویست و سووربوون و ئارامگرتن و کۆڵنەدانت هەبێت بۆ

بەدەستهێنانی ئامانجەکانی ژیانت.

بەرپرسێکی سەرکەوتوو بە لە بەرگەگرتنی بەرپرسیاریەتەکانت.

ئۆساکا – یابان

	ناوی کتێب	ناوی نووسەر
	فێربوونی ئینگلیزی کوردی	
	فەرهەنگی قانونی	
	فەرهەنگی ئینگلیزی کوردی	
	خۆم نا دڵم وا ئەڵێ	نەبەز گۆران
	نامەکان	نەبەز گۆران
	مانگەشەو/ شیعر	نەبەز گۆران
	مانگەشەو/ رۆمان	نەبەز گۆران
	شیعرەکانی نزار قەبانی/غادەسەمان	نەبەز گۆران
	دیوانەیەك لەم شارە/ رۆمان	نەبەز گۆران
	ماڵی یارە توانا ئەمن/ شیعر	سوهراب
	دژە مەسح/ فریدریك نیچە	و/ رێبین رەسول ئیسماعیل
	ئەوەیە مرۆڤ/ فریدریك نیچە	و/ رێبین رەسول ئیسماعیل
	ئاوابوونی بتەکان/ فریدریك نیچە	و/ رێبین رەسول ئیسماعیل

	دەرمانخانەی ئەفلاتۆن/ جاك دریك	و/ ڕێبین ڕەسول ئیسماعیل
	ڕینی دیكارت/سێ تێكستی فەلسەفە	و/ د.حەمید عەزیز
	گوێرەكە/ مۆیان	و/ ئاری هاشم
	دیدەنی كچێكی سەدلەسەد دڵخواز/ هاروكی مۆراكامی	و/ ئاری هاشم
	مێری دەرسم	عەزیز مەلا ڕەش
	فەرهەنگی قانوونی	محمد وەسمان
	حەمۆكی/ لویس ولبرت	و/ كەمال قادر
	سایكۆلۆژیای منداڵ	كەمال فاروق نەسرەدین
	زانستی سزا/ محمد شلال	و/ كاروان ئەنوەر مەسیفی
	فەلسەفەی مردن/ ك.ل عەبدوك	و/ ئارام ئەمین شوانی
	توانەوە/ عەباسی مەعروفی	و/ ئاری هاشم
	مێژووی یاسا/ منذر فضل	و/ هێمن ئەمین شوانی
	بنەمای تاوان ناسی/ د. محمد شلال	و/ هێمن ئەمین شوانی
	یاسای نێودەوڵەتی گشتی/ د. عصام عطیة	و/ هێمن ئەمین شوانی

	پیاوانی بەیانی/ مەنسوری یاقوتی	و/ عەزیز گەردی
	لەگەڵ منداڵانی گوندەکەماندا/ مەنسوری یاقوتی	و/ عەزیز گەردی
	ماینی چل جوانوو/ مەنسوری یاقوتی	و/ عەزیز گەردی
	دیاردەگەرایی و رەخنەی ئەدەبی/ مەنسوری یاقوتی	د. یادگار لەتیف
	کۆمەڵناسی دانیشتوان	عبدالمجید غفور ابراهیم
	نووسینی تۆژینەوەی	د. محەمەد شوانی
	فەلسەفە لە سەردەمی تراژیدیای گریکدا / فریدریك نیچە	و/ رێبین رەسول ئیسماعیل
	فەلسەفەو ئیمان / لەنێوان هێگل و کیرکیگارددا	و/ رێبین رەسول ئیسماعیل
	ئەودیوی خێرو شەڕ/ فردریك نیچە	ڕێبین ڕەسول ئیسماعیل
	زانستی شاد / فریدریك نیچە	ڕێبین ڕەسول ئیسماعیل
	کچێکی ئاسایی/ ئارسەر میللەر	موکەڕەم ڕەشید تاڵەبانی
	حیکمەتیی ژیان/ شۆپێنهاوەر	ئارام ئەمین شوانی
	دیوار/ ژان پۆل سارتەر	ئاری هاشم

	ڕۆژێك بەر لە بەختەوەری/ئێری دی لوکا	ئەحمەد محمد اسماعیل
	نیچە/ ژیل دۆلوز	و/ ڕێبین رەسول ئیسماعیل
	هێگل و فەلسەفەی ئایین	و/ ڕێبین رەسول ئیسماعیل
	ژیل دۆلوز و پرسیاری فەلسەفە	و/ ڕێبین رەسول ئیسماعیل
	کەرێك لەسەر چیادا/ عەبدولسەتار ناسر	و/ ئازاد هاشم
	پەنجەرەکان	ئەحمەد محمد اسماعیل
	لێزانەکەی ئەستەنبۆڵ/مایکل دیڤید لوکاس	ئەحمەد محمد اسماعیل
	کەیسی ڤاگنەر/ فریدریش نیچە	ڕێبین ڕەسوڵ ئیسماعیل
	نیچە دژی ڤاگنەر، بەڵگەنامەکانی دەروونزانێك	ڕێبین ڕەسوڵ ئیسماعیل
	لە دایك بوونی تراژیدیا/ فریدریش نیچە	ڕێبین ڕەسوڵ ئیسماعیل
	سایکۆلۆژیای عەقڵی کوردی	محەممەد تەها حوسێن

	پێڵاوەکانت دانێ	ئارام ئەمین شوانی
	شۆپنهاوەر وەك پەروەردکارێك	ڕێبین ڕەسوڵ ئیسماعیل
	ڕۆشنگەری و شۆڕش لەلای کانت	ڕێبین ڕەسوڵ ئیسماعیل
	ئاڕاستەی عەقلانی بۆ تەفسیر	سەرمەد ئەحمەد
	کتێبی حەوت مەجلیس	مەولانای ڕۆمی
	کوردۆلۆژی	پێشڕەو عەبدوڵڵا
	زانستیە سیاسییەکان	ڕێبین ڕەسول& موحسین ئەدیب
	سێوە سەوزەکان	و/ ئەحمەد محەممەد ئیسماعیل
	جەستە. دەروون. عەقڵ	پێشڕەو عەبدوڵڵا
	باڵندەکانیش کۆچیان کرد	و/ احمد محمد اسماعیل
	سیستەمی سیاسی	ڕێبین ڕەسوڵ ئیسماعیل
	بەدەستهێنانی بەختەوەری	و/ئارام شوانی
	ئاسمانیکی رەش لە جەستەی سپی ئافرەتاندا	هەرێم هەژان
	لە دەقەوە بۆ تەسەووف	و/ عەبدولڕەحمان بێلاف بەرزنجی
	شەمسی تەبریزی	و/ عەبدولڕەحمان بێلاف

		بەرزنجی
	چەند بابەتێکی زانستی تەسەووف	و/ عەبدولڕەحمان بێلاف بەرزنجی
	ژیان و وێستگەی بایەزیدی بەستامی	و/ عەبدولڕەحمان بێلاف بەرزنجی
	کۆمەڵناسی کوردەواری	ستار باقی کەریم
	حیکمەتی چینی/ کۆنفوشیوس	و/ عبدالكريم فتاح
	سیاحەتنامە	و/ مەحموود عومەر باوزی
	حیکایەتە فەلسەفییەکان	و/ ڕێکان تەحسن ساڵەیی
	کۆماری مریەم	م/زانیار عەلی
	بیرەوەرییەکانی سەگێکی عێراقی	و/ ئازاد هاشم
	سەربووردەی دایك	و/ کاوەفاتیحی
	تاتارخەندان	و/خالید فاتیحی
	٧ ڕێگا بۆ بەدەستهێنانی سەرکەوتن	و/ زامدار قادری